# کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی

بەرگی حەوتەم

# کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی

## بەرگی حەوتەم

محەمەد عەلی قەرەداغی
ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

محەمەد عەلی قەرەداغی
کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی – بەرگی حەوتەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٧٤
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٠١٢ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ڕۆشنا ڕەشاد
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: ڕۆشنا ڕەشاد
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

پێشکەشە

بەگیانی پاکی ئەو سەربازە نەناسراوەی مەیدانی کۆکردنەوەی سامانی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، کە بەبێ هەرا و هوریا ژیا و، بەبێدەنگی ماڵئاواییی لە جیهان و گەلی کورد – ئەو گەلەی کە قەرزاری ئەم سەربازە و وێنەکانیەتی– کرد و، لەوانە بوو سامانەکەیشی وەك خۆی بەبێدەنگی و بێ خەمخۆر سەربنێتەوە:



مام ڕەشید هەمەوەندی



| | |
|---|---|
| الاسم والشهرة | رشيد |
| تاريخ ومحل الولادة | |
| اسم الاب والجد | |
| اسم الام والجد | |
| الدين | |
| المهنة وهل يقرأ أو يكتب | |
| هل متزوج وكم زوج او زوجات | |
| لون العين | |
| لون الوجه | |
| العلامات الفارقة الثابتة | |

| اللواء | القضاء | الناحية | المحلة او القرية | رقم المسكن | نوع المسكن |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

حوادث تغيير المسكن

حوادث الطلاق والنكاح والافتراق

اسم الموظف

وێنەی دەفتەر نفووسی ڕەشید هەمەوەند

# وێنەی دەستخەتەکان



٦٩

دریای محیط چرخ اطلس — یک حرف نباشد از کتابی

خالد چه زند دم از صفاتش

حقا که چو بنده زار و دحی بی

خالد بیا و عزم سفر زین مقام کن — بر روضهٔ رضا به لب جان سلام کن

از گفتگوی عام روافض دلم گرفت — بر بند بار قطع سخنهای خام کن

بدعت سرای طوس نه جای اقامت است — برخیز و روی دل به دیار جام کن

از خاک قندهار و هرات تیز درگذر — مقصود دل چو خاص بود ترک عام کن

در شام گفته‌اند که از کار روا شد — کن ... صبح راه بره بند و شام کن

خود را به جای پای غلام علی فکن — محو هوای روضهٔ دار السلام کن

در کار خواجه حیف به عمرت به بار رفت — خود را به دین ... آن شه غلام کن

خالد چو هیچکس به سخن مرد ره نشد

بگذر ز هر چه هست سخن را تمام کن

ای از گل رخسارت خون خورده گل ... — با قد تو تا یک مو فرقی نبود یک مو

این شمع شب تار است یا پرتو رخسارت — این نافهٔ تاتار است یا دانهٔ گیسو

برجیس مقابل شد با ماه جهان آرا — یا هو سر رخ جانان مقرون به خم ابرو

نموونە لە دەستخەتی ژمارە ١



نموونە لە دەستخەتی ژمارە ١



به راه دیده آن غوث قیوم سعید عروة الوثقی معصوم

بشیخ عبدالاحد آن نجم ثاقب محمد عابد والا مناقب

بسیف الدین سید نور محمد بشمس الدین حبیب الله ارشد

نموونە لە دەستخەتی ژمارە ١



کۆتایی دەستخەتی ژمارە ١



نموونە لە دەستخەتی ژمارە ٢



نموونە لە دەستخەتی ژمارە ٢



نموونە لە دەستخەتی ژمارە ٢



نموونە لە دەستخەتی ژمارە ٣



نموونە لە دەستخەتی ژمارە ٣



نموونه له ده‌ستخه‌تی ژماره ٥



نموونه له كه‌شكۆڵی عه‌بدولكه‌ریم ژماره ٥



نموونە لە دەستخەتی ژمارە ٥

کەشکۆڵی عەبدولکەریم



نموونە لە کەشکۆڵی عەبدولکەریم ژمارە ٥



نموونە لە دەستخەتی دیوانی رەنجووری



نموونەی لە دەستخەتی دیوانی رەنجووری



نموونەی دەستخەتی دیوانی ڕەنجووری



نموونە لە دەستخەتی دیوانی رەنجووری

# سەرەتایەك

لە ساڵەکانی ١٩٨٠ی سەدەی ڕابوردوودا ڕێگەم کەوتە کتێبخانەی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا سەعیدی زمناکۆیی (ئەو کاتە کتێبخانەکەی لە شەقامی کاوەدا بوو) دوای دانیشتن و کەمێ قسەکردن چاوم گێڕا لەسەر ڕەفەیەك سێ دەستخەتم بینی کە تەماشایانم کرد بینیم کوردین. لەسەر نرخێك ڕێکەکەوتین و هەرسێکیانم لە تەك خۆمدا برد. دوای ماوەیەك لە کۆواری (نووسەری کورد)دا وتارێکم لەسەر نووسین[١]. ئیتر لەو کاتەوە دامناون.

لەم ماوەدا بۆنەیەك هاتە پێشەوە پێویست بەوە بوو بگەڕێمەوە[٢] بۆ لای ئەو دەستخەتانە. ئەمجارە زیاتر بەشێنەیی سەرنجیانم دا و لە ناوەرۆکیان کۆڵیمەوە و هەڵم سەنگاندن و پێویست بوو زیاتر لە نووسەرەوە و کات و شوێنی نووسینەوەیان و شتگەلی دی لەبارەیانەوە شارەزا ببم. یەکێك لەو لایەنانەی دەبوو شتێکی لێ بزانم نووسەرەوەی دەستخەتەکان بوو، کە لە کۆتاییانەوە نووسرابوو (ڕەشید هەمەوەند) نووسیونییەوە.

بەڵێ کەوتمە پرسیار و گەڕان بەشوێنی مێژووی ژیانی ئەم پیاوەدا، ئەنجام گەیشتمە ئەوە ئەم پیاوەیش سەربازێك و تێکۆشەرێکی سەر ڕێگەی کاروانی ڕۆشنبیریی کوردی و، ناو ونبوویەکی بواری کۆکردنەوەی سامانی کەلەپووری کوردییە و، نەجمەدین مەلایەك بووە بۆ خۆی، بەلام بەهۆی گەڕان و دێبەدێیو ئەملا و لای زۆریەوە و، بەبۆنەی ئەوەوە لە شوێنێکدا نیشتەجێ نەبووە، بەرهەمەکانی نەناسراون و ڕێگەی ناو کۆوار و ڕۆژنامە و چاپخانەیان نەدیوە.

وام بەباش زانی ئەم سەربازە گومناوەی کەلەپووری کوردی بە مێژووی زانایان و ناودارانی کورد بناسێنم.

---

(١) بڕوانە: ژمارە (٣)ی کۆواری نووسەری کورد، ساڵی ١٩٨٥، (سەربازێکی نەناسراو و سێ دەسنووس).

(٢) کە بانگهێشت کرام بۆ (یەکەمین کۆڕی نێونەتەوەیی وێژەی کوردی) لە شاری سنە داوایان لێ کردم لەسەر دەستخەتی کوردی شتێك بنووسم. دوای سەرنجدانی چەند دانەیەك لە دەستخەتەکانی کتێبخانەکەی خۆم، ئەوەم لەلا گەڵاڵە بوو کە بەشی بابەتێکم لەسەر شانامەی کوردی لە کتێبخانەکەمدا دەستخەتی کوردی هەیە. بۆیە ناونیشانی بابەتەکەم نا (دەستخەتەکانی شانامەی کوردی لە کتێبخانەکەمدا). بەشێکی ئەو دەستخەتانەیش ڕەنجی مام ڕەشید هەمەوەند بوون کە دەمەوێ لێرەدا لایەکی لێ بکەمەوە.

## ڕەشید هەمەوەند کێیە؟

کە ساڵی ١٣٢٠ک. ١٨٨٧ز. بڕیاری ئاوارەکردن و دابەشکردنی هەمەوەندەکان بەسەر ناوچە دوورەکانی ئەفریقیا و شوێنانی تردا دەدرێت و بەشێکیان بۆ (بن غازی و تەرابلوس) دوور دەخرێنەوە،[١] یەکێك لەو دوورخراوانە ئەحمەدی باوکی ڕەشید هەمەوەند دەبێت کە بەخێزانەوە لە تەك هەمەوەندەکانی تردا بەر لیبیا کەوتوون. ڕەشید هەمەوەند لە لیبیا لەدایك دەبێ[٢].

لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم دوای گەڕانی زۆر بە سەرچاوەکاندا تەنیا ئەوەندەم دی لەسەر ژیانی نووسرابێت کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لە پەراوێزێکی کورتی بچووکدا لە پەراوێزەکانی پێشەکیی دیوانی فەقێ قادری هەمەوەند لەسەری نووسیوە.[٣] ئەوەیش بۆ ژیانی پیاوێکی وەها شتێك نییە جێگەی باس بێت.

بۆیە باشترین سەرچاوە بۆ ژیانی ئەم پیاوە پاشماوەی شوێنەوارەکانی بوو کە کاك جیهانگیری [٤] کوڕی عەزیزی کوڕی مام ڕەشید بۆی هێنام.

### ساڵی لەدایکبوونی:

بۆ ساڵی لەدایکبوونی مام ڕەشید دوو دەفتەری نفووسی لە ناو شوێنەوارەکانیدا ماون:

یەکەمیان: مێژووی ساڵی ١٩٤٣ی پێوەیە و ناڵێ دەفتەری نفووسی چ ساڵێکە، لەم دەفتەر نفووسەدا ساڵی ١٨٩٨بۆ لەدایکبوونی دانراوە. مێژووی دەرهێنانی دەفتەرەکە ١٩٤٣/٣/١٤ـە.

دووەمیان: دەفتەر نفووسی سەرژمێریی گشتیی ساڵی (١٩٤٧)ە، لەمەیاندا ساڵی ١٩٠٧بۆ مێژووی لەدایکبوونی دیاری کراوە. مێژووی دەرهێنانی ئەم دەفتەرەیان ١٩٥٦/١٠/٩ـە.

بەپێی دەفتەری نفووسی یەکەم لە گوندێك لە گوندەکانی ناحیەی عەربەتی سەر بەقەزای هەڵەبجەی پارێزگای سلێمانی بووە. بەپێی دەفتەری دووەمیش لە ناحیەی پێنجوێنی سەر بەقەزای هەڵەبجە بووە.

---

(١) بڕوانە: چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند. نووسینی سەروەر ئەحمەد کەریم. چاپی یەکەم، تەمووزی ١٩٩٨، چاپخانە و ئۆفسێتی تیشك. ل:١٩

(٢) بەپێی دوو دەفتەر نفووسی جیاوازی مام ڕەشید کە لە دەستمدان دوو مێژووی جیاواز بۆ لەدایکبوونی مام ڕەشید دانراون، لەمەولا دەیاننووسم.

(٣) بڕوانە: کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم کۆیان کردووەتەوە و ڕاستیان کردووەتەوە و فەرهەنگۆکیان بۆ ئامادە کردووە. چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠ ل: ٤

(٤) لەمەولا بەدرێژی لەسەر ئەم شوێنەوارانە دەنووسم.

## بەسەرهاتی ژیانی:

مام رەشید خۆی بەسەرهاتی ژیانی خۆی نەنووسیوە، ئەگەر نووسیبێتیشی دەست من نەکەوتووە، لەبەر ئەوە دەبێ لە مێژووی نووسینەوەی شوێنەوارەکانیەوە هەندێ شت هەڵگۆزم.

بەڵام پێش ئەوانە ئەوەی دەماودەم دەگێڕرێتەوە ئەوەیە: مام رەشید هەر کات و ساڵێك لەوانەی کە نووسیمن یا ساڵ و کاتێکی تری کە تیایدا لەدایك بووبێت باسی ئەوە هەیە کە لە لیبیا لەدایك بووە. دوای ئەوەیش کە لەوێوە بە قاچاخی ویستوویانە بەرەو وڵات بگەڕێنەوە لە تورکیا جارێکی تر گیراونەتەوە و بەدەسبەسەری نێرراون بۆ دوورگەی (ڕۆ دۆز) و مام رەشید لەوێ خراوەتە قوتابخانە و تا شەشی سەرەتاییی لەوێ خوێندووە.

مام رەشید – وەك لە دەفتەری نفووسەکانیشیەوە دەرکەوت – بەشێکی زۆری ژیانی لە گوندەکانی پێنجوێن و بەرزنجە و ئەو ناوانەدا بەسەربردووە، لە کۆتایی دەستخەتی (هەفت لەشکر)ەوە کە بە ژمارە (٤٤/٨٠) لە کتێبخانەی خۆمدا پارێزراوە مام رەشید نووسیویە:

«هەژاری بێچارە رەشید هەمەوەندی پۆلیسی ناعیلاجی ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی (نۆدێ) نووسیویەتییەوە».

هەروەها لە دەستخەتی ژمارە ٤٤/١٤یشدا کە داستانی (مەنیجە و بێژەن)ە مام رەشید هەمەوەند ساڵی ١٩٣٨لە گوندی (نۆدێ) نووسیویەتییەوە. هەروەها داستانی (فرامەرز و برزوو)یش لە ١٩٣٨/٢/١دا لە گوندی نۆدێ نووسراوەتەوە.

مام رەشید مێژووی لەدایکبوونی عەزیزی کوڕی نووسیوە کە ڕێکەوتی ڕۆژی ٢١ /١٩٤١/٣(ڕۆژی نەورۆز) هەینی بووە، لەو کاتەدا لە مەخفەری (وڵیاوا) بووە. (دەفتەری دووەم/١١٥).

دوای ئەمە لە دەستخەتەکانیدا شتێکی ئەوتۆم نەبینی باسی گەڕان و شوێنەکانی کە بە پۆلیسی تیایاندا بووە بکات تا ساڵی ١٩٥٠. لە دەستخەتەکەی لای مامۆستا عەبدوڕەقیب یوسفدا نووسیویە:

ئیخراجبوونم تەئریخی ٩٥٠/٤/٨. ڕەنگە مەبەستی لە (ئیخراجبوون) خانەنشینبوون بێت.

هەر لە پاڵ ئەمەدا نووسیویە: دوخوولی ماڵمان بۆ عەربەت تەئریخی ٩٥٠/١١/٧.

دوای ئەمە لە دەستخەتەکانیدا مێژووم نەدۆزیوەتەوە تا ساڵی ١٩٧٠کە مام رەشید نووسیویە لە دوای یەکێك لە نووسینەکانیەوە: نووسینەوەکە تەواو بوو لە ماڵی حاجی عەبدوڵلای زڕگوێزیدا لە گەڕەکی شێخ محێدین لە سلێمانی ساڵی ١٣٩٠ك ١٩٧٠ز.

**شوێنەوارەکانی مام ڕەشید هەمەوەند:**

مام ڕەشید پیاوێك بووە – ئەگەر نەڵێم هەموو ژیانی – بەشی زۆری ژیانی بۆ کۆکردنەوە و نووسینەوەی کەلەپووری کوردی و بەرهەم و شوێنەواری شاعیرانی کورد تەرخان کردووە. نەك هەر ئەمە بەڵکو پەنای بۆ لای کەسانی تریش بردووە تا لەو ڕێگەدا کە بۆ خۆی هەڵیبژاردووە کۆمەکی بکەن. نموونەی ئەمە لەم باسەدا دەبینی.(١)

من کە باسی شوێنەوارەکانی مام ڕەشید هەمەوەند دەکەم مەبەستم ئەوەیە هەوڵ بدەم بزانم ئەم پیاوە لە ژیانیدا چ ڕەنجێکی داوە و چ کۆششێکی کردووە بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی سامانی کەلەپووری کوردی، لەبەرئەوەی بەرهەمەکانی ئەم پیاوە مەزنە پەرتەوازە بوون گومانم لەوەدا نییە ناگەمە ئەنجامی دۆزینەوەی هەموو شوێنەوارەکانی، بەڵام هەوڵ دەدەم بگەم بەو ئەنجامە کە ئەم پیاوە بە بیر و پشووی قووڵ و کۆششی بەردەوامی گەییوەتە پلەیەك کەم لە ڕۆشنبیرانی هاوچەرخی ئەو ئەوەیان – ئەگەر بۆ کرابێ – بۆ کراوە.

پیاوێك بە ژیانی پۆلیسی و ئاوارەیی و دێبەدێیی توانیبێتی ئەو ڕەنجە بدات و، تەنگوچەڵەمە و سەغڵەتیی ژیان ورەی پێ بەرنەدات و، لەو هەموو گەڕان و دێ بە دێ و کۆڵ بە کۆڵەدا بەرهەمەکانی بپارێزێت و، نەهێڵێت ئەو ڕەنجەی بسووتێ یان لەناو بچێت و تا گیانی لە لەشیدا بێت بیانپارێزێ، بەڕاستی جێگەی ڕێزە و، شیاوی ئەوەیە ناوی زیندوو ڕابگیرێت و بەرهەمەکانی وەك شوێنەواری پیاوێکی بەئەمەکی دڵسۆزی خەمخۆری کەلەپووری میللەتەکەی لە جێگەی شیاودا دابنرێن و، ببنە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی کەلەپووری کوردی و، ئەوانەیان چاپ نەکراون چاپ بکرێن و شوێنی خۆیان لە کتێبخانەی کوردیدا بگرن.

گەلێ بەشوێن بەرهەمەکانی ئەم پیاوەدا گەڕام و زۆرم هەوڵ دا بزانم چی هەبووە و چی ماوە.

**ئەنجامی ئەو سۆراخ و گەڕانەم گەیشتمە ئەوە:**

١– شوێنەوارەکانی پەرتەوازەبوون و دەستاودەستیان کردووە و، ئەندازێکیان کە نازانم زۆرە یان کەمە لەناو چووە.

٢– بەشێك لە بەرهەمەکانی لەلای کەریم بەگی هەمەوەند بوون و، کەریم بەگ پێشکەشی کردوون بە مامۆستا عەبدوڕەقیب یوسف. دواتر مامۆستا عوسمان هەورامی بەشێ لەو بەرهەمانەی لە مامۆستا عەبدوڕەقیب یوسف –بە ئەمانەت– وەرگرتووە، دوایی وەك مامۆستا عوسمان خۆی دەڵێت: لە ڕاپەڕینەکەدا ماڵەکەی تالان کراوە و ئەو بەرهەمانەی مام ڕەشیدیش تێدا چوون.(٢)

---

(١) دووان لەو کەسانەی دەستخەتیان بۆ ڕەشید هەمەوەند نووسیوەتەوە و ناوی خۆیان نووسیوە:

١– عەبدولمەجیدی حەسەنی باینچۆیی کە دەستخەتی ژمارە (٢)ی مام ڕەشیدی ساڵی ١٣٥٤ك. نووسیوەتەوە.

٢– مەهدی حەسەنی ساڵی ١٣٥٦دەستخەتی (نادرنامە)ی بۆ مام ڕەشید نووسیوەتەوە.

(٢) نەمبیستووە مامۆستا عوسمان شتێکی بۆ ئەو دەستخەتانە کردبێت، یان شتێکی لەسەر نووسیبن.

٣- بەشێکی تری لە بەرهەمەکانی مام ڕەشید لەلای کاک عەزیزی کوڕی بوون، دووبارە مامۆستا عوسمان هەورامی بەشێکی تری لە بەرهەمەکانی مام ڕەشید - کە نازانرێت چەند بوون- وەرگرتووە بەلای کەمییەوە یەکێکیانی گێڕاوەتەوە بۆ کاک عەزیز.(١)

٤- لەم دواییەدا کە من بەشوێن بەرهەمەکانی مام ڕەشیددا گەڕام لە ڕێگەی برای بەنرخم مامۆستا سەرکاری سالار ئاغای هەمەوەندەوە کاک جیهانگیری کوڕی کاک عەزیزم ناسی و، داوای بەرهەمەکانی باپیریم لێ کرد، ماڵی ئاوابێت، بەشێکی باشی لە بەرهەمەکانی مام ڕەشیدی باپیری بۆ هێنام کە بوون بەسەرچاوەی سەرەکیی ئەم بەرگەی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی.

لەو بەرهەمانەی مام ڕەشید کە کاک جیهانگیر بۆی هێنام (٧)یان بوون بەسەرچاوەی ئەم بەرگەی کەشکۆڵ - وەك وتم - منیش بۆ ڕێزنان لە کۆششی ئەو پیاوە مەزنە و بۆ ئەوەی بەرهەمەکانی لەمە زیاتر پێوار و نادیار نەبن وام بەباش زانی لەم هەلەدا ناوەرۆکەکانیان تۆمار بکەم و بە مێژووی ئەدەبی کوردییان بناسێنم.

هەروەها بە کۆششی خۆم - وەك لە سەرەتای ئەم نووسینەمەوە نووسیم - چەند بەرهەمێکی مام ڕەشیدم بەدەست هێناوە و لەم بەرگەدا سوودم لێ وەرنەگرتوون، لە تەك ئەو دەستخەتەدا کە لەلای مامۆستا عەبدوڕەقیب ماوە لە ڕووی ناوەرۆکەوە یەکیان دەخەم و، فیهرەستیان بۆ دەکەم و فیهرەستەکانیان لە دوای ئەم دەستخەتانەوە دەنووسم، مەبەستیشم ئەوەیە ئەوەی بە من دەکرێت بیکەم بۆ ناساندنی پاشماوەی بەرهەمی مام ڕەشید.

مامۆستا عەبدوڕەقیب یوسف کە دەستخەتەکانی مام ڕەشید هەمەوەندی دەست کەوتووە هەوڵی ئەوەی داوە شتێك لەسەر ژیانی بنووسێ، بۆ ئەم مەبەستە پرسیاری لەم و لەو کردووە و هەندێ شتی بەدەست هێناوە، کە زانی من خەریکی ئەم باسەم - ماڵی ئاوابێت - کۆپیی ئەو بابەتەی کە کۆی کردبووەوە دا پێم، منیش لێرەدا لە تەك سوپاسی زۆرمدا بۆ مامۆستا عەبدوڕەقیب باسەکەم بەو زانیارییانەی ئەو دەوڵەمەند دەکەم.

---

(١) مامۆستا عوسمان هەورامی لە کۆتاییی دەفتەری -کەشکۆڵی- سێیەمی مام ڕەشیدەوە نووسیویە:

سوپاسی زۆر و زەبەندەم بۆ کاک عەزیزی کوڕی مام ڕەشید، خوا پاداشتی بێ پایانی بداتەوە و، گەلێ سۆز و میهرەبانیی یەزدانی گەورەش بۆ گۆڕی ڕۆشنی مام ڕەشید هەمەوەندی باوکی، هەزاران ڕەحمەت بۆ ڕەوانی شادی لە بەهەشتی بەرینا.

بەڕاستی بەم کەشکۆڵانەی مام ڕەشید وەکو سەربازێکی نادیار خزمەتێکی گەورەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی کردووە، سەرچاوەیەکی ڕەسەن و باوەڕپێکراوی پاراستووە و بۆی بەجێ هێشتووین، بۆیە هەمیشە و هەردەم ئەبێ لە کانگای بە سۆزەوە ڕەحمەتی فراوانی بۆ ڕەوانە بکەین. من بەخۆم زۆر کەڵکم لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە. دووبارە زۆر زۆر سوپاس لەگەڵ ڕێزمدا.

عوسمان هەورامی

١٩٨٣/٤/٣٠

هەندێك لەو زانیارییانەی مامۆستا عەبدورەقیب هەر ئەو زانیارییانەن كە منیش بە دەمی بیستوومە كە هەمەوەندەكان دەماودەم دەیانگێڕنەوە، لەوانە باوكی مام ڕەشید لە دوورگەی (رودوس) كۆچی دوایی كردووە و گۆڕی لەوێیە.

هەروەها لەوانە: ئیمام یەحیای یەمەن لە (رودوس) دوورخراوە و دەستبەسەر بووە. لە تەك هەمەوەندەكان پێوەندی و هاتوچۆی هەبووە، تەنانەت وا بووە كیسەڵی بە دیاری ناردووە بۆ هەمەوەندەكان ئەمان بێزیان نەهاتووەتەوە بیخۆن، بەڵام یەمەنییەكان بە زیندوویی خستوویانەتە تەنوورەوە لە تەنوورەكەدا تەقیوە و سوور بووەتەوە و خواردوویانە.

یەكێك لەو زانیارییانەی مامۆستا عەبدورەقیب بەكۆششی خۆی كۆی كردووەتەوە و جێگەی بایەخە ئەوەیە كە نووسیویە:

ڕۆژی ١٩٨٧/٧/٢٧ كاك شێخ ڕەشید عەبدورەحمان خورماڵیم لە مەحكەمەی سلێمانی دی، وتی: ساڵانی (١٩٤٨-١٩٥٠) من عەریفی پۆلیس بووم لە پێنجوێن، مام ڕەشیدیش پۆلیسی سوارە بوو لە مەخفەری (گۆڵێ) برادەری و دۆستایەتیمان خۆش بوو، جارێك لە نامەیەكیدا ئەم دێڕە شیعرەی بۆ ناردبووم:

ئەگەر حەپەی سەگی كوردان بمانهێڵێ

خۆش ڕائەبوێرین ئەم ساڵ لە گۆڵێ (١)

شێخ ڕەشید وتی: لەم دێڕە شیعرەوە هەستم كرد كە هەندێ كەس هەوڵ دەدەن مام ڕەشید نەقڵ بكەن. وەڵامم بۆ نارد كە بێت بۆ پێنجوێن. كە هات وتم: پێم بڵێ من باش لە شیعرەكەت نەگەیشتم وادیارە هەندێ كەس هەوڵ دەدەن نەقڵت كەن؟ وتی: بەڵێ. وتم: دڵنیابە من ناهێڵم نەقڵت بكەن. دوایی نەقڵ نەكرا و لە جێگەی خۆی مایەوە. پاش ئەوە هاتە لام وتی: (٢٠) قەلەموونم هەیە دەبێ من و تۆ بەیەكەوە بیانخۆین.

شێخ ڕەشید دەڵێ: مام ڕەشید ڕۆشنبیرێكی باش بوو، كەس وەك ئەو لە خوێندنی داستاندا شارەزا و لێهاتوو نەبوو. مام ڕەشید لەو بوارەدا بێ هاوتا بوو. كە شانامەی فیردەوسی و داستانەكانی ڕۆستەم و زۆرابی... دەخوێندەوە وات دەزانی لە مەیدانی جەنگدایە، دۆستان و برادەرانی لێی كۆ دەبوونەوە بەدەنگێكی خۆش و ئاوازی شیاو بەشوێن و مەقام داستانەكانی بۆ دەخوێندنەوە.

مام ڕەشید فارسی و عەرەبی و توركیی باش دەزانی. مرۆڤێكی خۆشەویست بوو، زۆربەی شانامەی فیردەوسیی لەبەر بوو. دەیوت: فیردەوسی لە شانامەدا لە كوردستان و خۆراسان دەرنەچووە.(٢)

---

(١) ئەمە لە بەیتێكی مەولەوی دەچێت كە بۆ خالۆی كۆماسی نووسیوە و ئەمە بەیتەكەیە:

ئەر گفەی گەماڵ كوردەماڵ بێڵێ

ئای لەزەت ئەوەی خالۆ لە دیڵێ

بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، دەوری زانینی موناسەبە لە ڕاستكردنەوەی مەعنای شیعری كلاسیكیدا، بەیان، ژمارە ١٩٧٦/٣٣

(٢) لە ڕووی داڕشتنەوەوە كەمێك دەسكاریی نووسینەكەی مامۆستا عەبدورەقیبم كردووە.

### دیوانی ڕەنجووری:

مام ڕەشید وەك خۆی بەڕەنجی خۆی هەوڵی داوە ئەو هەموو دەستخەتە نایابە بنووسێتەوە و ئەو هەموو شیعری شاعیرانی کۆنە کۆ بکاتەوە، هەوڵی داوە دەستخەتی کەسانی تریش لەلای خۆی بپارێزێت. یەکێك لەو دەستخەتە نایابانەی لەلای مام ڕەشید پارێزراون و ئێستە لەلای منە، دەستخەتی (دیوانی ڕەنجووری)یە کە گومانی زۆرم بۆ ئەوە دەچێت دەستخەتی خودی ڕەنجووری بێت.

ئەم دەستخەتە کاتی خۆی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بەئەمانەت لە مام ڕەشیدی وەرگرتووە و بەخەتی خۆی نووسیویەتییەوە، کاتێ لە بەغدا من بیرۆکەی کۆکردنەوەی دیوانی ڕەنجووری کەوتە مێشکم و دەستم دا ئەنجامدانی ئەو پرۆژە، چەند پارچە شیعرێکیم پێشانی مامۆستا دا و، داوای کۆمەکم لێ کرد لە خوێندنەوە و ساغکردنەوەیاندا، مامۆستا فەرمووی: ئەوە خەریکی چیت؟ عەرزم کرد: خەریکی کۆکردنەوەی دیوانی ڕەنجووریم. مامۆستا فەرمووی: ڕۆڵە من دەستخەتی دیوانەکەیم لەلایە. عەرزم کرد: جا چی ئەفەرمووی؟ فەرمووی ئەتدەمێ بۆ خۆت بڵاوی بکەرەوە.

ئەوە بوو لە تەك سوپاسی زۆری ئەو کاتەم و ، دوعای خێری ئێستەمدا، دیوانەکەم لێ وەرگرت و لە تەك ڕێکخستن و لێکۆڵینەوە و پێشەکیدا بڵاوم کردەوە.(١)

ئەو کاتە و ئێستەیش کە خۆم بەمنەتباری مامۆستا دەزانی بۆ ئەو دیارییە گەورە کە پێشکەشی کردم، ئێستەیش خۆم و مێژووی ئەدەبی کوردی بە قەرزار و منەتباری مام ڕەشید هەمەوەندی دەزانم کە ئەو شاکارە بەنرخەی پاراستبوو هەروەها دواتریش بە پارێزراوی لەلای مابووەوە.

### کۆتایی ژیانی مام ڕەشید و لە خواترسی:

هەرچەندە گەڕام و پرسیم کەسانێکی وەهام دەست نەکەوت لە نزیکەوە لە دوادواییی ژیانی مام ڕەشید ئاگادار بن و بزانن چۆن ژیانی کۆتاییی هاتووە و چووەتەوە بەربارەگای خوا. خۆشبەختانە لەو پەڕە پەڕە و دەفتەرە بچکۆلانەدا کە خۆی نووسیونییەوە هەندێ شتم دەست کەوت کە تروسکاییەکی پڕ بایەخ بە دوا قۆناغەکانی ژیانی مام ڕەشید دەدەن. لەوانە:

### وەسیەتنامە:

دیارە مام ڕەشید ماڵ و سامانێکی زۆری نەبووە کە کۆڵیان پێوە هەڵبگرێت و خەمیان لێ بخوات و، بەشی ئەم و ئەوی لێ جیا بکاتەوە. تەنیا شتێك خەمی بۆ خواردووە لای خوا بووە و، وەك پیاوێکی موسڵمانی خاوەن باوەڕی پتەو ویستوویەتی بە جۆریك بگەڕێتەوە بۆ لای خوا قەرزاری خوا و بەندەی خوا نەبێت. لەم ڕووەوە دوو سێ پارچە وەسیەتنامەی ماوە وەك خۆیان بڵاویان دەکەمەوە، لە تەك دوعا

(١) بڕوانە: دیوانی ڕەنجووری مەلا عومەری زەنگەنە، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (آفاق عربية) بەغدا، ١٤٠٣ك ١٩٨٣ز، ل: ٣٨.

ئێستەیش دەستخەتەکەی مامۆستام وەك یەکێك لە یادگارە پیرۆز و بە نرخەکانی مامۆستا پاراستووە.

و نزای ئەوەدا خوای پەروەردگار بەو دڵە پاکەی خۆی لەگەڵ کردبێت و بە بەهەشتی بەرینی خۆی شادی کردبێت.

**وەسیەتی مام رەشید بۆ عەزیز و محەمەد:**

«عەزیز! محەمەد! کورِم دنیا وەفای بۆ پێغەمبەری خۆمان نەبوو (کل نفس ذائقة الموت) ئەبێ گشت کەسێ ئەم رِۆژە بدینێ. وە من لە رِۆژی ١٩٧٢/١١/٢٨ نوێژم بۆ نەکرا قەرزاری زۆرم، ئێوەیش ئەگەر غیرەت شك ئەبەن دوای کۆچی ئاخریم چاوتان بەحاجی مەلا رەحیم بکەوێ. ئەو رِێگەی قەرزاری نوێژ زۆر چاك ئەزانێ، دراوسێی ماڵی زەینەبە بەرابەری مەکتەبە گەورەکە (وسلیم!) زەینەب ماڵیان ئەزانێ، ئێوەیش براتان نییە و سەروەتتان نییە کەس بەبراتان نازانێ، زەمانە وەهایە! وەکو پیاو هەردوولا تەمەع لە بەینتانا نەبێ، بۆ خۆتان بژین لەگەڵ قەومی خۆتان وەکو عەبدوڵلا رەحیم کورِانی مەجید و کورِەکانی عەبدوڵلا هەتا گەورە ئەبن دەستبەرداری ئەم کورانە مەبن، ئیتاعەتی عەبدوڵلا بکەن، پێتان عەیب نییە، هەر قەوم لە بێگانە چاکترە، وە نووری زەحمەت بێتەوە ئەم ولاتە، حەیف بۆ ژنێ دەستی لە عەشرەت هەڵگرت!

ئیتر بە عوموومی لە طەرەفی منەوە ئازاد بن ئیللا ئەو دوو شەخسە نەبێ بوون بە سەبەبی ئەم طائیفەیە کە ناحەزیان کەوتە بەین، هەموویان ئامۆزان. ئیتر با بەس بێ (والسلام)»

مام رەشید ١٩٧٣/٣/٢٤

**وەصیەتنامەیەکی دی:**

«کورِم عەزیز ئەمە وەسیەتنامەیە:

دنیا وەفای بۆ کەس نییە حەتتا پێغەمبەران، ئەبێ هەموو کەسێ خۆی بە مردوو بزانێ، تۆیش حەتتا مومکینت ئەبێ لەگەڵ قەوم و قیلە باش بە، چاکە چاکە، خراپە ئاخر هیچە. زۆر قەرزاری نوێژم، لە تەئریخی ١٩٧٣/١١/١ هەتا ١٩٧٤/٥/١٠ تەواوم کرد.

ئەوا دووبارە لەم تەئریخەوە ٧/٢ / ١٩٧٤کەوتمە قەرزدانەوە هەتا کۆچی ئاخر. ئاگەداری خوشکەکانت بکە باوکت مام رِەشید. ١٩٧٥

١٩٧٥/٢٢

**پیاو ئەبێ بەغیرەت بێ هەر چاکە بکە. ئەڵماس خانی شاعیر:**

یە پەند گوفتار میرزا ئەڵمـــاسەن

خراپی خراو هەر خاسیی خاسەن

لە پارچە کاغەزێکی دیدا هەر لە بارەی قەرزاریی نوێژەوە نووسیویە:

«لە تەئریخی رِۆژی جومعەوە ١٩٧٥/٤/٢٥ نوێژم نەکردووە» مام رەشید بەمانگێك و چەند رِۆژێ دوای ئەمە، لە رِۆژی ١٩٧٥/٥/٢٩دا کۆچی دوایی کردووە.

## وەسیەتنامەیەکی تر:

«**بۆ کوڕی خۆم عەزیز وەسیەتنامەیە:**

کوڕم لە تەئریخی ١ /١٩٧٣/١١وە قەرزاری نوێژم و لە خۆت و خوشکەکانت زیاتر، ئیللا خوا نەبێ، کەس شك نابەم، ئەبێ ئەو ڕۆژە کە مردم چەنێ قەرزاری نوێژ ئەبم حیسابی بکەی و تەقسیمی بکەی، لە خۆتەوە حەتا خوشکەکانت و محەمەد، هەر یەکی چەند ڕۆژیان ئەکەوێ نوێژم بۆ بکەن حەتا تەواوی ئەکەن، گەردنیان ئازاد بێ، لە پاش ئەمانە قەرزاری خۆم و کەفالەتی عەبدوڵلای ئامۆزام.

(٣) دینار حەمەساڵح بە کەفالەتی من ئەشیای بە عەبدوڵلا داوە بۆ شایی مەلیح دایکی (سعەد!) دووکانی حەمەساڵح برای مەلا فەرەج لای دوکانی حاجی عەلی مامی ئاوایە لە گوزەری سەوزیفرۆشەکان.

(٣) دینار قەرزاری سەید عەلی بەزازم خۆی نەماوە کوڕی هەیە و مالیان لە گەڕەکی قەزازەکانە، لای ماڵی حاجی ئیبراهیم ئاغایە.

وە تەقاعودی من بەهەر کەس بڕا قەرزارم بێ ئەم قەرزانەم بۆ جێیەجێ بکا، ئەگینە قەرزاری قیامەت بێ (والسلام).

١٩٧٢/١٢/٢٧»

### دەبێ مام رەشید دانراوی بوویێت؟

لەناو ئەو دەستخەتانەی مام رەشید هەمەوەنددا دەستم کەوتوون، دەستخەتێکی بچکۆلەی تێدایە بەخەتی مام رەشید و باسی غەزەواتی بەدروحونەین دەکات و وادیارە رەشید ناوێك دایناوە، بەڵام باسی ئەوەی نەنووسیوە هەمەوەندە یان نا. لێرەدا سەرەتاکەی دەخەمە ڕوو:

ئەوەڵ ئیبتیدا بە نام یەزدان
هەر ئەوەن قادر حەیی لامەکان
قادر قودرەت قەهھار قەدیم
(سمیع بصیر علیم حکیم)

دوای حەوت بەیت دەڵێت:

چونکە هەم غەریب هەم کەفتەکارەن
جە دەرگای بێچوون زۆر شەرمەسارەن
بەنا بە خاتر هەزار و یەکنام
عەفو کەرگونای (رەشید) نەفام

(ڕەشیـد) کـۆتــاکــەر زایــەڵــە و زاریــی

بـــوانـــە غـــەزای بـــەدر دیـــاریـــی

ئەم دەستخەتە هەشت لاپەڕەیە و ناتەواوە و نازانرێت ڕەشید خۆی تەواوی نەکردووە، یان تەواوی کردووە و لەوە بەدواوەی تێدا چووە. کۆتایی ئەوەی لە دەستدایە بەم شێوەیە:

هـۆرێزا دەردەم مـیـقـداد ئـەسوەد

ئـامـا وەخـزمـەت نـوور مـحـەمـەد

فەرماوەش: ئامای نەوەی نێکزاد؟

بـیـنـای بـان سەر بـە تـۆ دا موراد

ئەم دەستخەتە وەك وتم (٨) لاپەڕەیە، لاپەڕەی (١٥) دێڕی تێدایە. پێوانەکەی (٢١×١٧)یە، لە خەتی مام ڕەشید دەچێت، ناو و مێژووی نووسینەوەی پێوە نییە.

**سەرچاوەکانی ئەم پێشەکییە:**


١- کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، بەشێك لە مێژووی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، دارا ئەحمەد کەریم بەگ، چاپی یەکەم، ٢٠٠١ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر.

٢- مێژووی شاراوەی هەمەوەند، نووسەر نووری حەیدەر هەمەوەندی، ٢٠٠٢ز. ١٤٢٣ك.، چاپخانەی قەشەنگ سلێمانی، چاپی یەکەم.

٣- چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، نووسینی سەروەر ئەحمەد کەریم، چاپی یەکەم، تەمووزی ١٩٩٨، چاپخانە و ئۆفسێتی تیش

## له دامێنی ئەم بەرگەدا

١

ئەو دەیان شاعیرە کوردەی لە کەشکۆڵ و بەیاضی شاعیرانی کورددا –زۆر تا کەم– ناویان هاتووە، مەگەر بە دەگمەن ئەگینا هەموویان –لە سەردەمی خۆیاندا– خاوەنی دیوانی شیعری خۆیان بوون و، دیوانەکانیان بەجگەرگۆشەی خۆیان زانیوە و بەباشترین شێوە و لە پارێزراوترین شوێندا هەڵیان گرتوون و چاودێرییان کردوون، بەڵام بە زۆریی دوای خۆیان خەمخۆریان نەبووە و کەسی وایان لێ بەجێ نەماوە بەو چاوەی ئەمان بۆیان بڕوانن و ئەو بایەخەی لای ئەوان بوویانە ئەمان نەیانبووە بۆیان، بۆیە هەر زوو بەڵاگەلی ڕۆژگاری چەپگەرد لێیان کەوتوونەتە کار و پەڕەپەڕە و پەرتەوازە و بێ سەروشوێنیان کردوون.

بەختەوەرترینیان ئەوانەیان بووە لە سەردەمی شاعیر خۆیدا ناسراوە و کەوتووەتە دەم قەڵەمی ئەوانەی بەیاض و کەشکۆڵی شاعیرانیان نووسیوەتەوە و شیعرەکانی دەستاودەستیان کردووە و کەم تا زۆر لە دوو توێی ئەو کەشکۆڵ و بەیاضانەدا لێیان لە لەناوچوون قوتار بووە.

دەکرێ بیشگوترێ: هەموو دیوانی شاعیران یەکسەر بەمردنی شاعیرەکە لەناو نەچوون و ماوەیەك لای نەوەی شاعیر یان کەسانی بایەخدەر بە ئەدەب پارێزراون و لەو ماوەدا شیعریان چووەتە ناو کەشکۆڵ و بەیاضەکان.

بەهەرحاڵ –وەك چەند جار نووسیومە– تا ئێستە لە بەرهەمی شاعیرانی کۆنمان – بە ناودار و کەم ناسراویانەوە – دیوانی تەواوی یەك شاعیرمان بە خەتی خۆی دەست نەکەوتووە.

کە –وەك وتم–بیشزانین هەموویان دیوانی شیعری خۆیان هەبووە و بەرهەمەکانیان سامانی کەلەپووری ئەدەبی گەلی کوردن چار چییە بۆ دۆزینەوە و کۆکردنەوەی –ئەوەی کە ماوە لە– دیوانەکانیان؟ ئەوەی من پەییم پێ بردووە و بە بەڵگە بۆم ڕوون بووەتەوە ئەوەیە ئەوەی کە ماوە لە کەشکۆڵ و بەیاضی شاعیرانمان باشترین سەرچاوەیە بۆ ئەم کارە و بە دۆزینەوە و ناساندنی هەر کەشکۆڵێك ئاسۆیەك دەکرێتەوە و، بەرهەمی شاعیرگەلێك دەدۆزرێنەوە کە لەمەوپێش باسیان نەبووە، یان بەرهەمی نەزانراو و نەبیستراوی شاعیرانێك دەدۆزرێتەوە کە پێشتر ناوی خۆیان و بەرهەمیان لەملاو لا هەبووە بەڵام ئەمانەی تازە دەدۆزرێنەوە تازەن و دەبنە مایەی دەوڵەمەندکردنی بەرهەمی ئەو شاعیرانە.

لەم بەرگەی (کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی)دا نموونەی هەردووکیان دەبینی. بەڵکو لەم بەرگەدا ختووکەی ئەوە دەکەوێتە دڵی دڵسۆزانی کەلەپووری کوردی کە بیر لە کۆکردنەوەی دیوانی خنجیلانەی چەند لەو شاعیرانە بکەنەوە کە تا ئێستە تاك و تەرا لەملاو لەولا پارچە پارچە شیعریان بینراوە بۆ نموونە: ئەحمەد بەگی کۆماسی و، میرزا شەفیع و، خانای قوبادی و، عەبدوڵڵا حەسەن و،

مەفتوون و، جنوونی و، حەماغای دەربەند فەقەرە و، شێخ شەهاب و، حاجی و[1] میرزا وەڵەدخان... لەوانەن کە ئەگەر بایەخی زیاتریان پێ بدرێت و، هەوڵی باشیان بۆ بدرێت دەکرێ هەر یەکێکیان ببێ بە خاوەنی دیوانی خۆی.[2]

## ٢

ئێمەی کورد کە تا ئێستەیش خاوەنی فەرهەنگی گەورە و گشتگیری کوردی نین و، نووسینی فەرهەنگێکی وەها ئاواتی هەموو دڵسۆزانی زمانی کوردییە و، ئەو کەسەیش سەر و دەروویەك لەم بابەتە بکات دەزانێ تا ئەمڕۆیش زمانی کوردی لە فەرهەنگی کوردی دەوڵەمەندترە و، هەموو وشە و زاراوە و ئیدیۆمەکانی کورد تۆمار نەکراون و لە چوارچێوەی فەرهەنگدا نەساچێنراون. هێنانەدی ئەم ئاواتە زۆری دەوێت و دەبێ هەوڵی هەمەلایەنەی بۆ بخرێتە کار تا ئەو وشە و زاراوانە.. کۆ بکرێنەوە و یەك بخرێن و بابەتبەندی بکرێن و لە جێگەی شیاوی خۆیاندا دابنرێن.

یەکێك لەو سەرچاوە ڕەسەنانەی ئەم بوارە کە هەگبە و گەنجینەی پڕ لە وشە و زاراوەی نەوازەی وەهایە دەیان و سەدان ساڵ لەمەوبەر لە بیر و قەڵەمی شاعیرانی کۆنمانەوە چوونەتە سەر کاغەز و هەروا بەڕەسەنی و بێ گۆڕان ماون و چاوەڕوانی ئەوەن کەسانی شارەزا بژاریان بکەن و بیاندۆزنەوە و بیانخەنە شوێنی شیاوی خۆیان. دیوانی شاعیرانی کوردە.

بەچاوگێڕانێك بەم بەرگەی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا بە ڕوونی دەردەکەوێ بەرهەمی ئەم شاعیرانە کە بەزۆری بە زاراوەی گۆرانیە و، بەرهەمی شاعیرگەلی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانە کە ئەمەیش – لە تەك ئەو مەبەستانەی تردا کە خزمەتیان پێ دەکات– هەوڵێکی دیار و بە بایەخە لەسەر ڕێگەی کۆکردنەوەی وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردیدا.

## ٣

لە سەرەتای ئەم پرۆژەوە ڕێباز و بەرنامەیەکم پەیرەو کردووە کە ئێستەیش هەر لەسەری دەڕۆم، لەوانەیە وەڵامی هەموو پرسیار و گلەیی و گازندەیەکی تێدا بێت کە کەسانێك ڕووبەڕوویانم بکەنەوە.

ڕەنگە کەسانێك بڵێن: هەندێ شیعر و بابەتی وەها هەیە بۆ بڵاوکردنەوە ناشێن و ڕەنگە هەستی کەسانێك بڕووشێنن. جگە لەوەی کە لە بەرگەکانی دوو و سێی ئەم پرۆژەدا وەڵامی گەلێ لەو پرسیارانەم

---

(١) بەپێی نووسینی بابا مەردۆخی ڕۆحانی (حاجی) و (میرزا شەفیعی کەنوڵەیی دینەوەریی) هەر یەك کەسن، بەم پێیە دەکرێ دیوانێکی شیعری ئەم شاعیرە کۆ بکرێتەوە. (مشاهیر کرد) بەرگی یەکەم، ل: ٣٥٨.

(٢) خۆزگە مامۆستاکانی زانکۆکانی کوردستان، بەتایبەتی بەشەکانی ئەدەب و زمان، لایان لەم لایەنە دەکردەوە و قوتابییەکانیان، بەشی زانکۆکان بۆ باسی دەرچوون (بحث التخرج) و، قوتابیانی خوێندنی باڵایش بۆ بڕوانامەی ماجستێر و دوکتۆرا.. هان دەدا بۆ کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر ژیان و دیوان و بەرهەمی ئەم شاعیرانە و شاعیرانی دیکەیش، بەمەیش خزمەتێکی شیاو و شایستەیان بە ئەدەب و زمانی کوردی دەکرد.

داوەتەوە ئەمجارەیش دەڵێم: من زۆر مەبەستمە بەرهەمی شاعیرانی کۆنمان هەرچییان هەبووە و لە هەر بوارێکدا بووە و، بۆ هەر بۆنەیەك وتوویانن، وەك خۆیان بێ دەسکاریکردن و لێکدانەوە و لەسەر نووسین بەگوێرەی بۆچوون و دەستەڵات و توانای خۆم بیانهێنمەوە سەر ڕێنووسی باوی کوردی و بیانخەمە سەر خەرمانی کەلەپووری کوردی، دوایی کەسانی شارەزا و لێهاتوو – هەر کەس بۆ مەبەستی خۆی و لە بواری خۆیدا– سوودیان لێ وەربگرن و کاری خۆیانیان پێ بەرێوەبەرن.

وا دەزانم خوێنەری ئازیزم لە تەکدا دەبێت کە بڵێم: ئادەمیزاد وەك یەك نین و، هەر کەس بیر و بۆچوونی جیاوازی لەوانی تر هەیە و، بەرهەمی بیر و هۆشی شاعیر و ڕۆشنبیرانیشمان بەو شێوەیە زادەی ئەو جیاوازی و لەیەکنەچوونەیە و، ڕەوا نییە هەر کامیان وەك ئێمە بیری نەکردەوە، یان شیعر و ئەدەب و بەرهەمەکەی بەدڵی ئەم و ئەو نەبوو ئیتر ڕێگەی بڵاوبوونەوەی لێ بگیرێت و بەرەو هەڵدێری لەناوچوون ببرێت.

٤

وەك گوتم لە سەرەتای ئەم پرۆژەوە لەسەر ڕێبازێك ڕۆیشتووم و تا پێم کرابێت دەمەوێ دەسبەرداری نەبم و لێی لانەدەم، یەکێك لەو خالانەی –بەڵکو خاڵی سەرەکی– ڕێبازەکەم ئەوەیە بە شوێن بەرهەمی بڵاونەکراوە و نزیکە بەلا و لەناوچووندا دەگەڕێم و، نەمویستووە کاوێژکردن و جوینەوەی ڕەنجی کەسانی تر لەم کارەمدا هەبێت.

بەڵام هەر کەسێ لەم بوارەدا کار بکات یان بەوردی لە کاری کەسانی تر وردبێتەوە دەزانێ چەند ئاڵۆزی و تەمومژ و گرێکوێرە دێتە ڕێگەی ڕێبوارانی سەر ئەم ڕێگەیە.

لەلایەکەوە بۆ پارچەیەك شیعر دەبێ دەیان سەرچاوە بپشکنی تا بزانی بڵاو بووەتەوە یان نا، جاری وایش هەیە دوای ماندووبوونی زۆریش ناگەیتە ئەو سەرچاوەی مەبەستە.

وەك جاری وا هەیە پارچە شیعرێك بێ ناوی کەس نووسراوەتەوە، یان بەهەڵە دراوەتە پاڵ کەسێکی تر، یان کەوتووەتە ناو دیوانی شاعیری وەها گومانت بۆ ئەوە ناچێت شیعری جێگەی مەبەستی تۆ لەو شوێنەدا هەبێت.

من لەم حاڵەتانەدا دوای ئەوەی کە گەلێ گەڕاوم و ئەوەندە شەکەت بووم لە پەلوپۆ کەوتووم، پارچە شیعرەکەم بە بڵاونەکراوە داناوە و لەم کەشکۆڵەدا بڵاوم کردووەتەوە. جا ئەگەر وانەبێت و لە شوێنێکی تر بڵاو کرابێتەوە ئەوە من مەبەستم نەپێکاوە و داوای لێبووردن لە خوێنەری ئازیز دەکەم و، ئەوەیش لە بیر ناکەین کە ئەم پارچە من بڵاوی دەکەمەوە دەبێ بە پشتگیر و کۆمەك و نوسخەی زیادەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو کەسانەی بەتەنگ لێکۆڵینەوەی دەقی کۆنەوەن و دەیانەوێ بەگوێرەی توانا بەرهەمی پوخت و دروست و شیاو بڵاو بکەنەوە.

مام ڕەشید خۆی بە خەمخۆری ڕاستەقینەی بەرهەمی شاعیرانی پێشوومان زانیوە – هەر وەهایش بووە – و، هەوڵی ئەوەی داوە چی لە بەرهەمی شاعیرانی کۆن دەست کەوتبێت –با یەك تاکە بەیتیش بووبێت– جێگەیەکی بۆ بکاتەوە و لە لەناوچوون ڕزگاری بکات، هەر لەبەر ئەمەیشە چەند جار ناونیشانی جۆرەوجۆری بۆ ئەو بابەتە داناوە وەك: (شیعری موتەفەریقەی شاعیرانی کۆن) لە شوێنێکی تردا نووسیویە: لەمانەوە ئەشعاری فەوتاویان دەزانرێت [١]

ئەنجامی ئەم خەمخۆرییەی ئەم هەموو شیعری شاعیرانەیە کە من لە کەشکۆڵ و بەیاضی نووسەرەوەکانی تردا نەمدیون.

لەناو ئەمانیشدا –وەك دەبینرێت– مام ڕەشید لەناو شاعیرانی کورددا لە هەموویان زیاتر شەیدای شیعری مەولەوی بووە و شیعرەکانی کۆ کردووەتەوە و، لە بۆنەگەلی جیاوازدا وەك پەند و بەڵگە شیعرەکانی مەولەوی وێردی سەرقەڵەم و زبانی بووە.

ئەوەی – وەك خۆزگەیەك نەك گلەیی لە مام ڕەشید – ئاواتم بوو وا نەبێ ئەوەیە مام ڕەشید هەوڵی بدایە قەسیدە و غەزەلەکانی دووبارە و چەند بارە نەکردایەتەوە، بە تەماشاکردنی ئەم فیهرەستانەی لێرە بەدواوە دەیانبینی دەزانی ئەگەر ئەو دووپاتبوونەوانە نە بووایە لەوانە بوو گەلێ لەمەی ئێستە لەدەستدایە مام ڕەشید شیعری زیاتری بۆ کەلەپووری ئەدەبی کوردی کۆ بکردایەتەوە.

خۆزگەیەکی تریشم لێرەدا ئەوەیە: خۆزگە مام ڕەشید ناوی ئەو بەیاض و کەشکۆڵانەی بهێنایە کە شیعری لەبەر نووسیونەتەوە و سوودی لێ وەرگرتوون، بەمەیش باشتر قەوارەی ئەو زیانانەمان دەزانی کە لە سامانی کەلەپووری ئەدەبی کوردی کەوتوون.

ئەوەیش جێگەی دەستخۆشییە بۆ مام ڕەشید کە زۆر کەم خۆی بەشیعری فارسییەوە خەریك کردووە و خەمخۆری ڕاستەقینەی شاعیرانی کورد و بەرهەمی کوردی بووە.

یەکێك لەو پرسیارانەی لەسەر ژیانی ئەم مامۆستا بەڕێزە و بەرهەمەکانی لەلام دروست بووە و

(١) هەر بۆ نموونە یەکێك لەو بەیتە موتەفەریقانە کە مام ڕەشید نووسیویە، بەیتێکە تیایدا دەڵێت:

کەس لـــە چنگ مـــــەرگ نمەبۆ خەلاس
شینی (شەفیع)ەن پەی میرزا (ئەڵماس)

لەمەوە دەردەکەوێت دوو شاعیری گەورەی کورد هاوچەرخ بوون و دۆستایەتیی گەرم لە نێوانیاندا بووە و میرزا ئەڵماس پێش میرزا شەفیع کۆچی دوایی کردووە و، میرزا شەفیع شیوەنی بۆ میرزا ئەڵماس کردووە، جا دەبێ ئەو شینە چ شینێك بووبێت؟ گومان لەوەدا نییە شاکارێك بووە کە گەلێ لایەنی ژیانی کۆچکردووی تێدا باس کردووە و، لەوانەیە مێژووی کۆچکردنەکەی دیاری کردبێت کە تا ئێستە لە سەرچاوەکاندا باسی نییە و نازانین کەی بووە.

بابا مەردۆخی ڕۆحانی لە (مشاهیر کرد)ەکەیدا باسی ئەم دوو شاعیرە و پێوەندییان و، تەنانەت باسی ئەو شیوەنەیشی کردووە، بەڵام بەداخەوە هیچی لەو پارچە شیعرە بڵاو نەکراوەتەوە.

(بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی یەکەم، (٢٣٢ و ٢٥٨ ).

هەقی خۆیشیەتی لای کەسانی تریش دروست ببێ ئەوەیە: رەشید هەمەوەند هاوچەرخی نەجمەدین مەلا بووە و لە یەك سەردەمدا لە سلێمانیدا ژیاون، دەبێ نەجمەدین مەلا ناوی ئەم پیاوەی نەبیستبێ؟ دەبێ بەرهەمەکانی نەدیبێ؟ بۆچی هاوکاری لە نێوانی ئەم دوو خەمخۆرەی کەلەپووری کوردیدا نەبووە؟

٦

هەوڵ و ڕەنجدانی مام رەشید زۆر هەڵدەگرن و دەکرێ زۆر لەمە زیاتریان لەسەر بنووسرێت کە من نووسیومە و ئەینووسم، بەڵام من لەم دەرفەتەدا هەر بەمەدا دەگەم و، ئێرەیش لەمە زیاتر هەڵناگرێت، ئەوەندە هەیە بۆ ئەوەی کارەکەم بۆ مام رەشید هەر قسەی ڕووت و پیاهەڵدان نەبێت، وام بەباش زانی فیهرەستی یەکە یەکەی ئەو دەستخەتانە بخەمە ڕوو کە لەلای منن یان من لە بەرهەمی مام رەشید، دیومن بەمە سووچێکی قەوارەی کاری مام رەشید دەخەمە بەرچاوی خوێنەری کورد، وەك ئەمە دەکرێ وەك ببلیۆگرافیای ئەو شیعر و بابەتانەی مام رەشید کۆی کردوونەتەوە تەماشا بکرێن و، کەسێك لەمەولا پارچە شیعرێك یان بابەتێکی لەسەر ئەو شاعیرانە بەرچاو بکەوێت کە بەرهەمیان لەم کەشکۆڵانەدا هەیە، بگەڕێتەوە بۆ ئەم سەرچاوەیە و بتوانێ لە ڕووی ناوەرۆکی ئەم فیهرەستانەوە هەنگاو بەرەو لێکۆڵینەوەی زیاتر بنێت و بابەتەکەی دەوڵەمەندتر و بەمتمانەتر بکات.

هەر بۆ کار ئاسانکردن بۆ ئەو کەسانە لە دوای بەرهەمی چەند شاعیرێك لەو شاعیرانەوە لێرەدا ناویان هاتووە، گەڕاوم لە ئەرشیڤی خۆمدا لە کوێ ناویان هاتبێت و من دیبێتم و ناویانم تۆمار کردبێت ئەو زانیارییانەم لە دوای بابەتەکانەوە بە نیشانەی (*) ئەستێرەیەك جیا کردووەتەوە و لێکۆڵەرەوە دەتوانێ لە ڕێگایانەوە زیاتر بەمەبەستی خۆی بگات.

٧

لە بەرگەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا – بە گشتی و لەم بەرگەدا بە تایبەتی – دەیان بابەتی فۆلکلۆری، سەدان زاراوەی جۆراوجۆری: شایی و شیوەن و، راووشکار و، خشڵ و جلوبەرگ و، کەرەستەی جەنگی و شێوازی ژیانی کۆن و، ڕێورەسمی هەڵسوکەوت و رەفتاری گەورە و بچووکان و، دیمەنی بەهار و زستان و وەرزەکان و.. شتگەلی زۆری تر هەن، هەر یەکێکیان بۆ خۆی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی فەرهەنگ و کولتوور و ئەدەبی کوردییە و کار بۆ کردنیان و... لێرەدا هەڵناسوورێت و، وەك نووسیومە من ماددە و کەرەستە خاوەکە دەخەمە بەردەستی پسپۆڕان و دڵسۆزان و نەوەی داهاتوو.

لە گەڵێ جێگەی نووسینەکانی مام رەشیددا گومانم لە دروستیی نووسینەوەی دەقەکەدا بۆ پەیدا بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەوە یەك نوسخە لە دەستدایە نەکرا یەکلایان بکەمەوە و هەندێکیانم بە گومانەوە نووسیوە و، بۆ هەندێکشیان جگە لەوەی وەك دەخوێنرێتەوە نووسیومە شتێکی دیکەم نەکردووە.

## فیهرەستی بەرهەمەکانی مام رەشید

خ

### کەشکۆڵی ژمارە یەك ١

ئەم کەشکۆڵە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی نووسراوە (الاول) واتە: یەکەم. لە لاپەڕەی ئەودیویشی نووسراوە (الدفتر الرابع) واتە: دەفتەری چوارەم. من لەسەر ژمارەی یەکەم ڕۆیشتم و بە کەشکۆڵی ژمارە یەکم دانا و لەسەر هەر پارچە شیعرێك نووسیبێتم: ت/١ ڕەشید – مەبەستم پێ ئەم کەشکۆڵەیە. مام رەشید هەمەوەند ساڵی ١٣٢٦ك نووسیویەتییەوە.

ئەم کەشکۆڵە لە بنەڕەتدا (٩٥) لاپەڕە بووە. بەڵام لە سەرەتایەوە (٢٦) لاپەڕە دیار نییە و بە لاپەڕە (٢٧) دەست پێ دەکات.

کاغەزەکانی ڕەنگ کراون بەڕەنگی زەرد و پرتەقاڵی و شینی کاڵ. کاغەزەکەی تەنکە. هەندێ شوێنی دڕاوە، قەراخی تێ گیراوە. پێوانەکەی (٢٠×١٣)یە ناوەرۆکەکەی بەم شێوەیە:


١– ؟: ئەی هەموو چەند سەرچەنگ چەرخ چەپ وەردم
چەرخ چەند چەرخیاو من مام نەمەردم

٢– شێخ ڕەزا: مسیح برفلك شاه انبیا بتراب
دلم ز آتش این غصه بسکه بود کباب ٢٧

٣– مەولەوی: دڵە ڕاگەکە خەیلێ تاریکەن
پردەکەی سەختەن یەکجار باریکەن ٢٨

٤– مەولەوی: بینایی دیدەم تۆ وە سەلامەت
دیدەنی دیدار کەوت ئەو قیامەت ٢٩

٥– مەولەوی: موقەدیمەی خەم تاڵیش مەزاقەن
دەك وە خەیر نەبێ وادەی فیراقەن ٣٠

٦– مەولەوی: مامۆسای سەرئێڵ شیرین کەلامان
تەشریف خەیرت باوەر وە لامان ٣١

٧- مەلکەی جوانڕۆیی: تیرێ کە ڕۆستەم هەوادا نە شەست
داش نە ڕۆبیتەن رای نەجاتش بەست ٣١
٨- مەلکەی جوانڕۆیی: هەنی نەواچان وە فەرهاد رەندەن
نەقش شیرنیش نە رووی سەنگ کەندەن ٣١
٩- عریضەء میرزا فتاح بحضرت اتابگ اعظم:
کمان ابرو گمان بردی که من سام نریمانم ٣٢
١٠- زێوەر: ئەی دڵ وەرە تۆ خادمی دەربازی عەلی بە
هەر عاشقی لەعلی لەبی خەندانی عەلی بە ٣٣
١١- زێوەر: قوربان لە تەمی ئاهی دڵی خەستە حەذەر کە
عیسا نەفەسی هەست بەلای ئێمە گوزەرکە ٣٣
١٢- وەفایی: چاوی پر خوێنم دەگەڕێ قیبلەکەم پەیدا نییە
نوری چاوم ڕۆییووە دیدەکەم بینا نییە ٣٤
١٣- طاهیر بەگ: صەد کە پاشای خەریکی هەر نەوع موجازاتم دەکەی
من قسەی حەق هەر دەکەم ساچۆن موکافاتم دەکەی؟ ٣٥
١٤- زێوەر: عیشقی صەنەمێ شۆڕشی خستۆتە دڵ و جان
لەنجە ئەشکێنێ قەدەمی کەبکی خەرامان ٣٥
١٥- زێوەر: شەو مامەوە تەنها لە وەسەطی حوجرەی خاڵیی
کەس موونیس و دەرووم نییە ئیللا خەط و خاڵی ٣٦
١٦- وەفایی: ئەی جەننەتی عەیشی ئەبەدم ڕێگوزەری تۆ
وەی بۆ نەظەرم تاجی سەرم خاکی دەری تۆ ٣٦
١٧- شێخ ئەمین: گرچە در ظاهر بمحضر نیست حاضر خودامین
لیك در باطن زلطف تست کشته دل نشین ٣٧
١٨- شەهید: دڵ لە مەیخانەی مەحەببەت مەستی مەی غەمبارییە
سەر بە سەودای زولفی تۆوە ئارەزووی عەططارییە ٣٨
١٩- شەهید: کەبك ئاسا لە زیندانی خەیاڵت بەستەیی دامم
بەسیحری گۆشەی چاوت عەجەب حەیران و سەرسامم ٣٨
٢٠- شەهید: قەسەم بەو پەرچەمی پەخشان و خاوی
- نەکا بەقسەی رەقیب - نەمبردووە ناوی! ٣٩

٢١– شێخ ڕەزا: خاكی كۆیە كە لەبالەب لە لەبت نۆشی لەبە
گەر فەلەك لێی بگەڕێ مەنبەعی عەیش و طەرەبە ٤٠
٢٢– ؟: فەرامۆشم بۆ...
قیبلەم مەیلەكەت فەرامۆشم بۆ ٤٠
٢٣– شەمسەدین: ئازیز دوور وڵات نوور چەمانم
رۆشنیی بیساط رۆح رەوانم ٤١
٢٤– شەمسەدین: های شەماڵ چەند جار ئامانی جە دوور؟
چەند طەی كەردەنی سارای شارەزوور؟ ٤٢
٢٥– شەمسەدین: هەی شەماڵ ئامان دڵم سۆزیان
قەدەم رەنجان كەر شۆ وە گەرمیان ٤٣
٢٦– شەمسەدین: رەفیق شەفیق مەحرەم تۆی راز
مەرهەم تۆتۆی زام مارانگاز ٤٤
٢٧– شەمسەدین: یار بێ وەفای بێ بەقا و بەینەت!
فەرامۆشكەردەی مەیل و مەحەببەت! ٤٥
٢٨–شەمسەدین: ئازیز ئەر وە مەیل مەپەرسی حاڵم
جە دووریی باڵات تەن كۆی زووخاڵم ٤٦
٢٩– شەمسەدین: نەتیجەی پاكان سەیید سەروەر
ئەولاد رەسوول شەفاخوای مەحشەر ٤٧
٣٠– شەمسەدین: ئازیزم قوربان بینایی چەمان!
رۆشنیی بیساط! رۆحەكەی رەوان! ٤٨
٣١– شەمسەدین: نەتیجەی شاهان شەهزادەی بێگەرد!
ئەصل و نەسەب خاس نێكزاد نێكمەرد! ٤٩
٣٢– شەمسەدین: هەور نۆ ئامان دەسم وە دامان
وەس كەڕ یەنگەزە شۆ وە گەرمیان ٥٠
٣٣– مەعدووم: زستانەن وەی رەنگ جە نۆ ئاماوە
تۆف زەمهەریر جەنۆ خێزاوە ٥٠
٣٤– ؟ ڕەنگە مەولەوی بێ: سیم غەمگینم جە دەس خەجڵەتەن
خەجڵەتم جە دەس سەختی غەفڵەتەن ٥٢

٣٥- سەید صادق: هەورامان بەندەن...

چەرخ چەم سیای هەورامان بەندەن ٥٣

٣٦- شێخ عەبدوڕەحمان: چراخم وە کۆ

ئەوەند کۆی خەمان جە لام بەستەن کۆ ٥٤

٣٧- شێخ عەبدوڕەحمان: ئیشارە مەکە...

سەوزە ناز وەقین ئیشارە مەکە ٥٥

٣٨- شێخ عەبدوڕەحمان: وێنەی پەشێوحاڵ نەقش رووی دیوار

وە سیاسثەنگ بای هانا هەی هاوار ٥٥

٣٩- شێخ عەبدوڕەحمان: قیبلەم خاڵ تۆن...

دڵ سەرعیی سەرسام سەودای خاڵ تۆن ٥٦

٤٠- شێخ عەبدوڕەحمان: شیرین سوپاتەن...

ئاڕۆ بەزثمئارای تیپ سوپاتەن ٥٦

٤١- شێخ عەبدوڕەحمان: رەنج وەباد نەبۆ...

هیچکەس وێنەی من رەنج وە باد نەبۆ ٥٧

٤٢- مەولانا خالید: میرزام وەفاتەن...

قەدەم رثەنجەکەر وادەی وەفاتەن ٥٨

٤٣- مەولانا خالید: قیبلەم فیراقت...

ئارامم سەندەن سەودای فیراقت

٤٤- مەولانا خالید: خداوندا بحق اسم أعظم

بنور سید اولاد آدم

٤٥- مەولانا خالید: هامسەران نەسەب...

مەحبووبێم هەن شای عالی نەسەب ٦٣

٤٦- مەولانا خالید: موسم عیداست مانومید از دیدار یار

عالم در عیش و نوش ما دو چشم اشکبار ٦٤

٤٧- مەولانا خالید: نبی صدیق سلمان قاسمست و جعفر و طیفور

که بعد از ابوالحسن شد بو علی یوسفش گنجور ٦٤

٤٨- مەولانا خالید: یارب بحق تربت سلطان بایزید

یارب بحق طینت برهان بایزید ٦٥

٤٩– مەولانا خالید: برد کل رشك از روی محمد
خویش چون کشته از خوی محمد ٦٥
٥٠– مەولانا خالید: سایەء این خرگه نیلی کرا مأمن بود
یا درین دنیا کجا آسایش یك تن بود ٦٦
٥١– مەولانا خالید: گوش باید کرد ازین سرکشتەء اندویکین
شمه از صنعت خلاق گیتی آفرین ٦٦
٥٢– مەولانا خالید: ای بقد سرو بعارض در
کرده زلفت آفتابی رانهان برشی ب ٦٨
٥٣– مەولانا خالید: ای زلف تو ماه را نقابی
واللیل ز موی تست تابی ٦٨
٥٤– مەولانا خالید: خالد بیاو عزم سفر زین مقام کن
بر روضه رضا بدل جان سلام کن ٦٩
٥٥– مەولانا خالید: ای ازگل رخسارت خون خورده گل مینو
باقد تو تا یکمو فرقی نبود یکمو ٦٩
٥٦– مەولانا خالید: از غمزەء خونریزت دلریش بودن جاهم
چون نرگس مستانت کی دیدکسی جادو؟ ٧٠
٥٧– مەولانا خالید: عزیزا گر ز روی غمکساری
خیال دوستان را خاطر آری ٧٠
٥٨– مەولانا خالید: چه دولت بود یارب دوش من در خواب میدیدم
بتاریکی شب سرچشمه آن آب میدیدم ٧١
٥٩– مەولانا خالید: السلام ای چهرەات شمع شبستان وجود
السلام ای قامتت سرو بهارستان جود ٧١
٦٠– مەولانا خالید: ای پناه عاصیان سویت پناه آوردەام
کردەام بیحد خطا و التجا آوردەام ٧٢
٦١– مەولانا خالید: امامان کزیشان زیب دین است
بترتیب اسمشان میدان چنین است ٧٢
٦٢– مەولانا خالید: جان باستقبال جان می رود
تشنه سوی آب حیوان می رود ٧٣

٦٣- سوگند بخالی ز رخت کشته پدید
سوگند بخطی که بکردش بدمید   ٧٣
٦٤- مردم زهجر روی تو ای نازنین فریادرس
خون شد دلم از خوی تو ای نازنین فریادرس   ٧٤
٦٥- چەند تاك و روباعی مەولانا خالید   ٧٤
٦٦- مەولانا خالید: ای کشته چو مجنونم در عشق افسانه
از بهر خدا لطفی با این دل دیوانه   ٧٥
٦٧- مەولانا خالید: هردم بگوشم آید از سوز دل صدای
گویا ز در دمندان خالی نمانده جای   ٧٥
٦٨- مەولانا خالید: ای مەخورشید از رخشنده رخسارت خجل
لعل یاقوت از لب لعل شکربارت خجل   ٧٦
٦٩- مەولانا خالید: نسیما گرفت ره بر دری آن سرو دلجویت
بگو ای زمرهء شیر افگنان نخچیر آهویت   ٧٦
٧٠- مەولانا خالید: ای که مهر روی تو بر محل تابان صدشرف
شیر باران خیال غمزه ات جان ار هدف   ٧٧
٧١- قادر: دڵم تار بیەن
ئەی موسڵمانان دڵم تار بیەن
٧٢-قادر رەمەزان: ئازیزم تاکەی
زووخاوی دەروون نۆشانم تاکەی؟   ٧٧
٧٣- مەولانا خالید: گرچه اسباب طرب پیش من اکنون نەکم است
شادیم بی گل روی تو همه درد غم است   ٧٨
٧٤- ضیاء الدین: کلاوی صیحەتم ناوی که عیللەت تاجی ذیللەتمە
کەوای عیززەت ئەبەر ناکەم که قیللەت بەرگی رەحمەتمە   ٧٨
٧٥- پارچەیەکی فارسی خاوەن نەزانراو
٧٦- گۆرانی: شاهم شادیەن
بەزم نەوهاڵان هەم ئازادیەن   ٧٩
٧٧-مەعدوومی: تۆپڵاخەی دووکەڵ هیجران دڵبەر
جەمی بەستەکه نه رووی سەقف سەر   ٨٣
٧٨- سوئالی عولەمای خۆراسانی، جەوابی عولەمای (ماوراء النهر)   ٨٣

٧٩– مەولەوی: ئیمساڵ نەوبەهار چون خەزان سەرد

بەرگ وەرد باغ مەعدووم بەرد وە هەرد ٨٤

٨٠– ؟ : ریاضەت کێشان...

مەیدان خاصان ریاضەت کێشان ٨٥

٨١– عەبدوڵڵا حەسەن: دەلیل لەیل نەدیت؟

فەصلێ تۆ ئامای تو خودا لەیل نەدیت؟ ٨٧

٨٢– عەبدوڵڵا حەسەن: ها وە ئێشەوە...

دڵ پەی تۆ خاڵۆ ها وە ئێشەوە ٨٨

٨٣– عەبدوڵڵا حەسەن: دەروون نە خەم کەیل

خاڵۆی خاطر خار دەروون نەخەم کەیل ٨٩

٨٤– عەبدوڵڵا حەسەن میرزام حۆرێ دیم

ئارۆ نە جایێ عەجەب حۆرێ دیم ٩٠

٨٥– عەبدوڵڵا حەسەن: وێش کەردەن ظوهوور

شەخصێ نەو سەرا وێش کەردەن ظوهوور ٩١

٨٦– عەبدوڵڵا حەسەن: خاڵۆ دەپرسی ئەحواڵ دەردم

شاهۆ تۆف دەکا لە ئاە سەردم ٩٣

٨٧– عەبدوڵڵا حەسەن: شیرین جام جەم...

تو خودا بەس بدەر جەلای جام جەم ٩٤

## ٢ خ

# کەشکۆڵی ژمارە دووی ڕەشید هەمەوەند

ئەم کەشکۆڵە لە شێوەی (بەیاض)دا نووسراوەتەوە، ٢١٢ لاپەڕەیە، پێوانەکەی (١٧×١٠)یە. لاپەڕەی (١٢) بەیت و زیاتر و کەمتری تێدایە. بەخەتی دووسێ کەس نووسراوەتەوە، ئەوەی کە زانرابێ و دیاربێ عەبدولمەجیدی باینچۆیییە کە ساڵی ١٣٥٤ کاری تێدا کردووە.

بەشێکیشی وا دیارە بەخەتی ڕەشید هەمەوەندییە.

ئەم کەشکۆڵە گەنجینەیەکی کەموێنەی شیعری کوردییە، ئەو پیاوە خەمخۆرە دڵسۆزەی کەلەپووری کوردی وەستایانە کۆی کردووەتەوە. لەم کەشکۆڵەدا بایەخێکی تایبەتی بە شیعری مەولەوی داوە، دوای ئەمە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کۆ کردووەتەوە کە لە کەشکۆڵەکانی دیدا ناویان نەهاتووە، هەروەها شیعری چەند شاعیری تری کۆ کردووەتەوە کە لە کەشکۆڵەکانی دیدا ناویان هەیە، بەڵام بەرهەمیان کەمە.

**ناوی چەند شاعیری دەڤەری گەرمیانی تێدایە.**

١– ؟: بەرز بێ تەناف...

یا حەی یا قەییوم بەرز بێ تەناف

٢– غولام ڕەزاخان: ئیعجازت کامەن

یا موعجیز نما ئیعجازت کامەن؟ ١

٣– شوقی: دوش چون بانگ الست گلش جان درگرفت

بلبلان را نغمه قال بلی در سرگرفت ٢

٤– نالی: دەروونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ

دڵم گەرمە هەناسەم سەردە بێ تۆ ١١

٥– نالی: زوڵفت بەقەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە ١١

٦–نالی: ڕەفیقان بێن بکەن شینم کە وەقتی زارییە

قەت مەکەن تەقصیر لە گریان شیوەنم یەکجارییە ١٢

٧– هیجری: ئەو سەرە سەرپووچە دایم پڕ لە عیشقی یار نەبێ

ئەو دڵە دڵ پووچە دایم عاجز و غەمخوار نەبێ ١٣

٨– نالی: مەکە ئیخلافی ئەو وەعدە کە فەرمووت

دەخیلت بم کە خانەی صەبرەکەم سووت ١٣

٩– کوردی: دەروون زامدار و دڵ غەمگینە بێ تۆ

سەرم ژان و تەنم بێ تینە بێ تۆ ١٤

١٠– صالح: خوداوەند چە واقیع بوو کە جانان و نیگارم چوو

لەسەر عەقڵ و، لە تەن تاقەت، لە دڵ صەبر و قەرارم چوو ١٥

١١– مەعدوومی: فەلەك داخ وە دڵ جەستەمدا بەردی

ژار دووریی ئێش ئازیز پێم وەردی ١٦

١٢– مەعدوومی: ئیمشەو هەر خەمەن ها نە کەمیندا

هەر دەردەن مەدۆم وە رووی زەمیندا ١٧

١٣– مەعدوومی: شیفای ئێش و نۆش مەینەتان سەخت

ضیای دیدە و دڵ مەعدوومی بەدبەخت ١٨

١٤– مەعدوومی: چۆن بێ گیان نەیووم نەشووم وە مەردەن؟

نامەکەش ئامان گلەییش کەردەن؟ ١٨

١٥– مەعدوومی: هەر ئەو دەورەن چەرخ تا ئاوەرد و بەرد

دەس ئەو دەس نگین تا خاتەم ئاوەرد ٢٠

١٦– ؟: ای بملك خوبرویان کامران چون شماه

برسر تاج شهانی ك و هـ ر ٢٠

١٧– ؟: ای دلا گر عاقلی غافل مشو لیل و نهار

بنگر از سر الهی دانهء عقبی بکار ٢١

١٨– مەفتوون: هامسەران چارەی هیچکەس شووم نەبۆ

هیچکەس گیرۆدەی رای عەدووم نەبوو ٢٢

١٩– مەفتوون: مە سیمای شیرین عەرعەرین قامەت

لەفظ دەوای مەعجوون شیفای گشت زامەت ٢٤

٢٠– مەفتوون: میرزام سفید سۆڵ

زوڵف دەستەی کلاف باڵا سفید سۆڵ ٢٦

٢١– مەفتوون: شاباز شەشدانگ نە جەمع خاسان

رەوێڵەی رەمکێش شای مودبیر ماسان ٢٧

٢٢– میرزام ئازارەن

میرزام دڵ جە دەست دەوران ئازارەن ٢٨

٢٣- مەفتوون: چۆڵ نشینە خۆم...

چون قەیس بێ بەرگ چۆڵ نشینەم خۆم ٢٩

٢٤- مەفتوون: یا شا هەزار ساڵ...

یا شا ئەی درەخت تا بە هەزار ساڵ ٣١

٢٥- مەفتوون: ئالوودەی دەردەن...

یە جەستەی منەن ئالوودەی دەردەن ٣٢

٢٦- مەفتوون: عەلیم دانا...

کەریم کارساز عەلیم دانا ٣٣

٢٧- مەفتوون: یاران ئاخرەن...

یاران نیشانەی دنیا ئاخرەن ٣٦

٢٨- هیجرانی، حاجی: دنیای مەکارە

دنیای حیلەباز فیتنەی مەکارە ٤٦

٢٩ - میرزا شەفیع: ئەلا لا مەکان...

(الا لاشریك) یەکتای لامەکان... ٥٣

٣٠- مەولانا خالید: یافەرد ئەعظەم...

یا حەی یا قەییووم یا فەرد ئەعظەم ٦١

٣١- تمت شد از دست فقیر عبدالمجید الحسنی با این چویی سنه ١٣٥٤. ٦٨

٣٢-؟: بە تۆبەکاران جە گشت ویەردە

بەبێ وەفایی دنیای بێ پەردە ٦٩

تمت شد از دست فقیر عبدالمجید الحسنی بااین چویی مبارك باد سنه ١٣٥٤.

٣٣- مەولەوی: دڵە راگەکە خەیلێ تاریکەن

پردەکە سەختەن یەکجار باریکەن ٧٠

٣٤- مەولەوی: بینایی دیدەم تۆ وە سەلامەت

دیدەنی دیدار کەوت ئەو قیامەت ٧١

٣٥- مەولەوی: موقەدیمەی خەم تاڵیش مەزاقەن

دەك وە خەیر نەبەی وادەی فیراقەن ٧٣

٣٦- مەولەوی: مامۆسای سەرئێل شیرین کەلامان

تەشریف خەیرت باوەر وە لامان ٧٣

٣٧– مەولەوی: زستانەن وەی ڕەنگ جە نەو ئاماوە
تۆف زەمهەریر جە نەو خێزاوە ٧٤
٣٨– مەولەوی: سیم غەمگینم جە دەس خەجڵەتەن
خەجڵەتم جە دەس سەخت غەفڵەتەن ٧٥
٣٩– مەولەوی: صەدای هەی هیلال ڕۆزە دارانەن
مانگ دڵتەنگیی بادە خوارانەن ٧٦
٤٠– مەولەوی: تۆپڵاخەی دووکەڵ هیجران دولبەر
جەمی بەستگەی نە رووی سەقف سەر ٧٦
٤١– مەولەوی: های چەندێ سەرچەنگ چەرخ چەپ وەردم
چەند چەرخ چەرخیا من مام نەمەردم ٧٦
٤٢– مەولەوی: ئەی گرد مەوجوود جە تۆ گرت مایە
پەیدا هەر تۆنی ماسیوا سایە ٧٧
٤٣– مەولەوی: ئیمساڵ نەوبەهار چۆن خەزان سەرد
بەرگ وەردباغ مەعدووم بەرد وە هەرد ٧٧
٤٤– مەولەوی: ریاضەت کێشان...
مەیدان خاصان ریاضەت کێشان ٧٨
٤٥– مەولەوی: نامەی رۆح ئەفزای شیرینت ئاما
دڵ وە مەردومەك دوو دیدەش ساوا ٧٨
٤٦– خۆ هوونیت نەویم چەواشەی چەپگەرد
خاڵۆت جیاکەرد، یەکار بی تۆ کەرد؟ ٧٩
٤٧– مەولەوی: لە چریکەی صورنا لە پریکەی خەندە
پەشێویی زوڵفان ریشەی دڵ کەندە ٨٠
٤٨– مەولەوی: سەردار زومرەی موصیبەت کێشان
فەرمان فەرمای حوکم مولك (پرایشان!) ٨٠
٤٩– مەولەوی: بڵێسەی کوورەی هیجران باڵاش
گەرمیی مەحروومیی تۆزەکەی پاڵاش ٨٢
٥٠– مەولەوی: نازك تەدارەك فەصل وەهارەن
زەریف ئارایش هەردە و کۆسارەن ٨٣

٥١– مەولەوی: هامسەران ئامان ئەرمەندەن هۆشم
ئارۆ صەدای وەش مەیۆ وە گۆشم ٨٣
٥٢– مەولەوی: نامەی نەفتینت یەکرۆ باد ئاوەرد
کڵپەی بڵێسەی کوورەم تازە کەرد ٨٥
٥٣– مەولەوی: ها تەن ئەلوەدای زیندەگانیش کەرد
قەدەم رەنجە کەر هامفەردەکەی فەرد ٨٥
٥٤–مەولەوی: نەمەندەن تاقەت فەردان کەردەنم
فەرد بیەن وە تەوق شی وە گەردەنم ٨٥
٥٥– مەولەوی: پای شادیم دیسان ماران گەستەوە
نە پیاڵەی چەم ژار تۆژ بەستەوە ٨٦
٥٦ – مەولەوی: جۆراب چون تۆ زامان نەسرەفتە
وە سەرپەنجەی پای ئیستیغنا کەفتە ٨٧
٥٧– مەولەوی: هەناسەی سەردم نە دڵ خێزاوە
خێڵخانەی کەیفم هەوای بێزاوە ٨٧
٥٨– مەولەوی: پەشێو وێنەی وێم نیشتەبیم خجڵ
دیم شادیم دەستدا نە دەروازەی دڵ ٨٧
٥٩– مەولەوی: ها شەماڵ چەند جار را طەی کەردەنی
چەند تەشریف وەلای ئازیز بەردەنی؟ ٨٩
٦٠– هەر جە ناکاوێ دەروونم تەم بی
سیا هەور دوود نە کەللەم تەم بی ٩٠
٦١– مەولەوی: نامەکەت پەی چێش؟ پەرێ دەوای دەرد
یاواو خاس وانام موطالەعەم کەرد ٩١
٦٢– مەولەوی: دەرمان زامان دەردەکەی کاریم
هامڕاز ناڵەی شەوان بێداریم ٩٢
٦٣– مەولەوی: رای جەعفەر ئاباد سارای گەرمی مەیل
مەنزڵ شیرازشار سەودای عیشق لەیل ٩٢
٦٤– مەولەوی: زستان وەی رەنگ وە گەردوون یاوان
گێجا و گێج لوول کلیلەی کاوان ٩٣

٦٥- مەولەوی: رەمەزان طولووع صوبع شادیشەن
شەوال شام شووم نامورادیشەن ٩٤
٦٦- مەولەوی: ئەیاز هامڕاز ناڵە و ئاخ و دوود
عەرزش هەن وەخاك ئاستانەی مەحموود ٩٤
٦٥- مەولەوی: وەهارەن صوب دەم سەوزە دیاران
نم كەوت ئەو دیدەش چون شەو بێداران ٩٥
٦٦- مەولەوی: ئایینەی كامڵ ئازیزەكەی فەرد
فیدای ئامات بام صەفاییت ئاوەرد ٩٥
٦٧- مەولەوی: نەهات و نەهات دڵ ماتەن ئیمشەو
ئەڵبەت شنۆی شەو بەراتەن ئیمشەو ٩٦
٦٨- مەعدوومی: جیلوەی جەلای جام دڵەی پڕ جە دەرد!
فەرما بیت تەسبیح، ها ڕەوانە كەرد ٩٧
٦٩- مەعدوومی: دیدەم! نەونەمام! نەوتووڵ ساوا!
نامەت پەی خەبەر ماها نەماوا ٩٧
٧٠- مەعدوومی: وەش ئامای وە خەیر ئەی بەرگوزیدەم
بۆ نە جای مەردم جاگیر نە دیدەم ٩٧
٧١- مەعدوومی: ئەمرت موطاعەن (اطعنا) وەندم
دۆعای چەشم زەخم جە پیران سەندم ٩٨
٧٢- مەعدووم: پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن
تەعظیم جەناب پیریی لازمەن ٩٨
٧٣- مەعدوومی: شێخ مەولەوی بە شێخ عثمان نویشتە -قدس سرە- سوئال:
ئیرشاد پەناهێ، ئیرشاد پەناهێ
یا شێخ مورشید ئیرشاد پەناهێ ٩٩
٧٤- جواب شێخ عثمان -قدس سرە-:
مەولانام واتەن، مەولانام واتەن
فەرد پڕ مەعنای مەربووتت واتەن ٩٩
٧٥- مەعدوومی: شەماڵ داخان...
شەماڵ یاگەی گرد گردیاگەء داخان ١٠١

٧٦- مەعدوومی: سەد پەرێم دایم خەم بەستەن کەڵەك
ئاخ داخ تۆ چەن سەوزەن فەڵەك؟ ١٠١
٧٧- مەعدوومی: وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن
هاژەی وەفراوان، شاخەی شەتاوەن ١٠٢
٧٨- مەعدوومی: ئازیز وە مەرگت دڵ نە خورۆشەن
ئارەزووی خەدەنگ پەنجەکەی تۆشەن ١٠٢
٧٩- مەعدوومی: هەر ئەو دەورەن چەرخ تا ئاوەرد و بەرد
دەس ئەو دەس نگین تا خاتەم ئاوەرد ١٠٣
٨٠- مەعدوومی- بەزم هامدەردان یار مۆبەت کێش
یەك ئەمشەوەن دەف دەروێش های دەروێش! ١٠٣
٨١- مەعدوومی: نامەکەت یاوا کۆسم کەوتەوە
دڵەی ئاهریم دای وە نەوتەوە ١٠٤
٨٢- مەعدوومی: بنچینەی شادیت جە بێخ بەر ئاوەرد
جەرای... دوور هەرچێوت کەرد ١٠٤
٨٣- مەعدوومی: من بەڵا وە رووی زامان ئاوەردەن
نە چەشمەی حەیات ئاومان وەردەن ١٠٥
٨٤- مەعدوومی: دیدەم جەوساوە دیدەی تۆش دیەن
ساتێ مەیل تۆم فەرامۆش نیەن ١٠٥
٨٥- مەعدوومی: فەصڵ نەو پایز تازەکەردەن مەیل
شەماڵ ئەرزان کەرد رشتەی نەوسوەیل ١٠٦
٨٦- مەعدوومی: دڵە چەند مەینەت جەم بی وەسەردا
چەند کار ئارۆت وست نە ڕووی فەردا؟ ١٠٧
تمام شد در یوم جمعه پنج ماه محرم جهت برادران از دست حقیر سراپا تقصیر رشید هموند پولیس ناعلاجی در قریهء نودی تأریخ سنه ۱۹۲۷ تمت شد آه من الموت و حالاته! رشید.

یـاواقـیـف جـه راز پـەردەی نـیـهـانـی

یـاحـەی یـا قـەیـیـوم روزی رەسانـی

**کۆتاییی داستانەکە:**

خـــێرا هـــەی بـــنـــۆش ساقـــی بـــادەی مـــەی

نـــۆشانـــۆش جـــام کـــە کـــیـــانـــان کـــەی

گـــــورجـــی زادەگـــــان صوراحـــــی گـــــەردەن

پـــیـــاڵان لـــەبـــرێز جـــە مـــەی مـــەکـــەردەن

صەدای سەمـــــطـــــووران کـــــزەی سۆز و ساز

رەقص رەقـــــاصان ئـــــامـــــان پـــــەرواز

دلـــێران سەرمـــەست جـــە بـــادەی قـــەرقـــەف

مـەست و بـێهـۆش بـیـن یـەکـایـەك صەف صەف

**۹**

**دەقی شەشەم**

لەبارەی ئەم داستانەوە:

لەبارەی ئەم نوسخەیانەوە –وەك لە کۆتاییی دەستخەتەکەوە دیارە– ئەوەندە دەزانین ئەم داستانە دانراوی مصطەفای کوردستانییە. هەروەها ئەوەندەیش دەزانرێت رەشید هەمەوەند کە ئەو کاتە پۆلیس بووە ساڵی ۱۹۲۷ لە گوندی (نۆدێ) نووسیویەتییەوە. ئیتر نازانم مستەفا کوردستانی کێیە؟ کەی لە ژیاندا بووە؟ کتێبەکەی لە کوێ داناوە؟

ئەم داستانە وەك داستانی (جواهر پوش) وایە کە مامۆستا (ایرج بهرامی) بڵاوی کردووەتەوە، بەڵام جیاوازیی زۆر و کەم و زیاد لە نێوانیاندا هەیە و، هەندێ جار زۆر لەیەك دەچن کەچی هەندێ جاری تر زۆر لەیەکەوە دوورن.

هەروەها بەپێی نووسینی مامۆستا (ئیرەج) باوکی مستەفا ناوی مەحمووده، وەك بەپێی نووسینی شێخ فەتاحی دۆڵانی (میرزا مستەفای دڵی دڵی) بووه.

١٠

## دەقی حەوتەم

دەستخەتی ژمارە ٤٤/١٤ چەند بابەتی تێدایە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**مەنیجە و بێژەن:**

سەرەتاکەی ئاوایە:

پـــادشای شاهـــان پـــادشای شاهـــان

بـــەنـــام بـــێچـــوون پـــادشای شاهـــان

ئـــاگـــادار جـــه قـــەعـــر جـــەمـــع دەریـــاهـــان

بـــا دەلـــیـــل خـــەیـــر گـــومـــکـــەردە راهـــان

پـــادشای بـــێچـــوون دانـــای (لـــم یـــزل)

یـــا شەرافـــەت بـــەخش ئـــەنـــبـــیـــای مـــورسەل

بـــە تـــەوفـــیـــق حـــەق ذات (ذا الـــمـــنـــن)

تـــەمـــام بـــی دەستـــان مـــەنـــیـــژە و بـــێژەن

هـــــــــــزاران درود هـــــــــــزاران سلام

زمـــا بـــر مـــحـــمـــد عـــلـــیـــه السلام

دوای ئەمە ٢٢ بەیتی تر نووسراوە کە دیارە دانراوی ڕەشید هەمەوەندی نووسەرەوەی دەستخەتەکەیە.

دوای ئەوە نووسەرەوەکە نووسیویە:

«تمت شد کتاب در روز جمعه ٢٩ ذا القعده تأریخ ١٣٥٧ سنهء هجری. ١٩٣٨ سنهء میلادی از دست حقیر سراپا تقصیر رشید همونداز در قریهء نودی شیخان. اگر سهوی داشته باشد باید قصور عفو فرمایند چونکه نسخه کتاب خیلی بد بود».

١١

## دەقی هەشتەم

کتاب جنگنامهء فرامرز و برز و واقعات ایشان گوید:

ئـــیـــبـــتـــیـــدا بـــە نـــام دەهـــەنـــدەی داوەر

ئاگادار جە غەیب صەحرا و دەشت و دەر

کـەریـم بـێچـوون قـەهـار قـەدیـم
فـەضل بسم الـلّـه الـرحـمـن الـرحـیـم
هـەر ئـەوەن قـادر بـینـای کـولـل شەی
کـارساز کـاران (لا یـمـوت حـی)
بەڵێ ئەی صەڕڕاف صاحیب عەقل و فام
گـۆش دەن وە دەستـان ویـەردەی ئـەیـام
روێ کـەیـخـوسرەو نـەوەی سیـاوەحش
چـەنـی پـیـلـەتـەن شێر تـاج بـەخش

**کۆتاییی ئەم داستانە:**

کۆتاییی ئەم داستانە بە ڕوونی دیار نییە، چونکە نووسەرەوەکەی –ڕەشید هەمەوەند– لە کۆتاییەوە شیعری خۆی تێکەڵ کردووە، ئەوەی کە دیارە ئەوەیە ئەم چەند بەیتە پێش بەیتەکانی ڕەشید هەمەوەندن:

ئـەرەسطو فـامـان حـەکیمـان یـەکسەر
بـە گوفتـەی تـەئریخ شنـەفتـەن خـەبـەر
بـەی طـەور ویـەردەن مـەردان ئـێران
مـەعـرەکـە و مـەصاف جـەنگ دلـێران
ئـیستـیدعـام ئـێدەن پـادشای غـەفـفار
بـبـەخشی گونـای ئـەی بـەندەی هـەژار
چونکە هـەم غـەریب هـەم کەفتەکارەن
هەم یۆڵ نە عەشرەت هەم گوناهبارەن
جورمش سەنگینتـەر جە کۆی داڵـەهـۆ
ئـومێدش نـیـەن غـەیـر جـە لـوطف تـۆ

دوای ئەمە ١٦ بەیت نووسراوە کە دیارە دانراوی ڕەشید هەمەوەندن، دوای ئەوانە نووسیویە:

«تمام شد کتاب بعون ملك الوهاب از دست حقیر مذنب العاصی رشید احمد هموند در قریه نودی در وقت هم و غم اگر سهوی باشد باید قصور عفو فرمایند». ١/٢/١٩٣٨

دوای ئەمە چوار لاپەڕە شیعری خانای قوبادی نووسراوە کە لەم شوێنەدا جێگەی مەبەستی من نییە.

ئەم دانراوە وەك بینیت نووسراوی ڕەشید هەمەوەندییە، بەڵام ناوی دانەری پێوە نییە و دیار نییە دانراوی کێیە.

## ١٢

### دەقی نۆیەم

ئـەم داستـانـە ٥٤ لاپـەڕەیـە، لاپـەڕەی ١٦ دێڕی تـێدایـە. بـەخـەتـی (نستـعلـیـق) نـووسراوەتـەوە. پ: (٢٠×١٥)ەیە. ناونیشان و سەرباسەکانی بە مەرەکەبی سوور نووسراونەتەوە.

ئەم داستانە دوو سێ ناونیشانی بۆ دانراوە. لەسەر لاپەڕەی یەکەم نووسراوە:

«داستان رفتن تیمور نزد خاقان چین و بخشیدن خان..... زریف تاج بە تیمور و واقعات ایشان گوید»

دوای ئەمە لە سەرەتای لاپەڕەکەوە دوای (بسم اللهّ الرحمن الرحیم) نووسراوە:

«تولد تیمور. اول رزم آتشگدە جنگ سفید حصار و واقعات ایشان گوید»

دوای ئەمەیش لە پێشەکیی داستانەکەدا هاتووە:

مــەشهــوور بــی نــە عــام دلــێران کــەی
جەنگ هەفت لەشکر نە رووی دەشت رەی

### سەرەتای داستانەکەیش ئاوایە:

دانـــای لـــم یـــزل! دانـــای لـــم یـــزل!
یـا حـەی یـا قـەیـیـووم دانـای لم یزل!
بـێ مـاواو مـەکـان بـێ مـیـثـل و بـەدەل
رەواج دادەی دیـن مـصطـەفـای مـورسەل
ئـوسـتـاد نـەقـقـاش نـەقش رووی زەمـیـن
کـان کـۆی کـەرەم (رب الـعـالـمـیـن)
قـــادر قـــەهـــهـــار (حـــی لا یـــمـــوت)
رازیــق رەززاق مــوورو عــەنــکــەبــووت
دمـــای وەصف ذات (حـــی لا یـــنـــام)
بـــەر مـــحـــمـــد بـــۆ صەلات وسەلام

### کۆتاییی ئەم داستانە ئاوایە:

بـە تـەوفـیـق حـەق پـادشای غـەفـوور
تـەمـام بی داستان شۆخ کـەمـان تـەیموور
بـەڵـێ ئـەی یـاران لـێتـان بـۆ عـەیـان
ئـێدش فـەرمـاوان فـیـردەوسیـی زەمـان

یـه کـەلام شیـریـن فـیـردەوسیـی نـیـەن

وەر جـه فـیـردەوسیـی (دەقـیـقـی) بـیـەن

داستـــان تـــەیموور رەزم هـــەفت لـــەشکـــر

کـــەلام دەقـــیـــقـــەن ئـــەوەڵ تـــا ئـــاخـــر

دەقـــیـــقـــی شاعـــیـــر فـــره مـــەشهـــوورەن

یـــادگـــارش داستـــان رەزم تـــەیموورەن

***

هـــــــزاران درود هـــــــزاران سلام

زمـا بـر مـحـمـد عـلـيـه السلام

«.... تمت الكتاب بعون الملك الوهاب. تأريخ السنة الهجرى ١٣٥٩تأريخ السنة الميلادي ١٩٣٩. تمت شد كتاب از دست حقير سراپا تقصير رشيد احمد هموند».

ایـن نـویشتـم از بـرای روزگـار

مـن نمانم خـط بمانـد یـادگـار

(رش ی دال)کـــەن حـــیساب

مەعلووم مەبۆ نام خەطاط کیتاب

ئـەم داستـانـە لـە کـاغـەزێکـی زەردی کـۆندا نـووسراوەتـەوە، قـەراخـەکـەی بـە کـاغـەزی سپـی گیراوە. پێوانەکەی (٢٠×١٥)یە، لاپەڕەی (١٦) تـا (٢٠) دێر و زیاتریشی تێدایە. تێکڕای ئەم چەند داستانە:

مـەنیجە و بێژەن، فـەرامرز و برزوو، رەزمـی تـەیموور. بـەیـەکـەوە تـەجلید کراون. بـەرگێکی سـەوزی کاڵـی بـە قوماش بنگیراوی تێ گیراوە.

## ١٣

### دەقی دەیەم

کتاب جنگانامە ایران و توران مشهور بە صقلاب دیو و رستم زال:

ئەم داستانە بە ژمارە (٢/٤٤/٤٦) لە کتێبخانەکەمدا پارێزراوە. ئەم داستانە ١٤٥ لاپەڕەیە، ئەو کاغەزەی تیایدا نووسراوەتەوە دوو جۆرە واتە دوو قیاسە –گەورە و بچووك– بەڵام ژمارەی بەیتەکانی لاپەڕەکان وەك یەك وان و، بە زۆری لاپەڕەی (١٥) بەیتی تێدایە.

**سەرەتاکەی ئاوایە:**

یـــا رازق رزاق دانـــای مـــوعـــەظـــەم

خـالـیـق مـەخـلـووق پـادشای ئـەکرەم

ڕەسوولش مـحـەمـەد شاە ئـینس و جـان
ئـامـان وە شانش ۳۰ جـزمـەی قـورئـان
بەڵێ هەی یاران صاحیب عەقڵ و فام
گۆش دەن وەی داستان ویەردەی ئەییام
نـە کـان گـەوهــەر بـکـەریـن بــەیـان
قــەول فـیـردەوسیـی ئـیـران و تــووران
ڕۆژێ شای خـوسرەو گـەرتـەبـی قـەرار
چـــەنـــی دلــێران شاهــزادەی نــامــدار

***

**کۆتاییی ئەم داستانەیش ئاوایە:**

یـــاوا وە تـــەبـــریــز سازنـــا گـــومـــەت
سپـــەردەن بـــە خـــاك شاە بـــی صیـفـــەت
بـەڵـێ ئـەی یـاران صاحـیب عـەقـڵ و فـام
بـــزانـــن وە کـــار دنـــیـــای نـــاتـــەمـــام
شاهێ وەی تەورە صاحیب تەخت و تاج
جە رووی سەر زەمین حوکمش بی رەواج
چـە طـەور فـانـی بـی نـە دنـیـای بـێ پـۆ
شنـــەفـتـــەن چـــە نـــەوع کـریـــا رەنجەڕۆ
هـیـچ مـەبـن وە تـەنگ ئـەی دنیـای فـانی
نــە شا مــەمــانـۆ نــە هــەم کــەیـانـی
ئـەگـەر قـەیصەر بـی ئـاخـر مـەبـی فـەوت
پــەی چـیش قـابـیضەن ئـەو (ملك الموت)

**دەقی یازدەهەم**

**١٤**

تولد جهانگیر و جنگنامەی ایران و تورانیان گوید

ئەم دەستخەتە کە بە ژمارە ٤٦/٤٤ لە کتێبخانەکەمدا پارێزراوە تێکڕا ٨٤ و ١٤٥ لاپەڕەیە. قەوارەی کاغەزەکەی و ڕەنگ و شێوەی مەرەکەبەکەی وەك یەك نییە. بەگوێرەی ئەوەی بەش کراوە و جیا کراوەتەوە دوو داستانی تێدایە.

یەکەم: تولد جهانگیر

دووەم: جنگنامەی ایران و توران، مشهور بە (صقلاب دیو رستم زال).

داستانی یەکەمیان لە سەرەتای دەستخەتەکەوە تا لاپەڕە (٨٤)ی گرتووەتەوە. داستانی دووەم لە لاپەڕە یەکەوە –بە ژمارەیەکی نوێ– تا لاپەڕە (١٤٥)ی گرتووەتەوە.

**سەرەتای داستانی یەکەم ئاوا دەست پێ دەکات:**

عــەلــیــم دانــا! عــەلــیــم دانــا!
کــەریــم کــارساز عــەلــیــم دانــا
جەببــار قــودرەت صــاحیب تــەوانا
سەبــەبساز کــار دانــاو نــە دانــا
بەصیر بێ عەین سەمیع بێ گۆش
ڕەحیم و ڕەحمان سەتتار سیرپۆش
مەعبوود بێ عەیب فەرد لامەکان
بێ نەقص و خەلەل کەرەم فراوان

* * *

لە کۆتاییی دەستخەتەکەوە ئەم چەند بەیتە نووسراون، بەڵام ئەمانە بە بەیتی ڕەشیدی هەمەوەندی نووسەرەوەی کتێبەکە دەزانم:

یــارەب مــن بــەدخــو هــەم بــەد کــردارم
بــاری عــیــصــیــانــی جــەمــەن جــە شانم
گــونــام سەنــگــیــنــتــەر جە کــۆی داڵــەهــۆ
ئــومــێدم نــیــەن غــەیــر جــە لــوطــف تــۆ
بــە بــەخشیــم بــە نــوور سەیــیــد سەروەر
جـــە ڕۆژ دیــوان زەلـــزەلـــەی مـــەحشەر

بـەنـا بـە خـاطـر هـەفـتـا و دوو مـەعـصووم

دوور وزی لـــێمـــان شەرارەی سەمـــووم

تمام شد کتاب تولد جهانگیر از دست حقیر سراپا تقصیر در روژ دوشمه ۲۷ ماه صفر ۱۳۷۱ در وقت هم غم اگر سهوی باشد باید قصور عفو فرمایند نسخه کتاب بسیار بد بود.

(رش ی دال) کـــــەران حــــیساب

مـەعـلـووم مـەبـۆ لـێت خـەطـاط کـیـتـاب

تـــاریـــخ هـــیـــجـــرەت رەسوول سوبــحـــان

هـــەزار و سێصەد هـــەفـــتـــاویـــەك عـــەیـــان

مـــەلـــیك عـــیـــراق عـــەبـــد ئـــیـــلاه بـــی

شاپـــــور رەضا شاه ئـــــیـــــران بـــــی

سەردار عـــەرەب هـــەم چـــەنـــی عـــەجـــەم

نـــام هـــەردووشان کـــەردەنم رەقـــەم

بەم پێیە دانراوی –یان وەرگێڕی– ئەم داستانە نەزانراوە.

# کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی

بەرگی حەوتەم

## ئەحمەد بەگ

لە کەشکۆڵی ژمارە (٥)ی رەشید هەمەوەندیدا چەند پارچە شیعر هەیە لە پێشیانەوە نووسراوە ئەحمەد بەگ. بەڵام ئەوە دیاری نەکراوە ئەم ئەحمەد بەگە کێیە، ئەحمەد بەگی کۆماسییە یان ئەحمەد بەگێکی ترە.

بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم پارچە شیعرانە بزانم بە سەرچاوەکانی لای خۆمدا گەڕام ئەنجام بۆم دەرکەوت:

* پارچەی:

یارەب عەطاکەی

یارەب ئیمانم وەنەم عەطاکەی

لە لاپەڕە ١٢٩ی بەرگی چوارەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا هەیە بەڵام لەوێ لەژێر ناونیشانی (شیعرە خاوەن نەزانراوەکان)دا دانراوە.

* پارچەی:

فەلەك نەتاشام

من وێنەی ئازەر صەنەم نەتاشام

لە سەرچاوەی پێشوودا لە لاپەڕە ٦١دا بە ناوی چۆڕییەوە بڵاو کراوەتەوە.

* پارچەی:

ئەی دڵەی کەم فام

ئەی دڵەی ئەبلەی دێوانەی کەم فام

لە سەرچاوەی پێشوودا لە لاپەڕە ٦٢دا بڵاو کراوەتەوە.

هەر لەو کەشکۆڵەدا پارچەیەك شیعری تری هەیە هەر بەناوی (ئەحمەد بەگ)ەوە، لە سەرچاوەکانی بەردەستمدا نەمدۆزییەوە، لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە، بەڵکو دواتر زانیاریی زیاتری لەسەر بدۆزرێتەوە.

### ئەحمەد بەگی کۆماسی

**١**(*)

دڵـــە! جـــوانـــیت ویـــەرد پـــیـــریـــیـــەن

شێتـــە! شادیـــی شی هـــا زویـــریـــیـــەن

رۆی ئـــەوەڵ سفـــید سیـــا بـــی چـــون قـــیر

مووی سیای ئەوەڵ سفیدبی چون شیر

(*) لە (رەشید/٢) وەرگیراوە.

دووربینەکەی عەین بییەن تەنگ و تار
یـانـیٚ عـادەتـەن پـەی تـەنـگـیـی مـەزار
دندان جـە دەهــان یـەك تـاکی نـەمـەند
یانیٚ ها «دندان زیندەگیی وێم کەند»
پــــێشانم لــــووان وە بـــــان زانـــــوو
خـودا حــافـیـظـەن ئـەی هــەوار نـوو
فکریٚ کەر وەکار جەی وەرتـەر کەردەت
بـــاوەر وە خـــەیـــاڵ کــردەی ویـــەردەت
خـــەجـاڵـەت بـــەزم هــافـمـــەردانـەنـی
ئەنگوشت نە مابەین ئینس و جانەنی
خـــەجڵـەتت سەمـاو زەمین پـڕ کـەردەن
زوڵـمـەتت نـە عـەرش ئـەعلا ویـەردەن
عــالـەم هــەراسان تـەقـصیـر باریـیـەن
مــەلایك حــەیـران شەرمــەساریــیــەن
هــەر سەرزەمــیـنــیٚ پـا مـەنـەری لـێش
فـەریـاد مـەوانۆ هـەر ئـەشیـا پـەی وێش
مـیـزان جـە گـونـات دڵ بـە ئـەنـدێشەن
خـەون بــەن بـڕیــان گـرانـیـی پـێشەن
دۆزەخ فــریـــادش وە کـــورسی یـــاوان
زەمـــهـــەریـــر جـــە نـــاو تـاوانت تـاوان
سەقــەر پـەی ئـەعزات نـە ئینتیظـارەن
دەك وە سیاسەنگ بای! چۆنت قەرارەن؟
بـڕێزە ئـەسریـن پــەی چـارە شوومـیت
بـوانـە فـەردیـن خـاڵـۆی مـەعدوومیت:
«هـا جـە گـونـای مـن کـەرەم ئـاوانـتـەر
رەحــمت جــە تـــاوان مـــن فـــراوانـــتـــەر
هـــەر تـــۆنـــی وە تـــاق دانـــاو تـــەوانـــا
تۆم هەنی و هەنی وە کێم بۆ هانا؟»

بەڵ چون کەریمەن شای کەرەم بێ شۆ
بۆیە رجە تەقصیر شەرمەساری تۆ
نە گوزەشتەی تۆ گوزەشت بکەرۆ
ئەو بزورگتەرەن ئابڕووت نەوەرۆ
وەرنە نە مەحشەر دێوانەی ناشاد
ئاوات مەوازی وە دڵەی ناشاد
(ئەحمەد!) مەتەرسە گونات عەظیمەن
ئەحمەد شافیعەن خالیق کەریمەن

**ئەحمەد بەگی کۆماسی**

**٢**

وەهارنمانا...
وەهار رەنگ سەوز گوڵگوون نمانا
بوڵبوڵان نەغمەی زگاریی وانا
عاشقان جە چەم هووناوان شانا
دەریا وە رێزەی هووناو وە زەمین
پۆل نازداران جە لادا جەمین
سێڵات هۆرێزا! شەتاوان ماڵا
وەفر نساران بەرۆش وە باڵا
داران رەنگ سەبز پەیدا کەردەوە
رەنگ سیای تار جە وەی بەردەوە
وەفراو هۆرێزا شەتاوان جۆشا
عەرصەی سەرزەمین بەرگ سەبز پۆشا
شاخەی شەتاوان صەدای ساز تەرز
خەمان بەرد لە یاد دەماخان کەرد بەرز
سنوورچەی گوڵان جە نۆ پەیدابی
عاشقان بێ هۆش شێت و شەیدابی
ئەوەڵ وەنەوشە جە خاك هۆردا سەر
بۆی عەطر مەدا چون زوڵف دولبەر

بـــەڕەزا پـــەخشەن وەسەر ئـــەنـــدەردا
ئـــاوێزان بـــیـــەن وەسای کـــەمـــەردا
نـەورۆزگـوڵ کـریـاش تـاسەی سەراوان
ڕێزیـــا نـــە پـــای ڕێزەی شەتـــاوان
چـنـوور کۆنـە زێد لـەیلاخـان کەرد مەیل
جۆق جۆق جەم بەستەن وێنەی زوڵف لەیل
چـنـوور جـە سەرکـۆ وەنـەوشە لـە چەم
گـوڵ جـە گـوڵستـان جـە هـەم بـیـەن جـەم
سۆسەن ساق سەوز جـــــــەلا نساران
چـون طـەوافـچـیـان پـەی دیـن یـاران
عـــاشقـــان گـــولآن مـــەلـــەرزانـــەوە
صەف صەف جەم بەستەن وە بەرزانەوە
شەقـــایـــق مـــەدران جـــە لا نساران
زار زار مـــەگـــریـوان پـــەی دیـــن یـــاران
غەم گرتەن نە دڵ دەروون کەردەن کەیل
مـەواراش نـە چـەم ئـەسریـن وێنەی سەیل
گـــولآن بـــە صەد ڕەنگ زەمین پـــۆشنـــا
عـــاشقـــان سەودای دەروون جـــۆشنـــا
فـەصل کـەسێوەن جـە غـەم بـێزار بـۆ
جـە کـارخـانـەی فـەصڵ بـەهـار بـێدار بـۆ
کـەمـەر بـبـەنـدۆ هـەرصوب چـەنـی یـار
بـێ غــەم بـیـگـێڵـۆ دیــارە و دیــار
نەك چون من خەریك پەروەردەی زامەت
هــەر ئـاخ ئـاخـمـەن تـا ڕۆی قـیـامـەت
پـەی چێش کـە قیبلـەم چۆن نیەن دیار؟
بـێزارم جـە سەیـر گـولآن گـوڵـعـوزار
جـە دووری قـامـەت زوڵـف ئـەشد بـۆوان
بـــێزارم جـــە گشت سەبـــزی سەرکـــێوان

## ئەحمەد بەگ

**٣**(*)

(یـــا هـــو الـــواحـــد) وەقت نمای شام
یـــــا وەقت بـــــێوەقت وەقت نمای شام
بـە ئـایـەی شەریـف سی جـزمـەی کـەلام
بـە ئـەسمـای بـزورگ هـەزار و یـەك نـام
(یـا مـحـول الحال) نـەزاد و نـەمـەرد
پـادشای بـێ شەریك تـاك تـەنـیـای فـەرد
(یـاكـن فـیـكـون) كـارساز و كـەریـم
بـە ئـیسمـی شەریـف رەحـمـان و رەحـیم
یا نوقطەی نووربەخش نەقش (بسم الله)
یـــا نـــوور نـــاصر (نـــصر مـــن الـلـــه)
یـا نوقطـەی نووربـەخش شەمس مونـەوەر
یـا لـیقـای خـورشید كـان كۆی گـەوهـەر
(یـا مـالك الملك) هـەفت ئـاسمـانـان
یـا شای نـیگـەهـدار ئـەهـل زەمـانـان
نـیگـەهـدارنـدەی كـولـل زێبـا و زشت
یـا دەلـیـل خـەیـر دەردمـەنـدان گشت
یـا رەهـنـومـای چۆڵ لۆنگ پۆست پۆشان
یـا پـرشنگ نـوور دەروون پـڕ جـۆشان
یـا پـرشنگ نـوور شەمس زەڕیـن بـاڵ
یـا ئـیسم ئـەعـظـەم دانـای ذولجەلال
(یـا رسول الـلـه خـتـم الـنـبـیین)
(یـا دلـیـل الـلـه) پـیـر (مـلك الـدیـن)
شەرمـەسارەنـان كـەردەنم گـونـاه
جـە شەرمـەساریـم تـەوبـە (ربـنـا)

---

(*) لە (رەشید/٣) وەرگیراوە

مـن بـەنـدەی زەبـوون زەلـیـل زەحـمـەت
تـۆ کـان کـەرەم رەحـیـم و رەحـمـەت
بـە کـەریمی ویت کـیـبـریـای ئـەقـدەس
چـونـکـە زەلـیـلـم بـە فـریـادم رەس
یـا رەسوولـەڵـڵا ئـێـمـەیـچ ئـوممەتین
دۆعـاگـۆی پـەیـکـان چـەنـی دەوڵـەتین
جـە کـار گـەردوون (کـردان!)[١] نەلیلەن
(یـارسول الـلـه) بـە تـۆم دەخـیـلـەن
شەیـتـان بـەردەنش عـەقـڵ و فـام و رۆح
(تـوبـوا الـى الـلـه توبة نصوح)[*]

٤

جـــەژن یـــارانـــەن... ...
دڵـە صەبـا رۆی جـەژن یـارانـەن
وادەی شادی و زەوق هـەردە جـارانـەن
وەشی و بـەشارەت عـەیش یـارانـەن
فـەصل ئـامشۆی شەکـکـەر رازانـەن
دەست نـە مـل کـەردەن ئـاوات وازانـەن
ئـارایشکـەردەی گـرۆی خـاصانـەن
نـەظم و نـەزاکـەت مـودبـیـر مـاسانـەن
تـەرتـیـب مـەدان خـاڵ صونـع رەبـبـانـی
وە چـەم مـەکێشان سورمـەی سوبـحـانـی
سەراپـای وێشان زەرِبـافت بـپـۆشان
دەستـەبـەدەستـە پـۆل پـۆل مـەخـرۆشان
جـووتـە مـەویـنـان بـە یـانـانـەوە
یـەکـایـەك خـوێشان مـوانـانـەوە

(١) ئەم وشەم بەرێنووسەکەی خۆی نووسی، چونکە لێم روون نەبوو مەبەستی چییە، وەك بۆ (کوردان) دەشێ دەکرێ بۆ شتی تریش بەکار بێت.

(*) لە (رەشید/٥) وەرگیراوە

شەقــەی مــاچ و مــۆچ دەم لــەنــاوی دەم
گــەردەن ئــازادی مــەوانــان جــە هــەم
جــەو دمــا پــەی ذەوق شادی و عــیــد نــۆ
روونیان پەی گەشت صەحراو کەژ و کۆ
نــیــمــێ وە ساران نــیــمــێ شای داران
پــۆلــی مــەشان سای بــەرز چــنــاران
بــەعــزێ وە سەیــری گــوڵــغــونــچــەی رەزان
بــەعــزێ بــە عــەزم سەیــر سەربــەرزان
بــەعــزێ وە هــەوای سەیــری گــوڵــزاران
مــەکــەران گــوڵــگــەشت هــەردە و کــۆساران
دەستــەی خــاتــرتــەنگ سیــا مــەپــۆشان
مــەشان وە مــاوای شاری خــامــۆشان
شیــوەن مــەکــەران بــەو ئــەنــدازەوە
بــۆ مــەنــیــان وە بــۆی گــڵــکــۆی تــازەوە
نــیــمــێ شادیشەن شەوق و ذەوق داران
بــەعــزێ نــە دیــدە سێلات مــەواران
بــەعــزێ هــەم تــەنــاف (مــرخــز!) شاران
مــوەزان نــە شاخ بــەرزە ئــەشجــاران
یــا مــنــیــان تــەنــاف مــەیــان وە پــەرواز
گــێسوو مــەدان بــاد وێنــەی چــەپــی واز
هــەر ساڵــێ بــەو نــەوع شادی تــەمــامــەن
وەعدەی عیدی نەو پەرێ و گشت عامەن
غــەیــر جــە مــن و تــۆ دڵــەی هــیــجــران بــار
دوورکــەفــتــەی دۆستــان جــە یــاران پــێوار
نــە خــوێش، نــە دڵسۆز، نــە یــار، نــە یــاران
غــەریب و عــاجــز جــە گــۆشەی شاران
نــەدەنگ هــامسەر نــە دۆست و دڵسۆز
نــە کــەس مــەواچــۆ: جــەژنت بــۆ پــیــرۆز

جـه تـەنـخـوای شادی خـدێـمـان شیـنـەن
ڕەفـیـقـمـان خـەمـەن یـارمـان گـرینـەن
چـەنـی غـوصـە و غـەم دەست نـەگـەردەنـەن
جـــەژنمـان وێنـــەی ڕۆژ مـــەردەنـــەن
دەربـــەدەر کـــۆتـــان شاران بـــە شاران
(بخوایو!) مەهـجوور دوور جە گشت یاران
نـــە جـای ئـومـێدەن نـە فـریـاد ڕەسـەن
نـە کـەس مـەواچـۆ: ئـیـنـە چـە کـەسەن؟
مـەکـەروون خـەیـاڵ وە شیـنـی ڕۆزگـار
فـێشتـەر کـۆی خـەمـان وەنـەم مـەبـۆ بـار
عەیش و وەشی و زەوق جەی وەرتەر ساڵان
چـــەنـی هـامـدەردان نـازك نـەوهـاڵان
دایـــم مـــەویـــەرم وەشی بـــە وەشی
هـەی داد هـەی بـێداد وەشی بـەرمـەشی
ئـێشی غـەریـبـیـی عـەجـایـەب سەخـتـەن
یـاران بـزانـەن غـەریب بـەدبـەخـتـەن
خوصووصەن پەی من جە حەد ویەردەن
غـەریـبـم مـاچـان تـا وە ڕۆی مـەردەن
هـەرچـەنـد وەشیـیـان بین جـە لامـەوە
یـەك بـەصەد بـە غـەم دنـیـا دامـەوە
هەرکەس دڵ شاد کا بەی دنیای بێ پۆ
ئـاخـر پـەشیـمـان ڕەنجەڕۆ مـەبـۆ

٥

مـوطـریب بـۆ وە لای دڵـگـیـریمەوە
پـیـریـی هـا ئـامـا وە پـیـریمەوە
دووربـیـنـەکـەی عـەیـن بـیـەن تـەنگ و تـار
یـانـی عـادەتـەن پـەی تـەڵـخـیـی مـەزار

پـــێشانـــیت لـــوان وه بـــان زانـــوو[1]
خـودا حـافـیـظـەن پـەی هـەوار نـوو
دنـدان جـە دەهـان یـەك تـاقـی نـەمـەند
یـەعـنـی هـا دندان زیـنـدەگیت هـۆرکـەند
فـکـرێ دەر وه کـار جـەی وەرتـەر کـەردەت
بـاوەر وه خـەیـاڵ کـەردەی ویـەردەت
خـەجـاڵـەتـی بـەزم هـامـفـەردانـەنـی
ئـەنگوشت نـە مـابـەین ئینس و جانـەنی
خـەجڵـەتت سەمـاو زەمین پـڕ کـەردەن
زوڵـمـەتت نـە عـەرش ئـەعلا ویـەردەن
عـالـەم هـەراسان تـەقـصیـر باریـیـەن
مـەلایك حـەیـران شەرمـەساریـیـەن
دۆزەخ فـەریـادش وه کـورسی یـاوان
زەمـهـەریـر جـە تـاو تـاوانت تـاوان
مـیـزان جـە گـونـات دڵ بـە ئـەندێشەن
خـەوف بـن بـریـان گـرانـیـی پـێشەن
حـەریش پـەی ئـەعزات نـە ئـینـتـیـظارەن
دەك بـە سیـاسەنگ بـای! چـۆنت قـەرارەن؟
تـا نیـم گیـان مـەنـدەن تـۆبـە کـەر بـە دڵ
فـەردا (ربـنـا فـارجـع)[2] چـە حـاصل؟
لـە نـیـمـە شەودا جـە خـواب بـێدار بـەر
پەی جەستەی خەستەت زاریی و زگار کەر
دەست مـونـاجـات هـۆرداره وه دڵ
رووکـەر نـە دەرگـای حـەلکـەردەی موشکڵ

(١) ئەمە نزیکە لە مانای ئەو بەیتەی مەولەوییەوە کە دەفەرمووێ:

پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن

تەعظیم جـەنـاب پیریی لازمـەن

(٢) ئەمە ئاماژەیە بە ئایەتی (ربنا أبصرنا وسمعنا فارجعنا نعمل صالحا انا موقنون. السجدة/١٢).

بــرێزە ئــەسریــن پــەی چــارەشوومــی
بـوانـە (فـردیـن) خـاڵـۆی (مـەعدوومـی):
«یــا جــە گــونــای مـن کــەرەم ئـاوانــتــەر
رەحــمت جــە گــونــای مــن فــراوانـتــەر
هـــەر تـــۆنـــی وە تــاق دانــای تــەوانــا
تـۆم هــەنـی، هــەنـی وە کـێم بـۆ هــانـا؟»
(ئـەحـمـەد!) مـەتـرسە گـونـات عـەظـیـمـەن
شافـیـع ئـەحـمـەدەن، خـالـیـق کـەریمەن(*)

---

(*) لە (رەشید/٣) وەرگیراوە.

(*) ١- گەلاوێژ: ژ. ٧، س: ٥، ژ. ٩، س: ٥.

٢- ژین، ژ. ١٢٩٧.

٣- رۆشنبیری نویێ، ژ: ٤٥.

٤- بەیان، ژ. ٧١و ژ. ١٢٢

٥- هـاوکاری، ژ. ٩٢٠، ٥/١١/١٩٨٧، ژ. ٩٦٥، ١١/٤/١٩٨٨

٦- کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم: ٩-٤٦، بەرگی پێنجەم: ١٢٩، بەرگی شەشەم: ٥٠

## مەلا ئەحمەدی قسرت

مامۆستا نەجمەدین مەلا لە بارەیەوە نووسیویە:

مەلا ئەحمەد خەڵکی دێی (قسرت)ە کە لەسەر ناوچەی تانجەرۆیە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦٠م هاتووەتە دنیاوە لە ١٩٣٢دا لە دێی (بێستان سوور) کۆچی دوایی کردووە. خوێندنی لە سلێمانی و قەرەداغ تەواو کردووە. من خۆم دیبووم. مەلا ئەحمەد پیاوێکی تەڕ و قسەخۆش بوو، لە هەمووی خۆشتر هەڵبەستێکی (١٥٠) شیعریی هەیە سکاڵا لە دەست مشك ئەکا کە جەواڵێکی ڕەنگینیان کون کون کردووە. لەمەدا ئەڵێ:

یــەك جــەواڵــم بــوو کــاری نــیسکــەجــۆ
دەسکــردی (عــەدلــە) ڕەنــگین تــان و پــۆ

مەلا ئەحمەد لەگەڵ ئەو شێخە نەخوێندەوارانەی کە تۆبەی خەڵك دادەدەن هەمیشە ناکۆك بووە و لەگەڵیاندا دانووی نەکوڵاوە.

جارێك شێخێك دەچێتە ئاواییی بێستان سوور تۆبەی خەڵك دابدا مەلا ئەحمەد ئەڵێ:

شێخــێکــم ئــەوێ خــێڵان نــەگــەڕێ
لــە هــەمــوو مــاڵــێ سەگ پــێی نــەوەڕێ
سەرهــاری ژێرهــاڕ وە ددان مــەشهــوور
خاستر لە ئاشی چاوگەی بۆیسان سوور

***

وە لە دواییدا ئەم هەڵبەستەی خوارەوە دەنێرێ بۆ مامۆستایەکی خۆی (مەلا محەمەد ئەمین):

هـــــاتــــــووە بـــــۆیسان سوور... ...
مــامۆستــا شێخــێ هــاتــووە بۆیسان سوور
لــە ڕۆم تــا عــەجــەم لــە خــوار هــەتــا ژوور
هــەرگــیز شێخــی وا نــەهــاتــووە شارەزوور
بــنــازم بــە صونــع پــادشای غــەفــوور
تــەواو ڕووی دنــیــا پــڕ بــووە لــە نــوور
هــەرچــی مــەشایــخ هــاتــووە ئــەم نــاوە
وەك هــیــچ کــام نــیــە، هــێجــگار تــەواوە
خــەڵك ئــەیــوت: ئــەحــمــەد زۆر دڵــی ڕەقــە
بــێ تــۆبــە ئــەمــرێ جــێگــەی دۆزەقــە

ئـێستــە وا گــیــانم ئــیــخــلاسی بــووه
تــەواو گــەیــیــوم شلــیــقــەم[*] چووه
فــره حـــەز ئــەکـــەم تــۆیش دڵت نــەرم وێ
مــوخــلــیسی بــویــی ئــامشۆت گــەرم وێ

***

**وەڵامی مەلا محەمەد ئەمین:**

وەك شابـــــــاز نـــــــەوێ ... ...
مــــەلا مــــەشایـــخ وەك شابـــاز نـــەوێ
لـــە مـــەیـلـــی پـیـــران جـــێ نشین نـــەوێ
هـــەرزانـــەی مـــەحـــبـــووب مـحـێدیـن نـــەوێ
لـــە پـــێـنـــج تـــەریــقـــە خـــۆشەویست نـــەوێ
پـــەسەنـد مـــەعـقـوول گشت مـــەجلیس نـــەوێ
مـــوخـــلـــیسی نـــاوم ئــــامشۆی نـــاکـــەم
ئـــەوێ بـــگـــەڕێم شێخـــێ پـــەیـــداکـــەم
ئـــەر قـــولاو بـــدەی لـــە کـــاسەی چـــاوم
شێخ وەلـــی نـــەوێ مـــوخـــلـــیسی نـــاوم
حـــاکـــمـــی دنـــیـــایش تـــا تـــەواو نـــەوێ
روتـــبـــەی حـــوکـــمـــەتـــی بـــۆ رێ نـــاکـــەوێ

***

ئەم بابەتەم وەك خۆی لە ڕۆژنامەی (ژین)[1]ەوە گواستەوە ئێرە تا بیری خوێنەری بێنمەوە کە کاتی خۆی لە بەرگی سێیەمی ئەم کتێبەدا بابەتێکم بەناوی (مەلا ئەحمەد و شێخ و بێستان سوورە)وە بڵاو کردەوە، ئەو کاتە ناوی (مەلا ئەحمەدی قسرت)م نەبیستبوو نەمزانی ئەو مەلا ئەحمەدە کێیە: شیعرەکانی هەرچیم دەستکەوتبوو وەك خۆی بڵاوم کردەوە.

ئێستەیش کە ئەم دەستخەتەی مام رەشیدم دەستکەوت و ئەم شیعرانەی ئێرەی تێدایە، دەرکەوت کە ئەو مەلا ئەحمەدەی بێستان سوور و مەلا ئەحمەدی قسرت یەك کەسن و، بەم شیعرانەی ئێرە و

(*) شلیقە: میوەی گەیی و فلیقاوە.

(١) بڕوانە ژمارە: (١٣٦٤) ڕۆژنامەی ژین.

شیعرەکانی ئەوێی دیمەن و رواڵەتێکی باشتر و روونتری ئەو مامۆستا مەزنە دەزانرێت و، لە رووی ئەم باسەی رۆژنامەی ژینیشەوە تیشکی روونتر دەخرێتە سەر ژیانی مامۆستا.

هەروەها لە رووی باسەکەی ژینەوە سووچێکی زیانی قەرەبوونەکراوەی سامانی کەلەپووری ئەدەبی کوردی دەردەکەوێت. دیارە ئەم مامۆستا لە گەلێ بواردا شیعری گوتووە، چیرۆکە شیعر و، داستانە شیعری هەبووە، بەڵام چییان بەسەر هاتووە؟ لە کوێن؟ ماون یان نا؟ ئەمانە و چەندان پرسیاری تر جارێ بێ وەڵامن.

هەر بۆ نموونە: مامۆستا نەجمەدین مەلا باسی ئەم شیعرانەی نەکردووە کە ئێستە من بڵاویان دەکەمەوە. منیش هیچم لە بەسەرهاتی مشکخواردنی جەواڵەکەی مامۆستا نەبیستووە.

لێرەیشدا جارێکی تر ئەوە دێنمەوە ناو: مامۆستا نەجمەدین مەلا ئەو شیعر و بابەتانەی لەلا بووە و ئاگای لێیان بووە، بەڵام بەداخەوە دوای کۆچی دوایی ئەو، ئەو سامانەی چی بەسەرهات؟ ئەو دەستخەتانەی بۆ کوێ چوون و بران؟

## مەلا ئەحمەدی قسرت

### ١

کـــــــــــــــــــــــــــەرە رەشم رۆ...

بــــــاوکــــــی گشت کــــــەران کــــــەرە ڕەشم ڕۆ!

مــــەئــیــووس نــــە بــــەهـــار هـــەم بـــێ بـــەشم رۆ

جــــــە نــــــەسل کــــــەران زەنگ جــــــەشم رۆ

سەرکــــــردەی کــــــەران بــــــەغــــــداد شارم رۆ

جــــــەفــــــاکــــــێش دەرد رۆژگــــــارم رۆ!

ئــــەوەنــد زیــرەك بــو بــو ئــەحــواڵ خــۆی

هــــەرچــۆن مــــەیــلت بـــۆ وا بـــو جستـــوجــۆی!

خــەیـلــێ قـــانــیـع بــوو وە بــوون و نــەبــوون

خــوا نـــەکـــا یـــا شێخ بــێ طـــالــعــی تـــوون

حـــەوت ربـــەی بـــازاڕ بـــار پشتـــی بـــوو

لـــە گـــەردنـــیـــا بـــا شەقـــەی (گشتـــی!) بـــوو

زۆر پــڕ سەمــــەر بــوو بــۆ گشت ئــەحــواڵــی

کــیــفــایــەت ئــەگــەر تــەنــهــا بــۆ مــاڵــی

یـــا شێخ سوار ئـــەبـــووی بـــۆ هـــەمـــوو لایـــێ

هــیــچ نـــەتـــئـــەکـــێشا مـــنـــەتـــی شایـــێ

رەهەرڕەو و رەوان فرەمەنزڵ بڕ
چابوك و دلێر گوێ قوت سمخڕ
یا شێخ ئەم قسە لە عەقڵ رەدەن
هیچ تر نیە نفووس بەدەن
مادام ماڵ تۆن لە گورگ بێباکە
تەحقیقاتێکی بکەرووم چاکە
گورگی شارەزوور یەکتر شناسن
ماڵی جەنابت زۆر چاك ئەناسن
مادام ئەو گورگە وا بێ شوعوورەن
مەعلووم نابەڵەد مەکانش دوورەن
بە قووەی عەقڵ و فەهم و دیراسەت
هەم بە عیلمی حاڵ حوكمی سیاسەت
گێڵام کەژو کۆ جە هەرچوار تەرەف
جە داغ و حەسرەت کەف دام نە رووی کەف
جە پشت خراپە ئەم یاڵە و ئەو یاڵ
گورگێ دیم وە چەم کەوەی کۆهەن ساڵ
فرە وە دەماغ مەزبووت و دلێر
پاش پووچ، سنگ پان، وێنەی نەڕەشێر
دندان چون نێزەی کاموس کەشان
جە سەر تا وە دەم کەوەی بێ نیشان
خەیلێ وە هەیبەت تیسکن و گوێ لەق
دەست و پا قەوی دلێر و چاوزەق
خەوف نەکەرد جە من هیچ نەکەرد ئەندێش
وە بێ ترس و بیم ئاما هاتە پێش
کلکش لەقنا سەر نیا نە ئەرز
چون مەلای کوردان ئەدا کەردش فەرز
واتش: السلام مەولەوی ثانی
ئەرەستووی ئەیام جام مەعانی
بەحر ئەشعارت مەشهوور عامەن

سینـەت پـڕ جـە دوڕ دڵت چـون جـامـەن
فـرە ئـیـنـتـیـظـار لـەفـظ شیـریـنت
مـوحـتـاج بـە دیـن جـام جـەمـیـنت
دیـــارە پــــەشێو زۆر پـــڕ خـــەیـــاڵـــی
عـەجـەب نـەگـەردش ئـەم یـاڵ ئـەو یـاڵـی
چێش واقـیـع بـیـەن جـەنـابت وەی طـەور
کەفتەنی نە بەحر دەرد و جەفا و جەور؟
پـەی چـی مـەگـێڵـی نـە ئـەی کـەژوکـۆ
ئـیـددیـعـام ئـێدەن لـە جـەنـاب تـۆ؟
مـــورادت چـــێشەن بـــواچـــە جـــە لام
حـەلـقـە بـەگـۆشم تـا قـەرن ئـەیـام
ئـەگـەر خـزمـەتـێ راجـیـع کـەی پـەرێم
سەرم نـــەڕاتـــەن وە گشت کـــار وێم
قـــوربـــان ئـــەگـــەر تـــۆ عـــەدوێ داری
فـــرە حـــەز ئـــەکـــەم وە مـــن بسپـــاری
تـا وە یـەك هـەفـتـە گـا تـا حـەیـوانـی
وە عـیـلـمت قـەسەم بـکـەرووم فـانـی
(بـــاقـــی والسلام) قـــۆچ قـــوربـــانـــم
هـــەر ئـــەمـرێ داری مـنـەت وەگـیـانـم

## جەوابی مەلا

واتـم: ئـافـەریـن بـۆ عـەقـڵت مـامـە
... کـــێنـــی مـــەقـــامت کـــامـــە؟
هـەم نـامت چـێشەن؟ مـەقـامت جـە کۆن؟
(قـــطـــر و دوانـــم!) مـــن شۆن تـــۆن
بـە هـەیـبـەت وسام گـورگـی تـەواوی
مـەعـلـووم طـالـیب نـیت تـۆ وە بـەدنـاوی
هەرچی مەپەرسووم جە خەیر و جە شەڕ
جـە رووی راستـیـی وەنـەم دەر خـەبـەر

کـــارێ فـــره بـــەد دوێنـــێ قـــەومـــاوە
ئـــەو کـــارە لـــەکـــەس قـــەد رووی نـــەداوە
جـــەنـــاب شەریـــف کـــاکـــە شێخ عـــەلـــی
مـــن ئـــەڵـــێم شێخـــە تـــۆ بـــڵـــێ وەلـــی
ساکـــنـــە جـــە عـــەربـــەت ئـــەو خـــانـــەدانـــە
صاحـــیب تـــەکـــیـــە و فـــره مـــیـــهـــمـــانـــە
کـــەرێ رەشی بـــوو بـــە ئـــیسم کـــەر بـــی
شەوق مـــاڵش بـــێ صاحـــێب سەمـــەر بـــی
گـــورگـــێ خـــواردوویـــە مـــوعـــەطـــەل مـــاوە
قـــەد مـــەلا و شێخ ئـــەمـــە نـــەکـــراوە(!)
شکـــم لـــە تـــۆیـــە ئـــەمـــەت کـــردووە
ئـــابـــڕووی شێخ و مـــەلات بـــردووە
ئـــیستـــە چـــونکـــە تـــۆ وە عـــەقـــل و فـــامـــی
لـــە فـــەنـــن گـــورگـــیـــی یـــەکجـــار تـــەمـــامـــی
بـــێ وە مـــەصلـــەحـــەت وە رەئـــیـــو تـــەدبـــیر
بـــچـــین بـــۆ عـــەربـــەت بـــۆ خزمـــەت مـــودیـــر
لـــە لای بـــاشچـــاوەش یـــاران پـــۆلـــیس
حـــوکـــم سیـــاسەت حـــاکـــمـــی ئـــینـــگـــلـــیس
هـــەیـــئـــەتـــێ تـــەواو لـــە عـــەربـــەت جـــەمـــە
هـــەر دوو حـــازر بـــیـــن بـــۆ مـــوحـــاکـــەمـــە
دەست هـــەڵـــنـــاگـــرم ئـــەمـــە رووی داوە
ئـــەگـــەر رۆحـــی خـــۆم وە زایـــە داوە
لـــەمـــەولا ئـــەمـــە ئـــەکـــا سیـــرایـــەت
ئـــەبـــێ بـــە داستـــان هـــەم بـــە حـــیـــکـــایـــەت
خـــوێنـــی کـــەرە ڕەش قـــەد نـــابـــێ تـــەمـــام
گـــەرەکـــە جـــە تـــۆ (بـــاقـــی والسلام)

## جەوابی گورگ

گـورگ هـــاتــە جــواب واتش: فــیــداتــبــام
فـــەرمـــایشاتت صەحـــیـــحـــەن جـــە لام
ئـەمرت مـوطـاعـەن فـەرمـوودەت خـاصەن
فـەرمـانت دروست بـێ خـیـلاف راسـتـەن
حـیـددەت مـەفـەرمـوو جـە بـەندەی فـەقـیر
وە دام هـیـچـکـەس مـن نـەبـووگـم گـیـر
خـــیـــلاف و درۆ نـــیـــەن جـــە ذاتـــم
گـوسـتـــاخ مـــەیـــدان رۆژ هـــەیــهـــاتــم
درۆ صنـــعـــــات بـــێ دەســتـــەڵاتــــەن
نـــیـــزاع و جــــەدەل وە مـــن خـــەڵاتـــەن
ئــەصڵ و نــەسـەبــم مــەپــەرسی ئـەحـواڵ
دوو ساڵـــەن وێڵـــم لـــە شوێن کـوردە مـاڵ
وەلـــێ مـــن زادەی خـــاك خـــۆشنـــاوم
لـــە عـــەشرەتـــی خـــۆم وە ڕق تـــۆراوم
نـاوم قـەیـقـۆشەن فـەرزەنـد مـیـهـراس
هـەرچـی مـەپـرسی جە من بـاس و خواس
بـەگ و بـەگـلـەریـن پـڕ زۆر و سامـیـن
بـێ خـەوف و ئـەندێش مـەشهوور عـامـین
تـــەنـــهـــا مـــن غـــەریب هـــام لـــەم وڵاتـــە
هـیـچ بـاکـم نـیـە قـوربـان لـەم واتـە
مـــن نـــەمـــکـــردوە قـــەد کـــاری چـــرووك
طـالیب نـیم هـەرگـیز بـە فـەرمان سووك
مـــاڵ لات و لـــووت هـــەژار و فـــەقـــیـــر
قـــەد نـــەمـــخـــواردوە ئـــەبــم خــوداگــیــر
بـــە ئـــیسم گـــورگـــم بـــزانـــە شێرم
گـەر لـە ئـاسمـان بـێ بـەشی خـۆم تێرم

قـەت تـێنـافـکـرم هـەرگـیـز نـاپـرسم
هـەرچـی مـەیـلـم بـێ ئـەیـکـەم نـاترسم
بـا جـە خـزمـەتـتـا نـەبـۆ عـەرض و تـوول
رۆژێ ئــەگــریــام زۆر وە دڵ مــەلــوول
نـاگـاه کـەرە ڕەش جـە دوور دیـم وە چـەم
چـرا مــەکــەردش بـێ بـاك و بـێ غـەم
مـن ئـامـام وە لاش دیـم کـەرێ خـاسەن
بـۆ صـاحـێبـی خـۆی مـایـەی ئـەساسەن
چون ئەوەند مێ و شەك كوردانم وەردەن
قـەد ئـارەزووی گـۆشت کـەرم نـەکـەردەن
زۆر حـەیـفـم لـێ هـات نـەکـێشم خـاوی
بـێ زەرەر بـۆ مـن ئـەبـوو بـەدنـاوی
مـوضیـرڕی ئـیـرث پشتـاو پشتـمـانـە
نـامـەی ئـەبـەدیـی هـا لـە مشتـمـانـە
هـەمـوو چشت راجـیـع بـە ئـەصل خـۆیـە
(کـلـی و حـلـەیـی!) بـە تـان و پـۆیـە
دوو سێ قــەپــاڵــەم داوە لــە رانــی
خــێوی دانــیشێ دەستــە زەڕانــی!
ئــەگــەر مـاڵ شێخـە لـەبـەر تـەبـەڕوك
هــەرکــەسێ تـر بـێ زەرەرێکـی سووك
ئێستـە ئـەی جـەنـاب هـەرچـی مـەیلـتـەن
سەروگـیـان و رۆح گشت طـوفـەیـلـتـەن
بـەڵام بـۆ عـەربـەت زۆر پـێم نـاخـۆشە
مـەفـەرمـوو، ئـەوە خـەیـاڵـێ بـۆشە
چـونـکـە قـەبـاحـەت دنـیـا گشت پـێمـە
بـێم تـا مـردن حـەبسخـانـە جـێمـە
قـوربـان رۆح مـن مـەدەر بـە زایـە
تـایـفـەی مـەلا وەکـو گـورگ وایـە
ئـێوە لـە ئـێمـە زیـاتـر مـەسئـوولـن

دائــیـم لــە خــزمــەت شەرع رەسوولــن
لـــە رێگـــای راستـــی نـــاڕۆن لـــە رێوە
بـــەقـــەد گشت دنـیـا ئـــەخـۆن لـە جـێوە
بـــۆ بـــەرتـــیـل خـــواردن فـــرە دلـــێرن
لـە رێگـای ڕاستـی –دوور لـە تـۆ– کـوێرن
شەرعـــی رەسوولـــتـــان یـــەکسەر گـــۆڕاوە
تـــەواو دیـــنـــتـــان وە تـــەمـــاع داوە
نـــە زوهـــد و نـــە شەرع نـــە شەوبـــێداری
نـــە پـــارێزکـــردن نـــەخـــود پـــنـــداری
بـۆ صاحـێب پـارە یـەکـجـار مـەزبـووتـن
بـۆ ئـیشی فـەقـیـر چـەنـدێ لالـووتـن
تۆ کـە عـیلـمت هـەس کـوانـێ نیشانـەت؟
کـــوانـــی صەفـــوەتت دیـــن و دیـــانـــەت؟
ژن تـــەڵاق دریـــا بـــە سێ تـــەڵاقـــە
بـــێ شەرت و شرووط وە بـــێ عـــەلاقـــە
(حـتـی تـنـکـحـوا) نـاوەری وە هـۆش!
(زوجـــا غـــیـــره) کـــردی فـــەرامـــۆش
چـاو ئـەنـووقـێنـێ لـە بـۆ پـارە و پـوول
نـاتـرسی لـە قـەول خـوداو هـەم رەسوول
حـــەیـــفـــەن تـــۆ دیـــنت بـــە دنـــیـــا داوە
مـــەلا بـــۆ تـــەمـــاع حـــەیـــات تـــکـــاوە
مەنعی خەڵق ئـەکەن لـە نـەهـی و مونکەر
خـۆتـان لـە خـیـلاف نـاکـەن (الـحـذر)
فـەتـوای نـالایـەق ئـەمـر نـاصەحـیـح
داخـلـن وە رای بـێ شەرعـی و قـەبـیـح
مـــەلا ئـــەر واچـــووم لـــەم قسە و بـــاسە
جـەوابت چـێشەن؟ نـیـتـە هـەنـاسە!
مـەنـعـی مـن مـەکـە تۆ خـۆت بـکـرە کـەر
دنـیـا نـاچـێـتـە سەر بـۆت (وجـوره جـر!)

(حی علی الصلا) ئێمە کە گورگین
دایم لە تەعقیب مەعاش و ورگین
دزی و شەوگەردی زەرەری ئینسان
ئیرث ئێمەیە لە جان بن جان
تو خوا قوربان تۆبە لە ئەفعال
لەم باس و خواسە مەکەر قیل و قال
بۆیە وە بێ باك ئیمام و حوضوور
تۆیش وەك من گورگی های لە شارەزوور
بۆ گرۆی گورگان ببە بە ئەوقات
لە رۆژی تەنگیی بماندەر نەجات
با ئێمە زەرەر بدەین لە هەرکەس
(گمشادی) کاران تەنها تۆمان هەس!
گەر بۆ شێخ عەلی زۆر پێت گرانە
بەهای کەرە ڕەش بسێنە گیانە
کوێخای بۆستان سوور قەرەگۆل قالە
لە دێی باریکە بۆ محە لالە
لە یەخی ماڵی قادر هەواس
خەراجیان حەسەن، چوارتاق براخاس
حەمە مصطەفا، قادر وەسمان
خەرابە مارف، کەریم پەری خان
جەناب مەلا! خوێن کەرە ڕەش
لەم کوێخایانە یەکسەر بکەر بەش
ماڵی قەرانێ هیچی پێ نایێ
کەری فەوتاوە بۆی بدە بە گایێ
(باقی والسلام) ئینە ئەحواڵە
با هیلاك نەوی لەم یاڵە و یاڵە
وەقتێ شنەفتم لە گورگ ئەی جەواب
هیچ چارە نەبو غەیر جە رای صەواب(*)

(*) لە (رەشید/٣) وەرگیراوە

٣

خـزمـیـنـه هـاوار قـەومـیـنـه ئـامـان
شێخ حـەتـا دەروێش کـورد تـا بـە گۆران
-خـودا بـەڵا نـەدا- خـراو قـەوماوە
بـێفـەڕ هـەرایـێ تـازە رووی داوە
شەڕو تـڕ ئـەمـەس قـەزا وە لاوە
ریشی پـیـاو ئـەگـرێ هـەر لـە نـاکـاوە
قـەزایـێ خـراو یـەقـەی گـرتـوووم
لـەم هـات و چـۆیـە بـە فـەنـا چـووم
یـەك پـەڵـە خـەلـە شکـارتـەی ئـیمساڵ
تـەمـام بـی بـە ئـەو بـینـا بـنـێم مـاڵ
وەهـەردوو قسرت جـووتـی شێخ ئـۆمـەر
مـن شکـارتـەم کـرد وە چـەند دەردی سەر
بـەڵام جـێگـەکـەی سەنـێرگـە و هـەوار
یـەکـجـار بـە قـووەت چـون بنگـەی بـەهـار
خـەلـەیـێ بـەی طـەور پـوخت و بـێ زێوان
خـەلـەی شارەزوور تـا وە مـەریـوان
چـون ئـەو شکـارتـە نـەهـاتـبـووە دەر
وە شەوق و وە ذەوق دایـم سەرگـوڵ تـەڕ
بـاڵا بـەرز چـون نـەی قـەڵـەو گـوڵ قـەوی
رەش و سیـاڕەنگ زۆر دوور لـە زەوی
وشکـی تـیـا نـەبـوو بـە غـەیـرەز تـەڕی
دەستت بـۆ ئـەبـرد وەك کـل ئـەپـەڕی
نـەمـهـێشتـووە مشکـێ رێ بـخـاتـە نـاوی
وە مـووشە دەمـە دەرمـەکـرد چـاوی
واتـم: مـن چـبـکـەم لـەم خـەلـە ئـیمساڵ؟
نـە چـاڵ ئـەیگـرێ نـە جـێ هـەس لـە مـاڵ!

واخـاسه تـەگـبـیـر بـکـەم لـەم خـەڵـه
بـیـدەم بـه ئـەسبـاب پـێکـۆنـێم گـەڵـه
تـا وەخـتـێ کـه جـاف هـاتـه شارەزوور
ورد و بـوچـکـی کـورد بـێ شوعـوور
بـۆ پـاسەبـانـیـی ڕۆژێ چـوومـه خـوار
کـه دیـم گـەڵـەیـێ بـەسەر تـا هـەزار
بـێ درۆ و گـەزاف نـیـمـەی مـاڵـیـیـه
یـاڕەب نـەویـنـێ کـەس ئـەو تـاڵـیـیـه
حـەتـا خـواردوویـه هـەنـی ژێر پـایـه
هـەرچـی قـەزا هـەس وەسەر مـەلایـه
وەقـتـێ ئـەمـەم دی نـزیك بـی مـەرگـم
دڵـم هـاتـه جـۆش لـەتـلـەت بـی جـەرگـم
زیـرەی زایـەڵـەی هـاڕەی صەدای بـەرز
شیـن بـێ سامـان ئـەعزام نـیشت نـه لـەرز
خـەڵـەی کـەس نـەبـووگ بـالا بـەرزم ڕۆ!
چـون (یـنگیـه!) بـڕاو صاحـیب تـەرزم ڕۆ!
ئـەساس گـڵ خـاس قـەوی ساقـم ڕۆ!
وه ران کـوردان بـێ تـفـاقـم ڕۆ!
زەوق و شەوق دڵ مـایـەی مـاڵـم ڕۆ!
ئـارەزووی دەروون شادیـی حـاڵـم ڕۆ!
دیـم کـه شوانـێ ئـامـا وه لامـەوە!
وام زانـی مـاره دای وه ژێر پـامـەوە(!)
سەرزل و مل پان قوون قەوی بێ فەڕ
سەگ و بـاوه حـیـز چـون گـەمـاڵ گـەڕ
وتـم کـوردانـه بـخـوڕم لـەم شوانـه
نـەك فـەرقـم بـکـا بـێژێ گـۆرانـه!
واتـم: هـۆ شوانـه سەرزل گـوێ لـەق!
قـنـگت لایـەقـه بـۆ مـەیـدان شەق

گوێ پان لووت فش بەدشكڵ بەدزەڕ
لە سەگ هەوشار زیاتر هەڵەوەڕ
چون كەری دێزە بێ فام و شوعوور
وە ریش باوكت گشت گووی شارەزوور
وات: خوا هەڵنەگری لەم كاورای بۆزە
ئەم قول باریكە دەم چون دەم گۆزە
ها ها ئەیێژم: بە ئیمام شاسوار
بە گاڵۆك لایێ سەری بێرمە خوار
ئای بێفەڕ مەلا كەف دەریا سەر
گۆران ڕەنگ لاچۆ لە من لادە شەڕ
كوردانە ئەخوری بەلام گۆرانی
راگەی دین گوم كەر گشت موسوڵمانی
باوەشێ مێزەر ئەوەستنە سەر
لە هیچ ناشەرعیی ناكەن (الحذر)
جۆش بەدبەختی شێخ و مەلایە
هەر كامتان وەلین خراوتر وایە
نیكاح سیرمەپێچ طەلاق سەرسەریی
مەخلووقات لە دین ئەكەن بێ بەریی
نامەوێ بۆ من ژن بكەی نیكاح
من هەر خەریكم دایم بە زیناح
گەر كەسێ سەرپاك دەرچێ لە ماڵی
قەد بەزەویتان نایێ بە حاڵی
وتم: ئەی شوانە بێ عەقڵ و كەماڵ!
وەحش سەحرایی، رەفیق گەماڵ!
لە رێگا باوكت دایكتی گاوە
هەم بەسەر كۆچۆ تۆی فرەداوە
من هاوڕیشت نیم هیچ حەقم نیە
ناوی صاحێبی ئەم گەلە چیە؟

واتش: ئـــەی مـــەلا صاحـــێبـــی گـــەلـــە
پـێی وتـم: پـاریز مـەکـە لـەم خـەلـە
راستـــی پـــێت بـــێژم هـــەیـدەر نـاویـە
دنـــیـــا نـــەگـــەردش حـــەلــقـــەی داویـــە
زۆر مـوسڵـمـانـە صاحـێب ئـیـخـلاصە
بـــێ رۆژە و نـــمـــاز خـــوا نـــەنـــاسە(!)
نـــاگـــاە دیـــم هـــەیـــدەر ئـــامـــا جـــەلاوە
وەك قـــەزای نـــاخـــێر دەم وە بـــەڵاوە
نـــاتـــرزی بـــەدفـــەڕ زشت و نـــابـــەکـــار(!)
سیـــا پـــەڵاسێ چـــون تـــەختـــەی دەوار
وە صنـــع کـــامـــڵ وە رەفـــتـــار حـــیـــمـــار
هـەیـئـەت شەیـاطـیـن شەیـتـانیی گوفتـار
وات: مـــــەلا گـــــڕی شوانت بـــــۆ داوە؟
خـــۆزگـــە نـــەدەبـــوون وە رووی دنـــیـــاوە!
وتـــم: بـــە عـــەقـــڵ بـــێمـــە گـــفـــتـــوگـــۆ
نـــەك ئـــەم بـــەدبـــەختـــە بـــمـــکـــا رەنـــجـــەڕۆ
واتـــم: رێی دیـــنـــی پـــێ دەرووم نـــیـــشان
نـــمـــاز و زەکـــات رۆژەی رەمـــەزان
وتـــی: ئـــەو شوانـــە وەحشی سەحـــرایـــە
بـــێ خـــەبـــەر جـــە قـــەول شێخ و مـــەلایـــە
تـــۆ بـــە مـــن بـــێژە هـــەرچـــی ئـــەزانـــی
لـــە شەرت و ئـــایـــیـــن رای مـــوسڵـــمـــانـــی
واتـم: مـام هـەیـدەر خـودای تـۆ کـێیـە؟
پـێغـەمـبـەرت کـێس؟ قـیبلـەت کـام جـێیـە؟
وتـــی: ئـــەی مـــەلا ئـــەم بـــەحس و ریسە
ئـــەم حـــیـــکـــایـــەتـــە ئـــەم سەرگـــوریسە
خـــەبـــەرم نـــیـــە لـــەم تـــان و پـــۆیـــە
سەر چـەرمـەی بـێ فـەڕ گشت فـێڵـی تۆیـە!

ئێژن پێغەمبەر قەومی خوایە
ئیمام شاسوار قیبلەی دنیایە
ئێمەی خۆش ئەوێ باری تەعالا
گۆرانی ناوێ، نایتەوێ مەلا
جە ئەزەلەوە گۆران کری بووگە(!)
جورائیل ئێوەی دروست کردگە
نوێژ و ڕۆژوو کەی کەسبی کوردانە؟
گشت خوا داویە وە مل گۆرانە
من موعەطەل مام لەم قسە و باسە
لەم حیکایەتە، لەم ئەلخەنناسە
راستە مام هەیدەر نەمروودە باوکت
ئارەزووی بووە چووەتە لای دایکت
دایکت و دێڵەباز ئەحواڵیان خاصە
لەگەڵ گەماڵ بۆر باوکیشت واسە
شەرت بۆ ژیانم پەی تۆ بۆ هەیدەر
شەرت بۆ زبانم پەی تۆ بۆ هەیدەر
بە دایم وەصف و ثەنات کەم هەیدەر
عەلەمێ بۆ تۆ بەرپاکەم هەیدەر
باوەلباوی تۆ رسواکەم هەیدەر
چەنی تۆ دایم دەعواکەم هەیدەر
مێ چەرموو کەرچار لە جێی باوکتە
دێڵەڕەش تیسکن خۆیشکی دایکتە
جەدتان کچێکی بوو جینسی ئێوە
هیچ نەیدا بە شوو خۆی کردی پێوە
هەیدەر بە راستی ئەرکناچەت هەس
چون مەردی ئازا لێی پەڕە دوو دەس
نەعلەتنامەتان کچ نەدەن بە کەس
تا بۆ خۆتان هەن زاواتان بۆ چەس؟

ئــــەجــــداد سەگت بــــۆ چ دانـــــەڕزی؟
کــاسەی حــەزرەتــی شوعــەیــبــیــان دزی!
زۆر نـــامـــوبـــارەك زۆر بـــەدرەفـــتـــارن
زۆر کــەر و ئــەحــمــەق زۆر خــەتــابــارن
نـــێزەی نـــێزەدار بـــنـــبـــاری بـــەستـــم
هــەرچــی مــەشاکــە بــیــدەن بــە دەستــم
هــەمــوو بــە دیــیــاری بــیــبــەم بــۆ حــەرەم
هێشتا دەیێژی: بەش دو ئەونەی تر هەم!
ئــافــەریــن حــەیــدەر بــۆ ئــەو حــەرەمــە
مــەشاکــی دنــیــای بــۆ بــەری کــەمــە
کــچــێکــی هــەیــە قــوڵ و قــاپ قــیــری
بــەشی دنـــیـــایــە لـــێوگـــەز (تــیــری!)
بــەڵام وریـــابـــە مـــەزبـــووتـــە بــۆ دان
هــیــچ فــەرق نــاکــا کــورد بــێ یــا گــۆران
هــەیــدەر لــەمــەولا هــیــچ مــەبــە مــوضیــڕ
بــۆ ئــەم گــوفــتــارە تــۆ مــەبــە دڵــگــیــر
لـــەمـــەیش خـــراپـــتـــر هـــەیـــە لـــەولاوە
نـــــەك تـــــووشی بـــــیــت وە بـــــەڵاوە
ئــەگــەر بــە راستــی مــن بــمــکــردایــە
دەبــوایــێ کــەسێ لــە جــاف نــەمــایــە
مـــەلاحـــەزەتـــم خـــەیـــلـــێ کـــردووە
دەستــم بــۆ بــوخــچــەی ژوور نــەبــردووە
بــا تــیــا بــمــێنــێ هــەم کــۆتــا بــێ بــەس
هــەیــدەر تــا مــاوی نــەخــۆی خــەلــەی کــەس

## میرزا ئەڵماس خان

**١**(*)

روێ نــــمـــــای شام وەخت ئــــێوار بــــی
ئـــافـــتـــاب نـــە پشت پـــەردە پـــێوار بـــی
خـێڵـخـانـەی لـەیل کـۆچ کـەرد وە مـەنـزل
شی وە کـــــەژاوە وێنـــــەی دەستـــــەگـــــوڵ
هـــیـــجـــران کـــەشیـــدە چـــون سەوڵ ساڵان
دیـــدەش شی نـــە خـــاو خـــەم خـــەیـــاڵان
ساقـــی مـــەگـــێڵا چـــون سپـــی تـــەتـــار
پـــەی قـــەزای قـــودرەت بـــڕیـــا جـــە قـــیـــطـــار
هـــەوای بـــورج بـــەرز جـــامـــبـــازەی دەوان
بـــەو چـــۆڵ مـــەسکـــەن مـــەجـــنـــوون بـــی ڕەوان
بـــێدار بـــی نـــەخـــواب وێنـــەی قـــورص زەڕ
دیش کـــە هـــەردەی چـــۆڵ بـــیـــابـــان بـــەڕ
چـــون غـــونـــچـــەی غـــەمـــگـــیـــن نـــە لـــێو خـــاران
چـــەوگـــە جـــیـــامـــەنـــد لـــەیـــلـــێ جـــە یـــاران
درەنـــــگـــــێ گـــــێڵا وە جـــــامـــــبـــــازەوە
دیـــدەش بـــە ئـــەسریـــن بـــێ ئـــەنـــدازەوە
دیـــا چـــون تـــەتـــار تـــاك تـــەنـــیـــای فـــەرد
خوداوەند جە غەیب مەجنوون پەیدا کەرد
مـەجـنـوون جامبـازەی لـەیـلـێ دی جـە دوور
نـــە پـــای سەنگ سەخت مـــەگـــێڵا زەروور
بێ خەوف پەرسا لێش: ئارێ بەندەی وێڵ
هـەرگـیـز نـەدیـن چـاك بـیـابـانـان گـێڵ؟
مـــەجـــنـــوون چـــۆڵـــگـــەرد بـــیـــابـــان مـــاوا
دوود هـــــەنـــــاسەش وە ئـــــەفـــــلاك یـــــاوا

(*) لە (ڕەشید/٣) وەرگیراوە

جــە سەودای جـیــهــان دڵ ئــازار تــەنگ
جـــە داخ لــەیــلــێ گــێڵــیــا جــە رەنگ
لــەیــلــێ پــێوە بــی جــە حــوسن و سایــە
زیــاتـــەر جــە حــوسن وەریــن صەد پــایــە
لــەیلــێ نــمــای زیـنــەت ئــاو بــیــابــان زێد
نــە ئـێد نــاساش ئــەو نــە ئــەونــاساش ئـێد
لەیلێ وات: ئەی شەخس پەی کێ شینتەن؟
شیـــن رەستـــاخـــێز کــێ نـــەدیـــنـــتـــەن!
بــەی تــەم و تــۆفــان جــەی هــەردەی سەردە
پـــەی کــێ مــەگــێڵــی هـــەردە وە هـــەردە؟
مـــەر کــــەست مـــەردەن بـــەی دیــــارەوە
زار زار مـــــەگـــــیـــــروی وە زگـــــارەوە؟
واتش: فـــریشتـــەی خـــاڵ خـــودا رەشتـــە
لــەب کــان شەربــەت کــەس لــێ نــەچــەشتــە
بـــــاڵا سەوڵ ساف چـــــون ستـــــوون زەڕ
فـــەرد هـــەردەی چـــۆڵ بـــیـــابـــان بـــەڕ
مــەجـنــوون مــەوانــان نــەمــەنــدەن فــامــم
جــەی وەرتــەر بــە قــەیس مــەبــەردەن نــامــم
ئــاهــوان هــامــڕاز، مــەقــامــم هــەردەن
نــەدیــن بــاڵای لــەیــلــێ پــێم کــەردەن
لــەیــلــێ خــجــڵ مــەنــد جــە حــاڵ دەردش
جــە جــەستــەی پــەشێو هــەنــاسەی سەردش
خــەیــلــێ زایــەڵــەی بــێ ئــەنــدازە کــەرد
هــیــجــران مــەجــنــوون جــە نــۆ تــازە کــەرد
مەجنوون پەرسا لێش: ئەی خورشید جەمین
جــەمــیــن پــڕ جــە نــوور (رب الــعــالــمــیــن)
مــن پــەرێ لــەیــلــێ شیــن و زاریـــمـــەن
پـــەی نـــەدیـــن ئـــەو بـــێ قـــەراریـــمـــەن

تۆ پەژارەی کێ نە دەروون داری؟
پەی کێ مەڕێزی ئەسری مرواری؟
واتش: ئەی بەندەی دێوانەی کەم فام!
مەر نەمەشناسی لەیلێ جەمین جام؟
خالانم دانە، زوڵفانم دامەن
ئەر لەیلێ دۆزی من لەیلم نامەن
مەجنوون غەمگین جە یاران غایب
جە ڕێزەی رازان لەیلێ بی غایب
بێهۆش بی نەوجا (ایمان!) هەردە بی
چمان صەد ساڵە نەوجا مەردەبی
لەیلێ سەرهۆر گرت نە رووی زەمینش
کەردش وە پشتان بالای شیرینش
پەیاپەی مایەی میشك عەتاران
دا نە دەماغش چون بەینەتداران
جە کردەی عەبیر جە بۆی مایەی میشك
ئاوەردش وە هۆش غەلطان لەب خوشك
دەست دا نە دیدەش بێدار بیەوە
نیگا کەرد وە چەم لەیلێ دیەوە
گەرتش نەباوەش بە مۆبەت میهر
واتش: چە خێرەن عاقیبەت وە خەیر؟
بە مەیل مۆبەت باوەش لەیلێ!
بە گۆشواران نە گۆش لەیلێ!
بە پاو و موهرەی خرخاڵ لەیلێ!
بە جەواهیر دانە نە باڵ لەیلێ!
بە تاق ئەبرۆی بەرزان لەیلێ!
بە بالای چون تووڵ لەرزان لەیلێ!
وەس لەیل لەیل کەر لەیلێ ها جەلات
فەلەك سازنا کاران وە صەلات
واتش: یە تۆنی ئەی رۆح رەوان
شەمع شەوق ئەنگێز رۆشنی شەوان؟

چـه تـەور ئـامـانـی؟ یـه چـۆنت زانـا؟
کـێ ئـاوەرد پـەرێت جـەی وەرتـەر هـانـا؟
یـه دەست تـووەن نـه گـەردەنـەمـدا؟
یـاوای بـه فـریـای رۆی مـەردەنـمـدا
سەرسام تـوەنـان ئـەی بـەرگـوزیـدەم
سای زوڵـفت کـەفـتـەن وه بـان دیـدەم
نـمـەز یـه خـاڵ یـا خـۆ خـاوەنـان
یـام یـه خـاکـپـای تـۆ نـەزاوەنـان؟
لـەیلـێ وات: مـەجـنـوون یه چه ئـەندێشەن؟
ئـەی فـکـرو خـەیـاڵ ئـەفسانـه چـێشەن؟
تـۆ جـه تـوشنـەگـیـی تـەنت لـەرزانـەن
بـنـۆشه بـه شاد شەربـەت ئـەرزانـەن
مـەوات یـه خـواب بـی بـوسه بـه مـن کـەرد
لـەیلـێ نـمـانـا عـەقـڵ و فـامـم بـەرد
مـورغـێ جـه مـەسکـەن مـاوای شامـەوه
بـه بـێ خـەون ئـامـا نـیشت بـەلامـەوه
خـوداوەنـد رشتـه زەریـف زوڵـف و خـاڵ
رێزەی زەڕوەرەق مـەڕێزاش نـه بـاڵ
ئـامـا بـه پـەنـهـان چـەنـیـم وه راوه
دەمـێ جـۆگـه نـیشت شی وه دمـاوه
نـەبـی بـه قسمـەت بـەنـدەی خـاتـر رێش
پـەشیـمـانـم کـەرد شی وەجـاگـەی وێش
طـەبـیب دەردم بـه تـاجـیـل ئـامـا
وێنـەی دڵسۆزان بـه زامـم فـامـا
جـه تـاڵـەی زەبـوون بـەخت و چـارەی وێم
جـه نـەحسیـی خـەیـاڵ پـڕ پـەژارەی وێم
ئـەو شی پـەی مـەسکـەن مـن جـا مـامـەوه
گـرفـتـار بـه بـەنـد سەودای خـامـەوه

تأريخ السنة ٩٥٦/٨/٢٤. خەطاط رەشيد هەمەوەند

## مام بەكر خومانە (*)(١)

پیری بێزارم، پیری بێزارم!
پیری من جە كار كردەت بێزارم
تۆ وێت مەزانی من كەفتەكارم
پەی چێش وەی تەورە ئامای نە چارم؟
بەزەویت ناما وەپیریمە دا
بەسەرگەردانی روو زەردیمەدا
ناغافڵ ئامای یانەم بەردی بەس
قایم دامانم گرتەنی وە دەس
مووی سكەكەی سیاە كەردەنت سفید
نیشانەی مەرگم ئاوەردی وە دید
بار كۆگای غەم نیای نە شانم
جوانیم كۆچ كەرد لەنگ بی زوانم
ستانات تاقەت تاب پڕ تافم
شێونات جەولان مەردی مەصافم
صەوم و صەلەوات مەرد مەیدانی
گشت جەلام جەم بی وەخت جوانی
هەرتاكە دەوران دنیام وە كام بی
جە لای نازداران قەدرم زیاد بی
ئێستە یەكایەك چەنەم بێزارەن
مەواچان: پیرەن بێ ئیعتیبارەن!
مەردەن لە ژیان خەیلێ خاستەرەن
ژیان بێ سوود هەر دەردیسەرەن
پاوەن پیری لە پام بەند كەردەن
هەر بو (بە نەوم!) تا بە رۆی مەردەن

(١) ناوی ئەم شاعیرەم پێشتر نەدیوە، ئەم پارچە شیعرەیش كە لێرەدا(٢٧) بەیتە هەر لەم دەستخەتەدا جارێكی تر نووسراوە بەڵام ئەوجارە(١٦) بەیتە.

(*) لە (رەشید/ ٢) وەرگیراوە.

خـــەلاصیـــم نـــیـــەن گـــرتـــەنـــی نـــەفـــەس
نـــەهـــاشتـــی هـــانـــام بـــەرووم وەلای کـــەس
کـــەردەن وە زوڵـــمـــات عـــەیـــن گـــوزیـــدەم
ئـــەر عـــەیـــنـــەك نـــەبـــۆ نـــاویـــنـــۆ دیـــدەم
سیـــــودوو دنـــــدان مـــــرواری بـــــێگـــــەرد
پـــیـــری ڕێزەت کـــەرد وێنـــەی ڕێزەی بـــەرد
راستـــی قـــامـــەتـــم چـــون تـــووڵ عـــەرعـــەر
پـیـری چـەفـتـت کـەرد لـە کـەمـان چـەفـتـتـەر
سوبـــووکـــی گـــۆشەم نـــەشنـــەوا کـــەردی
ئـــابـــڕووم لـــەلای هـــامسەران بـــەردی
وەی تـــەور بـــەردەنـــی عـــەقـــڵ و فـــکـــروهـــۆش
ئـــەصلا صەدای کـــەس نـــمـــەیـــۆم وە گـــۆش
پـــیـــری دەعـــوامـــان وەخت دیـــوان بـــۆ
مـــەر ئـــەوسا پـــەرسای وەخت مـــیـــزان بـــۆ
شەرط بـــۆ مـــن یـــەخـــەت بـگـیـروو وە دەس
داد و بـــێداد کـــەم لـــەلای فـــریـــاد ڕەس
ئـــەی حـــەق حـــوقـــووق بـێڕەحـــمـــی کـــەردت
تـــاف جـــەوانـــیـــم وە عـــەبـــەس بـــەردت
چـێش مـەکـەی عـیـلاج؟ جـەوابت چـێشەن؟
پـــیـــری جـــە کـــردەت خـــاطـــرم ڕێشەن
یـــاران هـــامسەران مـــەعـــلـــووم بـــۆ لـــێتـــان
یـــەکـــایـــەك پـــیـــری هـــا نـــە رای ڕێتـــان
عـــەیش و شادی و ذەوق دنـــیـــا جـــوانـــیـــەن
پـــیـــری نـــیشانـــەی وەعـــدەی فـــانـــیـــەن
یـــاشا کـــەس وە دیـــن پـــیـــری شاد نـــەبـــۆ
کـــەس وەك مـــن بـــێ سوود ڕەنـــج وە بـــاد نـــەبـــۆ
(بـــەکـــر) بـــێزارەن جـــە دنـــیـــای فـــانـــی
هـــەر ئـــاخ مـــەکـــێشۆ پـــەرێ جـــەوانـــی

حـــەقـــم یـــەك و صەد چـــەنـــەت بستـــانـــۆ
تـــا عـــالـــەم وەنـــەت حـــەسرەت بـــمـــانـــۆ

**١**(*)

ولاّتـــــان گـــێلاّم شاران کـــــەردم طـــەی(١)
تـــا یـــاوام وەلای ئـــیـــفـــلاطـــوون رەی
لالاّم و نـــالاّم زایـــفـــتـــــەر جـــە بـــەی
حـــەکـــیـــم ئـــامـــانـــەن عـــیـــلاجـــم کـــەر وەی
نـــەظـــەر وە ئـــەحـــواڵ جـــەستـــەم کـــەرد پـــەی پـــەی
مـــات بـــی فـــەرمـــاواش: هـــەی بـــێ خـــەبـــەر هـــەی!
عـــەتـــر زەردە بـــەی مـــیـــوەی بـــالاّی نـــەی
کـــێشکـــچـــی نـــە دەور جـــفـــت سیـــاحـــەی
دەوای دەروونـــــــەن لا دەواکـــــــەی شەی
ئـــەر نـــەگـــنـــۆت وە دەست وەی وە یـــانـــەت وەی
یـــــا کـــــارساز کـــــار بـــــێ زەوال حـــــەی
(واقـــف الـــعـــمـــیـــق) بـــەحـــران بـــێ پـــەی
ئـــیـــجـــازەی بـــەیـــان وەنـــەم کـــەرەم کـــەی
تـــا بـــارووم وە دەست حـــەی و بـــەی و نـــەی
تـــا طـــوول عـــومـــرم وە ئـــەجـــەل پـــەی کـــەم
بـــەی تـــەوق گـــەردن خـــەمـــبـــار نـــەی کـــەم
نـــــەی وەسایـــــەی دار سەودای بـــــەی کـــــەم
بـــــەی دەوای دڵ گـــــوزیـــــدەی حـــــەی کـــــەم

***

(١) ئەم پارچە شیعرە لەسەری نەنووسراوە شیعری کێیە و چەند گەڕام نەمزانی شیعری کێیە. چەند شاعیرمان هەیە لەبارەی (بەی و حەی و نەی و مەی)ەوە شیعریان وتووە. بەلاّم من ئەمەیشم خستە پاڵ ئەوانەی تر تا بزانین چۆن دەبێ.

(*) لە (رەشید/٣) وەرگیراوە.

## جونوونی

**١**(*)

چراخم سیا، چراخم سیا
کوشتەی شەخصێکم پێش ماچان سیا
بەو خودا قەسەم ئەی دنیا نیان
صەد سفید غولام تای زوڵف سیان
سفید بێ سیا زینەت نەدارۆ
جە زوڵف سیا هووناو مەوارۆ
سفید و سیا ئامێتە بیەن
سفید بێ سیا زینەتش نیەن
مێخەك سیان زەڕ نە بەهاشەن
جەو سەبەب زەنەخ نازداران جاشەن
میسك چون سیان عەجەب مەدا بۆ
سەبەب جە نافەی ئاهوو گرتەن خۆ
لەیلەنگ سیاهەن بەهاش سەنگینەن
کاڵا جە سایەی سیا رەنگینەن
سەرتووك سموور سیا تارەنان
تاسیا تارەن قیمەت دارەنان
جە هەور سیا رەحمەت مەواران
مەڕێژۆ چەند رەنگ هەردە و کۆساران
تۆی طوور سیان بەهاش رەواجەن
شا چەنی گەدا وەنەش موحتاجەن
(حجر الاسود) چون سەنگ سیان
جەو بۆن حاجیان وە عەینش نیان
سی ۳۰ جزم کەلام خەڵات رەسوول
چون خەط سیابی کەردشان قەبووڵ

(*) لە (رەشید/ ۲, ۳ ) وەرگیراوە.

(جــنــوون) وە سەرگــەرد خــاك راى پــاش بــۆ
وە فـــيـــداى ديـــدەى خـــۆتـــەن سيـــاش بـــۆ

**٢**(*)

جـــــەمــــــاڵش چـــــۆنـــــــەن؟
(تـبــارك الـلــه) جـــەمـــاڵش چـــۆنـــەن؟
ئـەبـرۆ مـەدد جـيـم عـەيـن مـاڵ نـوونـەن
صونعێوەن صانيع بەى طەور سروشتەن
(حـــور الـــعـــيـــون) حــۆرى بــەهــەشتــەن
... يست ئێدەن جە نەسل طايفەى حەووان
ئـافـەريـدەى صونـع ذات بـێ هـەمـتـان
ئافەرين ئوستاد چون صونعێ ساختەن
رەعـنـايـى بـاڵاش وەى طـەور نـەواختـەن
خاص كێشان جەدوەل ديدەى سورمە ڕێز
عـــەيـــن غـــەزالان گشت وستـــەن وە بـــێز
ساوادەن موژگان وە سورمەى كۆى طوور
دڵ رەوزەن كەردەن چون خانەى زەنبوور
گـۆنـا گـوڵ تـەبـەق ئـەبـيـەض و قـرمـز
چـون لـەعـل خـەزانـەى كـيسرا و هـورمـز
بـــيـــنـــى تـــەڵاى قـــاڵ تـــازە نـــەوجـــەڵا
زوبـــەرجـــەد نـــيـــان نـــە گـــۆشەى تـــەڵا
نـــــەفس دەواى دەرد سەرعـــــى سەرسەرى
نـــامش مـــەريـــەمـــەن نـــە ئـــەنـگـوشتـــەرى
دوو پـــەڕەى گـــوڵـنـــار قـــەرار دان نـــە لـــەب
شەهـــدشان گـــرەو بـــردەن جـــە روطـــەب
سى دنـــدان لـــوولـــووى جـــەواهـــيـــر (!)
تـێدا جـەم كـەردەن گـا غـەيب گـا ظـاهـيـر
دەورانش پـەى حـيـفـظ وە يـاقـووت تـەنـدەن

(*) لە (رەشيد/٥) وەرگيراوە

ئـاب زەمـزەمـەن؟ یـا چـەشمـەی مـەعـدەن
زنـج سای سفـیـد چـای زەنـەخ بـیٚ خـاڵ
غـەبـغـەب مـیـنـای صاف پـاکـتـاو زوڵاڵ
گـەردەن گـەردەنـەی ئـاهـووی خۆتـەن گێڵ
یـــا گـــەردەن قـــاز دەلــیـــلـــەی رەوێڵ
چـای بـیـنـی چـەشمـەی ئـاب حـەیـاتـەن
بـــاعـیـث حـــەیـــات فـەوت و مـــەمـــاتـــەن
بـــاڵ وە بـــاهـــوویـــەن دانـــەی لاڵـــەوە
ئـــەو سەیـــل ئـــەسریـــن فـــیـــراق بـــەرزە
ئـــەو هـــەنـــاسەی سەرد... صەد تـــەرزە

(١) ئەم پارچە لە كەشكۆڵی ژمارە (٢) و كەشكۆڵی ژمارە (٣)ی رەشید هەمەوەندا هەیە، بەڵام چونكە سەرەتاكانیان زۆر لەیەك جیان و لە ناوەوەیشیاندا كەمێك جیاوازیی هەیە وام بەباش زانی هەردوو نوسخەكە بنووسم.

کەیلەن وە ئەسرم تاف گۆلاوان
سا راستەن (لاوش!) بە تۆ نەیاوان
یەقین وەڵەدەی وەحش ناشنەخت
نە چەشتەنت ئێش گرەی زام سەخت
ئەشکەنجەت نەدات وە زانووی ظەریف
هەتیتەکێش نیت وە گاز حەریف
خەمت نەکەردەن شەو خەیاڵ خەم
وە نیگای پەنهان نەوەردەنت چەم
ئەمما عەزیزم شۆخ شیرین خاڵ
گۆش بدەر وە دەرد دڵ وە عەرضەحاڵ:
هەر شۆخێ شیرین شەکەرین بار بۆ
مەبۆ صاحێب لەنج هۆش و گۆش دار بۆ
غەمزە فرۆش بۆ وە ناز چە ئەنداز
ریشەی دڵ کێش بۆ وە نازەنگ گاز
تا (یوسف) پەرێش عەبداڵ بەڕ بۆ
شەو سەرین رۆژ دەشت وە ئەسرین تەڕ بۆ

## شێخ یوسف(١)

**٢**(*)

هــەی هــەی نــە پــرووز گــڕکــۆی هــەنــاسەم
نـــــە شیــــــددەت شۆڕ شەرارەی تـــــاسەم
هــەرچــەنــد مــەرز و بـووم نــە حــەواڵیم هــەس
کــەژ و کــۆ و کــەمــەر سارا و شەط و بــەس
شەم و شیــو و چــەم کــاو و کــۆهـ بــەس
شاخ و داخ و دەشت عـــێراق تــا تــەوەس
نــە بــرووزکــەی بــەرق هــیــجــران دووری
نــە چــەخــمــاخــەی رەعد ئــەندووهـ دووری
یـــەکسەر سۆچـــیـــان تـــا وە بـــەرقـــۆ
ساڕاستـــەن زووخش نـــەیـــاوان بـــە تـــۆ
هـــەر هـــەورێ مـــەیـــۆ وە لای وەشتـــەوە
هـــا وە تـــاف طـــۆف پشتـــان پشتـــەوە
گـــەردەلـــوولشەن مـــەدۆ وە هـــەمـــدا
ئــەرزەو (قــرظــالــن!) وە تــۆف تــەمــدا
ئــانــە هــەنــاسەی قــەیس چــۆڵــگــەردەن
کـــوورەی دڵ نـــە تـــاو دوور دڵ سەردەن
ئـــەو سەیــل ئــەسریــن فــیــراق بــەرزە
ئــەو هــەنــاسەی سەرد بــیــنــی صەد تــەرزە

---

(١) ئەوەندەی من گەڕاوم و پەیم پێ بردووە سێ شاعیرمان هەیە بەنازناوی یان ناوی یوسف شیعریان وتووە، ئەوانەیش:

١– یوسف یاسکە. بڕوانە بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی سێیەم، ل: ٣٦٩.

٢– شێخ یوسف: کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل: ٨٠.

٣– سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٥٦.

٤– یوسف بەگی ئیمامی هەیە. لە ژمارە (١٣٠٢)ی ژیندا شتێکی لەسەر نووسراوە.

(*) لە (رەشید/٢) وەرگیراوە.

یـــەقین وەڵـــەدەی وەحش نـــاشنـــەخت
نــە چــەشتــەنت ئـێش کـزەی زام سەخت
ئــەشکــەنجەت نــەدان وە زانــۆی زەریــف
هــەتــیــتــەکـێش نـیت وە گـاز حـەریـف
خــەمت نــەکــەردەن شەو خــەیــاڵ خــەم
وە نـیـگـای خـەیـاڵ نـوور دیـدەی چـەم
ئــەمما عــەزیــزم شۆخ شیــریــن خــاڵ
گــۆش بـدەر وەدەرد دڵ وە عــەرض حــاڵ:
هــەر شۆخــێ شیـریـن شەکـەریـن بـار بـۆ
مەبۆ صاحێب ذەوق هۆش و گۆش دار بۆ
غــەمـزەفـرۆش بـۆ وە نـازچــەی ئـەنـداز
ریشەی دڵــکــێش بــۆ وە نـــازەنگ گـــاز
تــا (یـوسف) پـەرێش عـەبـداڵ بـەڕ بـۆ
شەو سەرین رۆژ دەست وە ئەسرین تەڕ بۆ

## یاسین تەپە - قەڵای مایس

ئەم پارچە شیعرەی لێرەدا دەیبینی ناوی شاعیرەکەی لەسەر نەنووسراوە، ناوی بابەتەکەیش دیار نییە. بەوەی لە ناوەڕۆکی پارچە شیعرەکە وەردەگیرێ ئەو ناونیشانەی سەرەوەم بۆ دانا، ئەوەیش لە پارچە شیعرەکە و سەبکی شاعیر وەردەگیرێ، دەردەکەوێ شاعیر - شاعیرێکی بە توانا و هەست ناسك و بیرتیژ بووە. خەیاڵی بەرز و توانای شیعری باڵا بووە، بەڵام بەداخەوە لەلایەکەوە پارچە شیعرەکە ناتەواوە، لەولایشەوە ناوی شاعیر و کاتی گوتنی شیعرەکە دیار نییە، ئەگەر ئەمانە هەبووایەن پارچە شیعرەکە - کە ئێستەیش بایەخی زۆری هەیە - بایەخێکی زۆری دەبوو.

بیرۆکە و بابەتی شیعرەکە وەك (سوڵتان جومجومە) وەهایە.

داستانی (قەڵای خاو)ی فەقێ قادری هەمەوەندی یان (فەقێ خەڵووزەیی)ش یەکێکە لەم بابەتانە.

هەروەها (مەلا نەوشاد)یش کە گفتوگۆ لەگەڵ پیرەدارێکدا دەکات دەچێتە ئەم قاڵبە.

### «خاوەن نەزانراو»

### یاسین تەپە و قەشقەر(*)

یــاران یــاوەران یــەکسەر خــاص و عــام
گــۆشدەن وە کــردار دنــیــای نــاتــەمــام
ڕۆژێ دەروونــم چــون دیك مــەجــمــەر
جــۆشش سەنــدە بــی قــوف ئــاوەرد وەسەر
خــەیــاڵــم بــە تــاو مــەگــرِیــا چــون نــار
دڵ نــە گــریــان بــی چــون ئــەبــر بــەهــار
کــەلــلــەم بــێهــۆش بــی، شای عــەقــڵ مــاتــڵ
سوپــای غــەم جــەم بــی نــە بــارخــانــەی دڵ
فــیــکــرم پــەرێشان، فــەهــمــم بــێ عــەمــەل
ڕۆحــم ئــامــادە پــەی ئــامــای ئــەجــەل
قــووەی نــاطــیــقــەم بــەنــد زنــجــیــر بــی
بــەخــتــم بــە نــاحــەق وێڵ و ئــەسیــر بــی
سەراسەر ئــەعــزام لــەژێر بــار غــەم
وێنــەی دەمــاوەنــد پــێچــیــابــی وە تــەم

---

(*) لە (ڕەشید/٣) وەرگیراوە.

خـوڵاصه: خـەیـلـێ حـاڵـم پـەشێو بـی
وێنـەی قـەهـرەمـان نـە بـەنـد دێو بـی
جـە عـاجـزیـی حـاڵ جـەیـحـوون دەروون
چون لێوەی بێهۆش نەك وێنەی مەجنوون
شیـم وە سەر قـوڵـڵـەی (یـاسیـن تـەپـە) نـام
جـە نـاو شارەزوور مـەشهـوورە تـەمـام
وەقـتـێ نـیـگـام کـەرد وە ئـەطـراف کـۆ
یـاران خـەرابـتـەر مـن بـیـم رەنـجـەڕۆ
دیـم کـە دەستـکـارەن ئـەو گـرد عـەظـیـم
نـیشانـەش یـەکسەر کـارخـانـەی قـەدیـم
بـەرزەن صاحـێب بـەرز زۆر وەفـەڕ بـیـەن
خـەیـلـێ وە پـەرداخ فـرە عـەجـیـبـەن
ئـەطـرافش خـەنـدەق بـورج قـەڵای سەخت
جـەنـگـەڵ و شوغـڵ شنـاوەر درەخت
مـەعـلـووم شار بـیـن جـە عـەصر قـەدیـم
دەستـکـار شاهـان نـادیـرەی نـەدیـم
خـەیلـێ فکرم کـەرد خـەیـاڵ کـەردم لـێش:
یـە پـاتـەخت کـێن جـە شاهـان پـێش؟
سەراو ئـەیـوانش جـاگـەش ظـاهـیـرەن
(الـحـال) وە حـیـلـەی دنـیـا بـاهـیـرەن
عـەجـیب مـەکـانـێ هـەم عـەظـیـم شارێ
جـاگـەی بـاصەفـا خـاص یـادگـارێ
دڵ ئـارەزووش بـی بـزانـم ئـەی شار
کـێ بـیـنـاکـەردەن هـەر جـە ئـەوەڵ جـار؟
گـوڵ وە دەورم بـی جـە بـان ئـەو کـۆ
سەرسام سەرعـیـی کـەردم جـوست و جـۆ
یـەك کـەڵـڵـە سەرێ نـاگـاهـ دیـم وە چـەم
پـۆسیـدەی ئـەفسەر غـەرق تـۆز و تـەم
نـیشتـم وە زەمـیـن نـەظـەر کـەردم لـێش

قەدیم کوهەن ساڵ پێشینان پێش
واتم: ئەی کەللەی پۆسیدەی ئەفسەر
مەپەرسووم چەنەت بەشق پێغەمبەر:
پەی چێش نە سایەی سیای خاک سەرد
خەریك مەندەنی چەنی تۆز و گەرد؟
شەرحێ بەیان کە جە ئەحواڵ وێت
خەیلێ مەتڵەبەن حەق رازیی بۆ لێت
مەردی یا زەنی؟ یا موسوڵمانی؟
یاخۆ لەسەر دین ئەهل نەصرانی؟
حەیاتت جە عەهد کام پادشا بی؟
ئەهل شوهرەت بیت یاخود گەدابی؟
کورسینشینان بەگلەر و میر بیت؟
یا جە بەدحاڵان ئەهل فەقیر بیت؟
ئاثار ئەی شار یەکسەر دیارەن
پاتەخت جاگەی کام شەهریارەن؟
چەند ساڵەن خەریك خاك سەردەنی؟
وە کام دەرد سەخت وەی طەور مەردەنی؟
خۆلاصە هەرچی مەزانی بەوێت
بەیان کەر پەرێم خەیر بەیۆ وە رێت
بە ئەمر قودرەت بینای بەهتەرین
کارساز کاران جیهان ئافەرین
ئاما صەدایێ جە جومجومەی سەر
وەقتە بی– یاران!– رۆح بەرشۆ وە بەر
وە لەفظ فەصیح ئاما وە جەواب
واتش: ئەی صەڕاف مەعنەوی کیتاب
دیارەن صاحێب نوطق و کەلامی
صەفوەتت نە دڵ هەس وە تەمامی
مەعلوومەن جە لام صاحێب دەردەنی

هەوای کەژ و کۆ پەوکە کەردەنی
ئەڵبەت بە دەردێ هەنی گرفتار
پەوکە مەپرسی حاڵ رۆزگار
جەوهەرت جەولان مەدۆ نە دەروون
خەیاڵت پەشێو فکرت تووناو توون
تاوێ بنیشە ببەر با خەبەر
ئەحواڵ دنیا تەمام سەراسەر
بەیانکەم پەرێت بەندە بە زاریی
بنووسە پەی وێت پەی یادگاری
مەپرسی جە من: مەردێ دلێر بیم،
صاحێب زۆر و زات ئیحسان و خێر بیم
جە عەهد ضەحاك من نەوجەوان بیم
باش باڵا دەست دەنگ دلێران بیم
هەم نامم قەشقەر چابوك سوار بیم
جە رۆژ مەیدان تەنها دیار بیم
شەجیع و شەفیق رەفیق میر بیم
دایم هامنشین شان وەزیر بیم
وەقتێ بەگلەران مەشین بە شکار
من جە بیم سەرڕاو نە سەر هەر دیار
جە دەوڵەت و ماڵ ئەشیاو دەفینە
ئەسباب و ئەجناس جە هەزار وێنە
چوار مەحبووب خاص باڵا نەونەمام
شۆخ تاقیەلار وێنەی گوڵەندام
رەفیق من بین حەڵاڵ و هامسەر
صاحێب خەط و خاڵ نازدار و دلبەر
نە دیم جە دنیا هەم و تەم و غەم
عەیشم بی دائیم چون جەمشید جەم
مەردێ دلێر بیم صاحێب عەقڵ و هۆش

دایـم نـە مـەجـلـیس ضەحـاك مـاردۆش
چـون ضەحـاك صاحـێب زوڵـم بـێحـەد بـی
زاڵــمـیش جــە حــەد (مــروشا!) رەد بــی
رۆژێ یـەك شەخـصێ بـە نـاڵـە و خـورۆش
سەربــڕی جــە تــەن پــەی مــاران دۆش
یــەکــێ جــە ئــەولاد ضەحــاك بـێدیـن
نـامش (مـایس) بـی صاحـێب قـەهـر و کین
بــەڵــێ عــادل بــی زۆر صاحـێب ویـقــار
قــەهــرش بــی چــەنــی ضەحــاك مــردار
جـە قـەهـر بـابـۆش بـینـاکـەرد ئـەی شار
پــــەی یــــادگــــاریــــی دەور رۆزگــــار
وە دە مــــەحــــەلــــلــــە ئــــەی شار سازنــا
چــون بــاغ بــەهــەشت تــەمــام رازنــا
هــەر مـەحـەلـلـەیێ پـەنـج هـەزار یـانـە
خـانـەی شەصت زەرعـیـی وە بـێ بـەهـانـە
نـیـصفش جـە بـلـوور نـەقش فـەخـفـووری
ئــەلــوان قــرمــز سەبــزو کــافــووری
قــەصر و ئــەیــوانش یــەکسەر تــەڵادۆز
مــەنمانــا وە شەو وێنــەی نــیــمــەڕۆز
جـە تـاق و نـیـمـتـاق کـڵاو فـەڕەنـگـی
نـەقـاش صەد تـەرز ئـوسـتـای یـەمـەنـی
هـۆدەی مینـابـەند شوعلـەش چون ئـەنجوم
فــەرشش رەنــگــاڕەنگ صاف ئــەبــریشم
چــەنــد جــە مــنــاران بــەرز هــەوا بــی
دەمــاغش نــە بــورج فــەلــەك ساوابــی
کـەنگرەی بـورجش بـەرز بـی وێنـەی قـاف
خـەیـلێ بـڵـنـد بـی صاف جـە سیم صاف
بـێ تـۆز و بـێ گـەرد خـاك نـەبـی تـێدا
چــمــان نــوور حــەق وەشتــە بـی پـێدا

صەد حەمامش بی بە ئیسم حەمام
ئەیوان و دیوار منمانا چون جام
قەیسەری و دووکان هەم راستە بازاڕ
مەیدان دەڵاڵ، ئاهەنگەر هەزار
قەساب و بەقاڵ بەزاز و توجار
مەشغووڵ بین دایم هەزاران هەزار
جە رایحەی عەتر ئەدویەی عەتار
خاستەر جە مەشام سینە و مەم یار
جە گشت حەصاریۆ عەرعەر چناران
سایەش کنا بی جە مێرغوزاران
باغ و باغاتش بێ حەد و شمار
ئەنجیر و ئەمroود ئەنگوور و ئەنار
نارنج و لیمۆ چەنی زەردەبەی
مەلەریان وە ناز چەنی سەر گوڵ نەی
شیرین شەفتالوو هەم سێب لاسوور
چون قەوس و قەزەح مەنمانا جە دوور
ئاو جە فەواران بەرز مەبی تا سەر
پەخش مەبی وە بان سەنگ تاش مەڕمەڕ
شەتاوان جاریی وە ئەطراف شار
سەرسەبزو بورچین مەلان صەدهەزار
گەردەلوول تۆز کوورەی ئاسیاوان
هەر چەرخی باری چون سورمەی چاوان
درەختان بەرز سەر جە کەهکەشان
مەلەریان چون قەد باڵای مەهوەشان
صەف صەف و رەنگ ڕەنگ گوڵ نە شەتاوان
چون سەوزەی پەری وێشان مەلاوان
نە هەر چوار طەرەف گوڵ و گوڵزار بی
رایحەش دایم وێنەی بەهار بی ...[1]

---

(١) بەداخەوە ناتەواوە!!

## میرزا مەحاك

مامۆستا نەجمەدین مەلا لەبارەی (مەحاك)ەوە نووسیویە: میرزا مەحاك لە ئێلی (داوودە)یە، شاعیرێكی زانا و شیرین زمان و نیشتمانپەروەر بووە، لە دوا ڕۆژەكانی سەدەی سیازدەهەمی هیجریدا كۆچی دواییی كردووە. وەكو لە كاكە ڕەشیدی هەمەوەندم بیست (مەحاك) بێجگە لەوەی كە خوێندەوار و شاعیر بووە لە ئاهەنگ و بەستەی كوردیدا گۆیندەیێكی هێجگار دەنگخۆش بووە، بە وتنی (قەتار و ئەڵڵا وەیسی) لە چیادا مەل و جانەوەرانی ڕام كردووە، ئەم هەڵبەستەی خوارەوە نموونەیەكی شیعریەتی كە لە كاكە ڕەشیدم وەرگرتووە.

پێش مەرگ ڕاسپاردە ئەكا:

هـــــــامسەران مـــــــــەردم ... ...
ئـەگـەر تـەقدیر بـی جە ناكا مـەردم...(١)

### مەحاك(*)

**١** (**)

هـــــــــامسەران مـــــــــــەردم...
ئـەگـەر تـەقـدیـر بـی جـە نـاكـام مـەردم
سێ ڕۆ وەر مــــەرگ (وعــد الـلـــه) دەردم
هـێـمـام تـەن وە خـاك سیـاهـ نـەسپـەردم
قــەومــانــم بــیـــان دەورم بـگــیــران
پـــەرێم بـــچـــەڕان جـــە نـــەزم ئـــێران
نــەوا جــەو دەمــدا جــەستــە خــەستــە بــام
وە حــوكــم حــاكــم زیــان بــەستــە بــام
دەورم بـگــیــران بـــە شایــی و مــەزاق
سێ ڕۆ وەر جــە مــەرگ بــویـنـان تـفـاق
سیــامــاڵ هــۆردەن نــە جـێـگــای ڕاستــی
چوار گۆشەش پاك بۆ چون جێگای شایی

---

(١) بڕوانە: ژمارە (١٣٨٣)ی ڕۆژنامەی ژین.

(*) ١– ژین: ژ: ١٣٨٣.

٢– دەنگی گێتی تازە. ژ:١١، بەرگی: ٥، ل:٢٢٣.

(**) لە (ڕەشید/٢) وەرگیراوە.

چوار گۆشەی قورنەی سیامال ئاودەن
پیرەژن جە ناو شیوەنم قاودەن
نازك نازداران پۆیلە وەسەران
تاوێ وەحوجەت شینم بکەران
ئەڵبەت جەنازەم مەبۆ فەرامۆش
زڕەی پۆیلەشان بشنۆم بە گۆش
لە جێگای یاسین صورنا و دەهۆڵ بۆ
پیرەژن قاودەن با دەورم چۆل بۆ
صەف صەف نازداران جە دەورم کۆ بۆ
چەنی صەداشان هەر ئاغا ڕۆ بۆ
نەو دەم جەم مەبان جە سیامالێ
تەنخواکەن لێشان جە زوڵفێ تالێ
با نەبۆ وە غەم من وە دیدەی وێم
جە نیزاع مەرگ هۆشم مەبۆ پێم
بینیەن نە تۆی چین بەقیەی کفندۆز
پەی یادگاری قیبلەی دوور جە هۆز
قەومێ چابوك پا هەم قەوم و هەم خویش
وە تاوو تەعجیل بلۆ باچۆ پێش
واچۆ: مەجنوونت وەختەن ببۆ فەوت
وەصیەتش کەردەن وەرجە (ملك الموت)
جە غەرغەرەی مەرگ تەقەلای جێمدا
وەر جە (ملك الموت) بیاوۆ پێمدا
ئەر تەشریف ئاوەرد شای شیرین ئەندام
مارزان گۆنای وێش بەرۆ وەزام
وە قەید قانوون شەرط وەرینم
بەیۆ بنیشۆ جە ژوور سەرینم
جەنازەم بەو طەور بلاونەوە
سەنگ سەر کێوان بتاونەوە
قەترە قەترە ئەسر جە دیدەی نمناك

بـــڕێزۆ وه بـــان جـــەنـــازەی (مـــەحـــاك)
قـــەتـرەی جـە ئـەسرش (بکـنـو!) جـە گـیـان
خـــاسـتـــرەن جـــە ئـێش صـیـــراط و مـیـــزان
ئـــەڵـــبـــەت نـــەو دەمـــدا مـــەمـــانـــۆ هـــۆشم
صەداش چـــون یـــاسیـــن بـــەیـــۆ وه گـــۆشم
وه پـــەنـــجـــەی شادەت ئـیشارەت کـــەردم
مـــەعـنـــاش جـــە هـیـجـران بـاڵای تـۆ مـەردم
دەستت بـــــاوەرە بـــــیـــــنـــــەر وه دەستـــــم
مـــەعـنـــاش هـــەر ئـێدەن نـه جـای گشت کـەسم
ئـــەوسا مـــن مـــەردم جـــە کـــێ شەرمـــتـــەن؟
واوەیـــــلای وه راست شیـــن گـــــەرمـــتـــــەن
ئـــەر دەستـــەی زوڵـــف قـیـبـلـــەم پـێم مـــەبـۆ
تـــەحـقـیـق رۆی حـــەشر جـــەننـــەت جێم مـــەبۆ
ئـــــەو دەستـــــه زوڵـــــفـــــان سیـــــای قـــــازمـــــە
بـــــیـــــنـــــەر وه دەستـــــم وەنـــــەم لازمـــــە
رووم کـــەن نـــه قـیـبـلـــەی شەریـف گـوزیـن
تـــەسلـیـم بـــم بـــه ئـــەمـــر (رب الـعـــالـمـیـن)
گـــۆنـــای گـــوڵـــنـــارت هـــۆرکـــەنـــه جـــه بـێخ
سیـــــا زوڵـــــفـــــانت پـــــارەکـــــەر وه تـــــێغ
لازم زوڵـــــفـــــانت بـــــه تـــــێغ کـــــەری چـــــاك
بـــڕازنـــی وه بـــان جـــەنـــازەی (مـــەحـــاك)
شیـــنـــم بـــکـــەران شیـــوەنـــم خـــەیـــلـــێ
تـــەرمـــم بـــکـــەران بـــه زوڵـــف لـــەیـــلـــێ
تـــــەرمـــــم بـــــوستـــــان بـــــدەن بـــــه وەردا
قـــــەوم و ئـــــەقـــــریـــــبـــــام بـــــدەن وه سەردا
بـــمـــنـــەن وه بـــان ئـــەسپ چـــوارچـــۆوە
بسپـــــاردەن وه خـــــاك مـــــەزار نـــــۆوە
بـــه ئـــەمـــر تـــەقـدیـر (رب الـعـــالـمـیـن)
مـــەلا بـــوانـــۆ جـــەو دمـــا تـــەڵـقـیـــن

جـه دمـای تـەڵـقـیـن قـەومـان خـوێشان
یـەکـایـەك بشیـن بـە یـانـەی وێشان
مـن بـارزەن چـەنـی داخ دەردەوە
جـە یـانـەی تـاریك سەنگ سەردەوە
مـن بـارزەن چـەنـی ئـەعـمـاڵ وەریـن
نـەو خـانـەی زوڵـمـات سیـای سەهـمگـین
نـەکـیـر و مـونـکـەر مـیـان وە سەریـنـم
مـەپـرسن دەفـتـەر کـردەی وەریـنـم
(اسود الـوجـهـان ازرق الـعـیـنـان)
سوئـال مـەکـەران کـردەوەی جـیـهـان
نـەکـیـر مـەواچـۆ: دەیـنت وە گـەردەن
جـە دنـیـای رۆشن تـۆ چـێشت کـەردەن؟
مـەیـووم وە زبـان مـن چـەنـی نـەکـیـر
وە لـەفـظ فـەصیـح مـەکـەرووم تـەقـریـر
مـاچـووم: مـن بـە عومر چوارده ساڵان بیم
دایـم نـە تـەعـریـف سەوسەن خـاڵان بـیم
چـەند ساڵ چـەند وەخت عـومـرم ویـەردەن
غـەیـر جـە مـەدح خـاڵ کـارم نـەکـەردەن
یـە وەصیـەتـنـامـەی دێوانـەی شێتـەن
هـەردوو مـەواچـۆن کـەسێ وا صاف بـۆ
جـە گشت بـابـەتـێ گـونـاهش عـاف بـۆ
نـەکـیـر مـونـکـەر تـۆیش کـەیـفـی وێتـەن
دەنگ هـەلـهـەلـە بشنـەفـتـام وە گـۆش
چـون کـوورەی حـەداد مـاوەردم خـرۆش
یـە (مـەحـاك) واتـەن ئـێش جـەرگشەن
یـە وەصیـەتـنـامـەی رۆژ مـەرگشەن

— —(*)

ئـــیـــبـــتـــیـــدا بـــە نـــام (حـــی لایـــنـــام)
وە رەوضـەی رەسوول هـەردەم صەد سەلام
حـــافـــظ بـــە حـــاجـــەت سی جـــزمـــەی کـــەلام
ئـــەو نـــە حـــیـــفـــظت بـــۆ سەراسەر تـــەمـــام
حـــافـــظ بـــە حـــاجـــەت ئـــایـــات تـــەنـــزیـــل
هـــەر هـــەفت قـــیـــرائـــەت وانـــات بـــە تـــەرتـــیـــل
حـــافـــظ بـــە حـــاجـــەت قـــورئـــان رەهـــبـــەر
بەو خەتمەت مەکەرد هەر شەو تا سەحەر
مـــەرتـــەبـــەی شەریـــف قـــەدر مـــوعـــەلـــلات
هـــــــەوای روکـــــــنـــــــابـــــــاد گشت ...
بـــە (الـــلـــە اکـــبـــر) چـــەشمـــەی حـــەیـــاتت
بـــــە شۆخـــــیـــــی شێوەی شاخ نـــــەبـــــاتت
(یـــا لسان الـــقـــلب) بـــادەی وەحـــدەت نـــۆش
عـــەلـــلام دانـــا مـــەرد صاحـــیـــب هـــۆش
هـــەر شەو رەوضـەی تـــۆ وەنـــەش وارۆ نـــوور
نـــەو شەکـــری بـــادەی (شرابـــا طـــهـــور)
نـــە رەوضـەی ریـــضوان رۆحت نـــە گشت بـــۆ
مـــاوات نـــە گـــوڵـــزار بـــاغـــچـــەی بـــەهـــەشت بـــۆ
یـــەك مـــوددەعـــام هـــەن مـــەگـــیـــرووم نـــە دڵ
یـــا پـــیـــر مـــورشید طـــەریـــقـــەت کـــامـــڵ
بـــبـــۆ بـــە دەلـــیـــل پـــەی وەصف حـــاڵـــم
بـــدەرۆ نـــەویـــد مـــوژدەی ئـــیـــقـــبـــاڵـــم
ئـــومـــێدم ئـــێدەن هـــیـــمـــەت کـــەری کـــار
فـــەردێ پـــێم بـــاری نـــەو نـــەظـــم ئـــەشعـــار
(حـــافـــظ) مـــن صیـــدقـــم بـــە تـــۆ بـــیـــەنـــا
(فـــبشر بـــالـــخـــیـــر بشر بـــیـــتـــنـــا)

---

(*) لە (رەشید/٣) وەرگیراوە.

# ئەم کەشکۆڵەیش

## کەشکۆڵی بێورەیی

خوێنەری ئازیز وەك دەبینی ئەم بەرگەم بۆ بەرهەمەکانی مام رەشید هەمەوەند داناوە و بەرگەکەیش بە بەری رەنجی ئەو پیاوە مەزنە دەوڵەمەندە و گەورەترین بەرگی کەشکۆڵی کەلەپووریشە تا ئێستە چاپم کردبێت، بەڵام پێش ئامادەکردنی ئەم بەرگە ئەم بابەتەم لەسەر کەشکۆڵی (سەعید بێورەیی) ئامادە کردبوو وام بەباش زانی ئەم بابەتەیش لێرەدا جێگە بکەمەوە و دوای نەخەم بۆ کاتێکی تر.

## کەشکۆڵی بێورەیی

لە ماوەی تەمەنی کۆکردنەوەی بەرهەمی کەلەپووری مامۆستایان و شاعیرانماندا چەند دەستخەتی ناتەواو و شڕ و پواوم کۆ کردووەتەوە، کە هەندێکیان گەلێ شپرزە و شێواو و بێ سەروبەرن و، بەئاسانی سوودیان لێ وەرناگیرێ. بەو بۆنەوە شتی وایان هەیە دەمێکە دەستم بۆ نەبردووە و گوێم نەداوەتێ. لەم رۆژانەدا لە کاتی گەڕانم بە شوێن هەندێ شیعری شاعیرێکدا رێگەم لە چەند پارچە و پاشماوە بەیاض و کەشکۆڵێك لەوانە کەوتەوە و، دوای سەرنجدانیان یەکێکیان لەوانی تر زیاتر- ئەمجارە- سەرنجی راکێشام، بۆیە جیام کردەوە و، وتم: با بە شێنەیی سەرنجی بدەم بەڵکو سوودێکی هەبێت.

ئەم دەستخەتە لە شێوەی بەیاضدایە و ناتەواوە و لە چەند جێگەیدا دڕان و کەوتنی تێدایە. بەڵام لە تەك ئەوانە هەموویدا سەرچاوەیەکی بە بایەخە بۆ لێکۆڵینەوەی بەرهەم و دیوانی چەند شاعیری ناوداری کورد.

بۆ ئەوەی ئەم سەرچاوەیش بە مێژووی ئەدەبی کوردی بناسێنین و، پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوان لە سەرچاوەیەکی رەسەنی بەرهەمی ئەو شاعیرانە ئاگەدار بکەینەوە کە بەرهەمیان لەم بەیاضەدا هەیە، ئەم چەند دێرەم لەسەر نووسی:

وەك گوتم ئەم دەستخەتە ناتەواوە و سەرەتا و کۆتاییی روونی دیار نییە. چەند کەس بەشدارییان لە نووسینەوەیدا کردووە، لەوانە (سەعیدی بێورەیی، محەمەد سیاه، بێخود...) بەڵام بەهۆی ئەوەوە ئەم سەعیدی بێورەییە یەکەم جارە ناوی دەبیسم و، خەتەکەی خۆشە و، بەشی زۆری کەشکۆڵەکەیش لە خەتی ئەو دەچێت کەشکۆڵەکەم بەناوی ئەوەوە ناونا.

وەك چۆن هیچ لەبارەی نووسەرەوە بەرێزەکەی نازانم هەروەهایش هیچ لە کات و شوێنی نووسینەوەی نازانم.

لە یەك جێگەدا دوو پارچە شیعری تێدایە لە کۆتاییدا نازناوی (بێخود)یان پێوەیە و لە سەرەتایشیەوە نووسراوە (لمحرره) واتە شیعرەکان هی ئەو کەسەن کە نووسیونیەوە، واتە بەخەتی شاعیرەکەن. بەڵام ئەم شیعرانە لە دیوانی بێخوددا نین و، هەندێکیش لە شێوازی خەتی بێخود ناچن و، شێوەی نووسین و جۆری کاغەز و مەرەکەبەکەیش وا دەگەیەنن تەمەنی دەستخەتەکە لە سەد ساڵ زیاتر بێت و، بۆ ئەوە

ناشێ ئەو بێخودە مامۆستا مەلا مەحموودی بێخود بێت و، ڕەنگە شاعیرێکی ترمان پێش بێخود ئەم نازناوەی بووبێت.

کەوابێت دیسان هیچمان لە مێژووی دروستی دەستخەتەکە دەست نەکەوت. پاش چاوگێڕانێك بە دەستخەتەکەدا دەبینین- ئەوەی زانرابێت- دوو سێ کەس بەشدارییان لە نووسینەوەیدا کردووە و، مۆری دوو سێ کەسیشی پێوەیە، واتە دەستاودەستی کردووە و، لای چەند کەسێ بووە.

وەك ئاماژەیشمان بۆ کردووە، لە چەند شوێنیدا پەڕە و چەند پەڕەی کەوتووە یان دەرهێنراوە و، بەوەیش هەندێ لە سەرەتا و کۆتاییی پارچە شیعری چەند شاعیرێکی ناو دەستخەتەکە ناتەواو دەرچووە.

دوای ئەمانە کە سەرنجێکی تری دەستخەتەکە دەدەینەوە دەبینین ئەوانەی کاریان تێدا کردووە وەستا و شارەزا و گوڵبژێرێکی چاکی باخچەی گوڵزاری شاعیرانی کورد بوون و، بەزەوقێکی ئەدەبیی بەرزەوە گوڵچنییان کردووە و، زانیویانە بە چ جۆرێك کەشکۆڵەکە دەڕازێننەوە و، بە کام گوڵ و- کام گوڵ دەیڕەنگێنن.

بەڵام شتێکی تر لە کارەکەیاندا جێگەی سەرنجە و نەدەبوو وایان بکردایە و، ئەگەر بەو شێوەی ئێستە نەبووایە ڕەنگامەییی کەشکۆڵەکە بالاتر دەبوو.

ئەو سەرنجە بچووکەیش وەك دەڵێن: تەکنیکییە و پێوەندیی بەرێکخستنی ناوەڕۆکی دەستخەتەکەوەی هەو دەبوو، وەك لە گەلێ کەشکۆڵدا وەها کراوە، شاعیرەکان جیا بکرایەنەوە و، کە شیعری شاعیرێکی دەست پێ کرد تا هەموو شیعرەکانی ئەو تەواو نەبووایە نەچووایەتە سەر شیعری شاعیرێکی تر، بۆ نموونە کە (نالی) دەست پێ کرا شیعری (کوردی) یان (سالم) یان یەکێکی تر نەنووسرایە، بەڵام لێرەدا وا نییە و ناو بەناو شیعریان نووسیوە و، هیچ ڕێبازێکی ورد لە نووسینەوەی شیعرەکاندا پەیڕەوی نەکراوە و، تێکەڵاوییەکی زۆر لەم بارەوە هەیە.

هەر لە دامێنی ئەم کەشکۆڵەدا دەچینەوە لای ئەو قسەی گەلێ جار نووسیومانە و کردوومانە: تا سەرچاوەیەکی زیاتر بدۆزرێتەوە و، تا ناوەڕۆکی (بەیاض) یان کەشکۆڵێکی زیاتر بخرێتە سەر خەرمانی سەرچاوەی ئەدەب و مێژووی کوردی و، ناو و بەرهەمی شاعیرانمان زیاتر بدۆزرێتەوە: زیاتر کاری پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوان ئاسانتر دەبێت و، مەودای جوغزی کاریان فراوانتر دەبێت و، بە ڕەسایی و ڕەهاییی زیاترەوە دەتوانن پەلی قەڵەمیان بهاون و، مەودای بیریان فراوانتر بکەن و، بەوەیش بەرهەمی بەپێزتر و، کاری لەبارتر و گونجاوتر دەخەنە بازاڕ و کتێبخانەی کوردی.

لەم بەیاضە بچکۆلەدا کە من بزانم ئەمە یەکەم جارە بە مێژووی ئەدەبی کوردی دەناسێنرێت، ناوی چەند شاعیری نەناسراو و، بەرهەمی بڵاونەکراوەی چەند شاعیر و، نوسخەی تری شیعری چەند شاعیری ناسراومان لە دەستدا دەبێت، کە هەریەکەیان لە بواری خۆیدا بابەتێکی تازە و نەوازەی لێکۆڵینەوە و لەسەرنووسینی دەبێت.

لەم هەلەدا شیعرەکانی (بیمار) دەخەینە پاڵ ناساندنی بەیاضەکە و، چۆنمان بۆ ساغ بووەتەوە وەها

دەیهێنینەوە سەر ڕێنووسی باوی کوردی و، وێنەکەیشی لە تەکدا بڵاو دەکەینەوە بۆ ئەوەی خوێنەری ئازیزیش هاوکاریمان بکات لە ساغکردنەوە و هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردیی شیعرەکاندا.

لە تەك ئەو شیعرانەدا ئەم کەشکۆڵە لە خۆی گرتوون سێ پارچە شیعری تێدایە بەنازناوی (بیمار) ئەوەیش لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا زانرابێ (سالم)ی ساحێبقەران- ماوەیەك- بە نازناوی بیمار شیعری گوتووە، منیش چاوێکم بە دیوانی (سالم)دا گێڕا، گوتم : بەڵکو ئەم شیعرانەی تێدابێت. نەبوو، دواتریش سەرێکم لە ژمارەکانی (ڕۆشنبیری نوێ) دا کە کاتی خۆی کۆمەڵێك شیعری (سالم)یان بۆ یەکەم جار تێدا بڵاو کرابووەوە، گوتم: ڕەنگە لەناو ئەوانەدا بێ لەوێیش نەبوون. دوای ئەوانە شوێنی ترم لە بیر نەبوو شیعری (سالم)یان تێدا بڵاو کرابێتەوە. جا ئەگەر ئەمانە شیعری سالم بن با بۆ یەکەم جار لێرەدا بڵاو ببنەوە، یان ئەگەر شاعیرێکی ترمان هەبێت بەم نازناوە با ناوی بخەینە ناو ناوان و مێژووی ئەدەبی کوردی لێ بە ئاگا بێنین.

بۆ ئەو شیعرانەی تریش کە لەم کەشکۆڵەدان- جگە لەو شیعرانەی لە دیوانەکاندا وەك نالی و کوردی و حاجی... بڵاو کراونەتەوە- بەگوێرەی توانا دەیانخەمەوە سەر ڕێنووسی باوی کوردی و، چاوەڕوان دەبم بەڵکو بە یارمەتیی خوا لە بەرگی حەوتەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا بڵاویان بکەمەوە.

دەمێنێتەوە ئەوەیش نەبوێرم (بەیاض)ەکە (١٢٤) لاپەڕەیە لە شێوەی (بەیاض)دا -واتە پێوانەکەی (١٦×٧) لاپەڕەی هەشت بەیت شازدە دێر زیاتر و کەمتری تێدایە، چەند کەس بەشدارییان لە نووسینەوەیدا کردووە، دوور نییە خۆی لە بنەڕەتدا کەشکۆڵی محەمەد سەعیدی بێورەیی بووبێت و ئەوانی تر بۆ یادگار و لەسەر داوای ئەو؛ ئەو شیعرانەیان نووسیبێتەوە. وەك گوتیشم لە چەند شوێندا کەوتنی پەڕە، یان لێ دەرهێنانی تێدایە.

دواتر و دوای ئامادەکردنی ئەم بەرگە بۆ چاپ لە دوو دەستخەتدا دوو مێژووی ژیانی سەعید بێورەییم دەستکەوت کە هەردووکیان جێگەی بایەخ و سوودن.

لە دەستخەتێکدا کە لەلای خۆم پارێزراوە نووسیومە: ساڵی ١٣٠٠ك. لە گوندی پێنجوین نووسیویەتییەوە.

بەپێی دەستخەتی ژمارە (٦٢/ع) سەعید بێورەیی کوڕی سەید عەبدوڵلایە ساڵی ١٣٣٢ك لە ژیاندا بووە.

## بیمار

### ١

ئەمن و خەڕووسی ئاشفتە حاڵ، هەریەك بە دەردێ پڕ خەیاڵ
شەو تا سەحەر خەومان بەتاڵ، ئەو قووقەقووق من ناڵەناڵ
پەروانە وو من (مقنلاین!)(١)، صەیدی دووصەد دامی بەڵاین
هەریەك بە نەوعێ جانفیداین، ئەو بۆ چرا من بۆ جەماڵ
شادی و صەفا بۆ من ونە، جەور و جەفا هەر بۆ منە
چاوم لەگەڵ خەو دوشمنە، نەم ماوە ئیدراك و کەماڵ
هاتە سەر رووم قەطرەی جواناو، ئەزرایلی خۆم دی بە چاو
یاران عیلاج کەن کفن و ئاو، کوشتوومی یاری روو بە خاڵ
کەوتوومە حاڵی غەرغەرە، نەم ماوە قووەی نزگەرە
رۆحی رەوان سا تۆ وەرە، جێی رۆح لە تەن وا بوو بەتاڵ
ئیمشەو ئەمن دەمرم یەقین، جواب بەن بۆ یاری نازەنین
زوو بێ بکا بۆم سەختی شین، وا رۆحەکەم دێتە زەواڵ
وا گیان دەدەم وەك کۆهکەن، هەڵسە وەرە شیرین سوخەن
تا نیم رەمەق ماوە لە تەن، مەمکە بە هیجرت پایەماڵ
ماهی صەومە نزدیکی عید، صایم بە (عید)ن پڕ ئومێد
بۆ صەومی من ئەبرۆت نەدید، ظاهیر دەکا رۆژووم بەتاڵ
قوربان ئەمن (بیمار)ی تۆم، مات و ضەعیف و زاری تۆم
بێخاو و شەوبێداری تۆم، تۆش جارێ من بێنە خەیاڵ

### ٢

ئەگەر غەم ماڵی دنیا بێ، حەریفی خواجە نوعمانم
ئەگەر شادیی بە دەوڵەت بێ، رەفیقی مام سولەیمانم
هەناسەم گەر فەلەك نەگرێ، فولك بگری بە حەققی نووح
لە دەریای ئەشکی نووحم، تابیعەی هام فولکی طۆفانم

(١) ئەم وشەم بە دروستی بۆ نەخوێنرایەوە سێ نوختە بەسەر (ق)ەکەوە دانراون، گومانم بۆ ئەوە دەچێت (موفتەلاین) لە باتیی (موبتەلاین) بێت.

زەمـانـە بـاری مـەجـنـوونـیـی ئـەمـەنـدە خستـە سەرشانـم
وەکـوو گـێسوویـی لـەیـلا دەرهــەم و گـرژ و پـەرێشانـم
کـە مـاڵ رابـورد کـەمـال رابـورد فـەهـیمـی مـەنفـەعـەت نـادا
کە طالیع نوست دەنووم خۆم ئەگەر هامدەرسی لوقمانم
نـەدامـەت گـەر وەکـوو دەوڵـەت ئـەویش روتـبـە جـەلا بـێ
لـەسەر کـورسی مـیـحـەن لـە مـوڵـکدا ئـێستـاکـە سوڵـتـانـم
کلاوی ئەهلی نەگبەت گەر حسابی کەن ئەفسەری فەقرە
(بـلا شبـە مـثـل) لـەم مـەرکـەزە هـامـدۆشی خـاقـانـم
هـوجـوومـی جـۆششی شیـوەن دەروونـی نـەوعـێ تـاوداوم
وەکـوو هــەوری بــەهـاریـی رۆژ و شەو دایـم خـورۆشانـم
وەکـوو مـەعـلـوولـی (استـقـا) فـیـراق کـارێکی پـێ کـردم
جـیـهـان تـاریـکـە لێم، لـەم عـومـر و ئـەحـواڵـە هـەراسانـم
ئـەگـەر صەد شۆخـی وەك یـوسف لـە میـصرا هـامـنشیـنم بـن
بـەبـێ تـۆ هـێنـدە دڵ قـەبـضە دەڵـێی مـەحـبـووسی زیـندانم
بــە سۆفـاری خــەدەنـگـی کـافـر (بـیـمـار) و ئـوفـتـادە
مـوسوڵـمـانـان مـوسوڵـمـان بن عیـلاج ئـاخر موسوڵـمـانـم!

٣

پـەنـجـە بـۆ تـەصویـری ئـەبـرۆت پـەیـڕەوی مـانـیـی دەکـا
خـامـە زنـجـیـر گـێسووتـە عـومـر ئـەفشانـیـی دەکـا
قــووتــی رۆحــە لــێوەکــەت یــاقــووتــی ئـاودارە کـوڵـم
مــەنـعـی بـازاڕی عـەقـیـق و لـەعـلـی روممانـیـی دەکـا
گــەر (لــێردء!) نــاز و ە ئــاواز تــۆ بــگــریــتــە گـوێ
طـووطـی شیـریـن زبـان چـون عـەزم خـۆشخـوانـی دەکـا
قـامـەتـی نـەوخـێزی شیـریـنت نـەهـاڵـی جـەنـنـەتـە
سەروی رەعـنـای لـەلات کـەی مـەیـلـی هـامشانـیـی دەکـا؟
بـەرگـی سەرتـاپـام نـمـەد بـێ بـا بـەشەرطـێ تـۆم بـبـێ
تــاراو و بــەرگــە لــەلام صەد شاڵـی کـرمـانـیـی دەکـا

دڵ بــە نــەشئــەی عــەکسی مــەستــی چــاوەکــەت (لایـعـقـل)ە
بــۆ کــەبــابــی جــەرگــی مــن لــێوت نــمــەکـدانــیــی دەکــا
سا هــەزار جــارت دەخـیـل بـم حـەرفـی بـەدکـار مـەشـنـەوە
هــەر چــە دەربــارەم بـکـەی پـیـرە شەیـطـانـیـی دەکـا (!)
لــێوی یــاقــووتت نــگــیــنــی خــاتــەمــی نــادر ظـوهــوور
مـوهـری دەستـی (ئـاصەف)ە ئـەمـری (سولـەیـمـانیی) دەکا
کــەس نــیــیــە ئــەو شۆخــە حــاڵـیـی کـا لــە سۆزی ئـاتـەشم
پــێی بـڵـێ (بـیـمـار)ی شەوقت وا غـەزەلـخـوانـیـی دەکـا

## ناوەرۆکی کەشکۆڵەکە:

١- پارچەیەك شیعری فارسی، سەرەتاکەی ناتەواوە.

٧- کوردی.

٨- سالم.

٩- نالی.

٩- مەحوی.

١١- حاجی (حاجی قادری کۆیی).

١٣- کوردی.

١٣- مەستیی- ناوی رەسووڵە - نووسراوی پەریشان ٥٢٦.

١٤- شەمسی تەبریزی.

١٧- پارچەیەك شیعری فارسی.

١٩- پارچەیەك شیعری فارسی.

٢٠- خاکی.

٢٢- صەبری.

٢٣- پارچەیەك شیعری ناتەواوی فارسی. (مۆری محەمەد سەعید)

(لێرەدا تا لاپەڕە ٣٠ کەوتووە)

٣١- جامی.

٣٢- فیکری.

٣٣- کوردی.

٣٤- (لێرەیشدا کەوتن هەیە) بەشێکی دوو چامەکەی نالی و سالم هەیە.

٣٨- (جواب قصیده نالی از طرف سالم)

٤٢- مۆری (عبده بکر)، (تمت شد از دست محمد سیاه).

٤٤- خاقانی.

٤٥- هیجری- کوردی.

٤٦- نالی.

٤٦- مصطەفا بێگ- کوردی.

٤٧- نالی.

٤٩- كوردی.

٤٩- نالی.

٥٠- بیمار

(لێرەدا سێ لاپەڕە کەوتووە)

٥٤- هیجری- کوردی.

٥٨- مەحوی.

٦٠- فیکری.

٦١- نالی.

٦٢- هیجری.

٦٣- حاجی.

٦٧- هیجری.

٦٩- کوردی.

٧٢- صابیر.

٧٤- کوردی (محمد سیاه).

٧٦- کوردی.

٧٧- بیمار.

٧٨- کوردی.

٨٤- نالی.

٨٥- کوردی.

٨٦- شەمسی تەبریزی.

٩٠- پارچەیەك شیعر لە ستایشی شێخ عەبدولقادری گەیلانی.

٩٢- پارچەیەك شیعری گۆرانی.

٩٦- کوردی.

٩٧- غەریب.

٩٨- (تمت شد کاتبه سعید البیوری)

٩٩- (لمحرره) یەك فەرد.

١٠٠- سێ بەیت

١٠٢- چەند فەرد

١٠٣- مظهر.

١٠٦- نالی.

١٠٧- مظهر.

١٠٨- پارچەیەك شیعری جووت قافیە لە باسی شێخ مصطفایەکدا.

١٠٩- تەعریفی حیماری نالی.

١١٠- تەخمیسی فانی لەسەر کەلامی نالی.

١١٢- نالی.

١١٣- (لمحررە) بێخود.

دوای ١١٥ کەوتن هەیە. دوای ئەوە پارچەیەك شیعری گۆرانی.

## صەبری

**١**

نــەثــاری پــێ رەسوولــم [بــری خــراجــات دلــی زارم!] دڵــزارم
لــە ڕێی حــەقــدا عــیــلاجــم کــە کــە کــوشتــەی پــەرچــەمــی یــارم
خــەیــاڵ و عــەقــڵ و هــۆش و فــیــکــر و ئــارامــم لــە دەست ڕۆیــی
دەخــیــل رەحــمــێ بــە حــاڵــم کــە غــەریب و وێڵــی کــۆسارم
وەرە بــۆ خــاطــری ئــیــخــلاصیــم کــە وەك بــێ مــەیــلــی دڵــدارە
بــچــۆرە خــزمــەتــی دڵــبــەر کــە بــەس ڕەنجوور و بــیــمــارم
عــەجــایب مــوضطــەریب حــاڵــم، دەخــیــل سوڵــتــانــی کیشوەر دەی!
عــیــلاجــێ کــە ئــەوا سووتــا خــەزانــەی حــیــلــم و ئــەفــکــارم
کــە ئــیــقــلــمــیــی وجــوودم کــەوتــە بــەر جــەیشی مــوژەی زووم وت:
خــودا حــافــیــظ بــێ هــەی عــەقــڵ و قــەرار و ئــابــڕوو و عــارم
بــە هــەرحــاڵ خــۆم لــە بــن بــاری غــەریــبــی گــرت و صەبــرم کــرد
کەچی دەردی فیراق هات و ئەویش وا بوو بە سەربارم‌بە لەهب...[١]

(١) لێرەدا چەند لاپەڕە کەوتووە و بەمەیش پارچە شیعرەکە ناتەواو بووە و، دوور نییە شیعری تری ئەم شاعیرە تێدا چووبێت.

## صابیر

### ١

بـۆچـە وا دیسان کـەمـەربـەسـتـەیـی بـەقـیـنـم بـەدمـەذەب؟
دوشمـنت خـۆ نـیـم کـەوا تـیـنوو[١] بـە خـوێنم بـەدمـەذەب!
چـاوەکـەم حـاجـەت نـیـیـە تـۆ دەست (دیـفت!) رەنـجـەکـەی
یـەك ئـیشارەت کـافـیـیـە بـۆ مـن نـەمـێـنـم بـەدمـەذەب
پـێم دەڵـێن: زاهـیـد وەرە تـۆ دەست لـە یـارت هـەڵـگـرە
دڵ لـە دەست عـەیـیـاری وەك تـۆ چـۆن دەرێنـم بـەدمـەذەب؟
مـن لـەگـەڵ ئـەفسوونـگـەریـی چـاوت دەبێ چۆن دەربـەرم؟
بـا لـە مـەغـریب دەرسی سەحـحـاریش بخـوێنم بـەدمـەذەب؟
وەك سەگـی خـۆت بـانگ دەکـەی نـاوی مـنـیش جـارێ بـەرە
دا مـنـیش رووم بـێ لـە روودا چـاو (هـیـم!)[٢] بەدمـەذەب
(صابـیـر) ئـاسا عـاجـزن خـەڵـقـی لـە نـاڵـەم رۆژ و شەو
کـاریـگـەر نـابـێ لـە تـۆ ئـاهـی حـەزیـنـم بـەدمـەذەب

### ٢

داد لـە دەست دەوران بـکـەم یـاخـۆ لـەبـەر ئـیـقـبـاڵـی بـەد؟
یـا لـە تـاو عـەشقـی جـەوانـان یـا لـە ئـازاری حـەسەد؟
ئـەو ئـەگـەر داوێنـی گرتـووم ئـەم یـەخـەی هـێنـاومـە دەست؟
ئـەو ئـەگـەر خستـوومـی ئـەم گرتـوومـی بـەربـادی لـەگـەد
ئـەم ئـەگـەر خـوێنـم دەخـوا ئـەو ئـیستـیـخوانـی رێزە کـرد
ئـەم ئـەگـەر رۆحـم دەکـێشێ ئـەو دەسووشێ[٣] جەسەد
دەورەیـان داوم لـە چـوار لا زەحـمـەتـە رۆح بـەرمـە دەر
دەستـگـیـریـم گـەر نـەکـاتـن (قـل هـو الـلـە أحـد)

(١) ئەمە خۆی وا نووسراوە بەڵام دەبێ (تینووی) یان (تینوو بە خوێنمی) بێت.
(٢) رەنگە ئەمە (هەڵێنم) بێت.
(٣) لێرەدا دەبێ (دەسووشێنێ) بێ یان (بەم دەسووشێ) بێ.

عــەرصەگــام پــێ تــەنگــە خــەیـلـێ تــەڵـخــە ئــەوقــاتــم خــودا
ڕێی خــەلاصیـم پــێ نـیشان دەی بــەشقــی (اللــە الـصمـد)
لــەشکری غــەم هــەر طــەرەف قــەلـعــەی نـیشاطـی گـرتـە نـاو
(لــم یــلــد) فـــەریـــاد ڕەسیــی یــارا (ولــم یــولــد) مـــەدەد
(صابـــیـــری) بـــەدحـــاڵـــە ئـــاخـــر دیـــارە وا رسوا دەبـــێ
چـــارەیـــێ یـــا (لــم یــکــن لــە ) بـــاجـــەتـــی (کــفــوًا أحــد)

## غەریب

### ١

شەرارەی شەربـەتـی مـەرگـە نـەظـارەی چـاوی مـەخـمووری
ئــەمــارەی (ضربت!) مــەرگــە صەفـی مـوژگـانـی تـابـووری
کــە زوڵــفــی وەك حــەبـلــی بــاڵا بــە لای دەوری قــەدی وەستــا
وتــم: نــەفــی وجــوودی زومــرەی عــوشتــاقــە مــەنــظــووری
بە جیلوەی جیسمی روخساری بە لەهجەی نازە ڕەفتاری
شکـانـدی طـوبـەیـی ظـاهـیر، دڕانـدی سەطری مـەسطووری
کــەلـیـمـی ئـێـمـە سووتــاوە تــەجــەلــلای طــووری دیداری
تـــەعــالــەڵــلا لـــە نـــووری فـــایـــەق خـــورشیـدی بـلـــووری
دەسا ئەی ناخودا بەس داخە تو خودا لەنگەری میحنەت
لــە بــەحـری عـیشقـدا سوڵـطـانـی صەبـر غـەرقـە واپـۆڕی
لــە دنـیــا کــافــریش حــاڵـی بــەحــاڵـی مــن نــەبــێ یــارەب
(غــەریب)ی بــێدڵ بــێ دڵـبــەر مـیـحـنـەتـمـانـدەی دووری

### ٢(١)

لــە هــەوری نــاری چــاوم هــێندە دەبــاری ئــەشکی غــەمبــاری
سەرای جیسمی خـەرابـەی سەیـلـی خـوێنـە بـانـی دیـواری

---

(١) ئەم پارچە شیعرە لە دوای پارچە شیعرەکەی پێشووەوە نووسراوە، لەوەی پێشوودا نازناوی (غەریب) هەیە، لەمەیاندا هیچ نییە، بەڵام لە سەرەتایەوە نووسراوە (ولە) واتە ئەمەیش شیعری ئەو شاعیرەیە کە پێشتر شیعرەکەی نووسرا.

دەچێ بۆ عالەمی باڵا پەیاپەی دووکەڵی ئاهم

لە باڵای بەرزی ئاڵاوە طەرزی زوڵفی شاماری

قەتیلی خەنجەری عیشقی بتان قەط نامرێ ناوی

بەڵێ مەجنوون هەتا رۆژی قیامەت گەرمە بازاڕی

کە پێچی پەرچەمی دادا و پێچی بەرقەعی لادا

فوغان و زایەڵە و شین بە جارێ خستیە نێو شاری

گوزەر چاکە لە هەودای داوی زوڵفت دانەکەی خاڵی

حەزەر چاکە لە مەودای تێغی ئەبرۆی شۆخی مووکاری

هەتا طاقەت بوو صەبرم گرت و بێتابیم نەکرد ساتێ

کە سووتا خانەکەی صەبرم وتم: یاران (نبا!) چارێ(١)

## خاوەن نەزانراو

**١**(٢)

رەفیقان هەر دڵێ وا پڕ جەفا بێ

دەبێ صەیدی موژەی شێخ مصطەفا بێ

بە نووری جەبهەتی (او خون!) نەوابێ

وەکوو بەی رەنگ رەنگە...

لەبەر غەمزەکە رەنگی وەك حەنا بێ

لە تاوی طەلعەتی رۆحی کیشا بێ

بە زاری وا دەڵێ: ئای بۆ روبابێ

بیا ساقیی بدە جامی شەرابێ

---

(١) لە کۆتاییی ئەم پارچەوە نووسراوە (تمت شد، کاتبە سعید البیوری).

(٢) ئەم پارچە شیعرە لە کۆتاییەوە ناتەواوە و، لە سەرەتایشیەوە ناوی کەس نەنووسراوە، واتە نازانین شیعری کێیە.

ئەوەی لەم پارچە شیعرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە جووت قافیەیە و هەموو پارچە شیعرەکەیش بەو شێوە تا کۆتایی دەڕوات، واتە وەك دەبینی قافیەی هەردوو تاکی بەیتەکان بە (... ابێ) تەواو دەبێت. ئەم شێوە لە شیعری شاعیرانی کورددا زۆر نییە.

لەولایشەوە شیعرەکان وەك (تەرجیعبەند) دەچن و، ناوی شێخ مستەفا لە کۆتاییی هەر کۆپلەیەکدا دەگوترێتەوە، بەڵام هەمدیسان نازانین ئەم (شێخ مستەفا) کێیە.

بــه شمشێر هــەر دڵــێ دووڵــەت کــرابــێ

دەبێ سەودای (بردی!) شێخ مصطەفا بێ

***

ڕەواجــی دڵ وەهـــایـــە بـــا وەهـــا بـــێ

بـــڕابـــێ یـــا دڕابـــێ تـــا ڕەوابـــێ

بــە مـیـثـلـی خـۆی نـەبـووە وا شەبـابـێ

بــە نـــووری ئـــەو وەکـــوو ئـــەو داڕژابـــێ

لۆ نییە[١] ئـەو بـکـا نـاز و عـیـتـابـێ

دڵــی عــالــەم بــە جــارێکــان لــە لابـێ

بـــە تـــیـــر هـــەرکـــەسێ پشتـــی شکـابـێ

دەبـێ ئـەو نـیـمـنـیـگـای شێخ مصطـەفـا بـێ

***

بـــە بـــادەی نـــەرگسی چـــاوی نـــوا بـــێ

خـــەلاصی نـــیـــیـــە بـــا هـــەر شکـــا بـــێ

لــە چـیـنـی پـەرچـەمی دڵ چـیـن نـرابـێ

لــە جـێگـەی تـیـرەکـەی ئـەو خـوێن ڕژابـێ

***

## لمحررە

١

تـیـری مـوژەت لـە گـۆشەی جـەرگـم دەچـێتـە دەر

بـیـمـارە چـاوەکـان بـە حـاڵـم نـیـیـە خـەبـەر

سینـەم مـەکـی بـە خـوفـیـە بـە عـونـنـابـی لێو وتـی:

بـۆ دەردی دڵ دەوا نـیـیـە بـە غـەیـری گـوڵ شەکـەر

ئـابـی حـەیـاتـی بـردووە لـێوی نـەبـاتـی تـۆ

تـابـی خـەیـاڵی وەصڵی گوڵی رووی نییە شەکەر

(١) (لونیە) ئەم شێوە و شێوەی چەند وشەی تری لە شێوەیەك زیاتر خوێندنەوە هەڵدەگرێ و، چەند جێگەیشیمان بۆ ساغ نەکرایەوە و بەگومانەوە نووسیمان.

پێ موت بە ئاوی دیدە: ئەوەندە بۆچ لێڵی تۆ؟
فەرمووی: بەڵێ لە گۆشەی جەرگت دەیێمە دەر!
دوودی دڵە لە کوورەی سینە سەحەر دێ؟
یاخۆ تەمە لە کێو و کەلاوان ئەگاتە سەر
کێشام هەناسەکەم بە زوڵف بە خەندێکەوە گوتی:
کێ نافی موشکی چینی بە با داوە سەربەسەر؟
(بێخود) خەیاڵی طورە و موشکینی نەدەی بە با
تا خوێنبەهای ئاهووی چینت نەیێتە سەر!

## ولە

## ٢

گریا بەچاوی لێڵی وەسان ئەبری بەهمەنی
ئەنگوت بە خوفیە بادی صەبا غونچە پێکەنی
زاری هوزاری زارە هەمیسان لە دەوری گوڵ
وا چڵ خاری گرتووە وەك خاری دامەنی
سوجدەی تەشەککور لەسەر ئەم برد [سبرة!] برد
بۆیە کەچە وەنەوشە هەموو وەقتێ گەردەنی
تا لای نەدا نەسیمی صەبا پەردە غار
چیهرەی عەرووسی لالە بە سوور نەبوو غەنی
قومریی بە وەجهی نەو دەکا، فاخیتە نیدا
سەرو بە عیشوە قەد دوو تا [کرد غنی!]
دەرچوو لە کونجی صەومیعە صۆفیی بە مەیکەدە
وەصڵی کە بوو بە دوختەر [ز ترك کرد تلی!]
شەبنم حەبباتی جەمعی نەباتە لە صور هور
بۆ حەشری ئەهلی باغە دەبارێ وەکو مەنی
هەر مورغێ نەعتی ذاتت بە ئیسمێ ئەدا دەکا
(قومری) بە (یاکریم) و (کەرا). (یاهو الغني)
مەئیووسی بارەگاهی رەحمەتە (بێخود) کەسی نەبێ
مەسمووعی قەولی (احمد مختار) [مدعنی!]

# مەستی

## ١

لەناو خاص و عەوامم ئابڕ و چوو
دەسا چارێ بەبێ تەکلیف و ئەرجوو
عیلاجێ کە، دەخیلت بم هەزار جار
لە مەرگی خۆم وەڕەز بووم، طاقەتم چوو
ئەگەر صەبرە و، ئەگەر عەقڵ و، وەگەر هۆش
دەکەم هەرسێ فیدای چاوەکەی توو
لە تابی رووی [سورخت!] وا دەسووتێ
دەروونم لێی دەیێتن عەینی بۆ سوو
شەو و رۆژی لە هیجرانت دەزانی
دەیە ناڵەم وەکوو قومریی لە هەر سوو
دڵی زام بە زاریی با بناڵێ
لە یار و یاوەرانم دەربەدەر بوو
جونوونی زوڵفی تۆم و سا ئێستا
بکە بەندم بە حەلقەی چینی گێسوو
نەماوە چار و تەدبیرم بە غەیری:
هەمیشە دابنیشم دەستەوئەژنوو
هەموو دۆست و رەفیقانم بزانن
منم (مەستی) خەیاڵی چەشمی جادوو

## مەجدی

لەناو ئەو پەڕە- پەڕە و پاشماوەی دەستخەت و کەشکۆڵ و بەیاضە کۆنانەدا کە لەملا و لا کۆم کردوونەتەوە یەك پەڕە کاغەزی پەرپووت و پتورکاو هەیە، سێ پارچە شیعری تێدایە نازناوی (مەجدی)یان لە کۆتاییەوە هەیە.

بە فیهرەست و کەشکۆڵ و شوێنەوارەکانی لای خۆمدا گەڕام، ناو و باسی (مەجدی)م نەبینی. دواتر سەرنجی کتێبی (گلزار شاعران کردستان)م[1] دا دوو شاعیرم بەنازناوی (مەجدی) دی.

یەکەمیان: حاجی میرزا عەبدولمەجیدی ناسراو بە (ملك الكلام) و شاعیر بەنازناوی (مەجدی)ی کوڕی کەریمی کوڕی رەجەبی کوڕی شێخا بەگ... ساڵی ١٢٦٨ك ساڵی ١٣٤٤ك ساڵانی لەدایکبوون و کۆچی دوایی ئەم شاعیرەن. شیعری فارسیی لەو کتێبەدا هەیە.

دووەمیان: محەمەد مەجدیی مەهابادی. ساڵی ١٣٠٢ك هەتاوی لە شاری مەهاباد لەدایك بووە و، شیعری فارسیی لەو کتێبەدا هەیە.

ئەم دوو شاعیرە کوردن بەڵام شیعری کوردییان لە دەستی ئێمەدا نییە تا لە تەك شێوازی ئەم شیعرانەی ئێرەدا بەراوردیان بکەین و بزانین لە شێواز و زاراوە و زماندا لەیەك دەچن یان نا؟

ئەو پەڕە کاغەزە سێ پارچە شیعری تێدایە و بەوە دیوانەکە کۆتاییی دێت، ژمارەی لاپەڕە (٣٢)ی بەسەرەوەیە، کە دەبێ ئەو دەستخەتە تا ئەو جێگەیە (٣٢) لاپەڕە بووبێت، ئیتر هیچی تر لەبارەیەوە نازانین و، نازانین دیوانەکەی چ مەبەستگەلێکی شیعریی تێدا بووە.

### مەجدی

(بحر الياء)

بـە خـەلـلاقـێ کـە دایـم ساڵ و مـانگ و ڕۆژ و شەو دێنـێ
دڵـی مـن هـەر خـەیـاڵـی مـاچـی لـێوی ئـاڵـی ئـەو دێنـێ
لـە صبحـەینـێ کـە ئـەو بـەو قـەددە رەعنـایـە بـەسەرمـا بـێ
ڕژانـی خـوێن و فـرمـێسکـی دوو چـاوم نـیـوەشەو دێنـێ
چـرای بـەرقـی جـەمـاڵت مـەجلیسی ئێمـەی مونـەووەر کرد
چرا و شەمعانی مەجلیسی تازە چۆن لەم (قصە ضوا) دێنێ؟
بـەرەوڕووی مـانـگـی تـازە گـەر بـوێستـێ ئـەبـرۆیـانت
بـە سوجدە حـەلـقـەکێشان صەد وەکو چون ماهـ دەنوێنێ

---

(١) بڕوانە: گلزار شاعران کردستان، تألیف: سید عبدالحمید حیرت سجادی، چاپخانەی رامین تهران ١٣٦٤، ل: ٢٢٠-٢٢٦.

چلۆن مەنعم دروستە چونکە پابەستەی کەمەندی تۆم
خەمی دوو زوڵفەکەت ئەسپی زەمانەی (لاجکو!) دێنێ
کەسێکی گەر بڵێ صەبرم لە هیجرانت دەبێ مومکین
بە قەلبی خۆی خەیاڵێکی مەحاڵ و (لاجلو!) دێنێ
ئومێدی شادیی قەلبم بە وەصڵی چاوی جادووتە
کەچی غەمها و مەحزوونی جودایی بۆم بەدەو دێنێ
بە طەبعێکی سەقیم و هەم عەقیم (مەجدی) دەکا وەصفت
وەکوو چی وایە بۆ نێو خەرمەنی جۆ دانە جۆ بێنێ!

**٢**

نەماوە طاقەت و صەبرم سەعاتێ
ئەجەل وەك شیری بوڕڕانم دەگاتێ
لە جیاتیی شەککەری لەعلی لەبانت
زەمانە زەهری جانسۆزم دەداتێ
غولامێکی فەقیر و خانەزادەم
بڵێ تیری موژەت دەستم نەکاتێ
لە ڕێی تەعویذی وەصڵی روومەتی رۆح
ئەدەم گەر پێم بڵێن هاتی، بە هاتێ
منم نۆ ماڵی عیشقت نەونیهالا
کەرەم فەرموو خەڵاتێ یا بەراتێ
لە مەزرای بەدەنما تۆوی فرمێسك
دەچێنم بۆ ئومێدی حاصلاتێ
درەختی باغەکەت پڕ نار و سێوە
بە ئیستیحقاق ئەکەم داوای زەکاتێ
شەوی میعادی وەصڵە جانی (مەجدی)
لە ناری فیرقەتت ئاخر نەجاتێ

**٣**

کـەمـەنـدی عـیشقـی تـۆ ساتـێ لـە دڵـمـا گـەر نـەبـێ، نـابـێ
خـەدەنـگـی چـاوی مـەخـمـوورت کـە کـاریـگـەر نـەبـێ، نـابـێ
قـەسەم بـەو موصحـەفـەی کولْـمەت کە من مـەعلوولی عیشقـی تۆم
بـە بـێ یـەك ئـایـەتـی وەصڵت دەروون خـەستـەگـیی چـابـێ[١]
ئـەوانـەی قـاصیـدی مـەیـدانـی عـیشقـی تـۆن بـڵـێ بـمـرن
لـە سێ بـازا کـەسێکـی کـورتـی هـێنـا هـەر دەبـێ دابـێ
لـە چـاوم دێتـە خـوارێ خـوێنـی گـەش، دوور بـێ لـە روخسارت
عـیـلاجـی نـاکـرێ بـێ تـۆ هـەتـا قـەطـرەیـێ تـیـا مـابـێ
هـەمـوو عـالـەم خـەریـکـی (فك!) و مـەقـصوودانـی دنـیـایـین
خـەجـاڵـەت بـم کـەچـی دیـکـەم بـە غـەیـرەز تـۆ لـە دڵـدابـێ
جـەمـالـی خـۆت بـە پـووشین و حـەریـر و سرکـەیـی پـۆشی
کـە یـانـی مـن نـەظـەر نـاکـەم، خـوداگـیـر بـم ئـەگـەر وابـێ!
لـە لـێوی نـاسکـی ئـاڵت ئـەگـەر مـاچـێ کـەرەم فـەرمـووی
یـەقـیـن تـوێشووی قـیـامـەتمە و ئـەوەنـدە عـومـریشم مـابـێ
بریندارانی[٢] عـیشقـی تـۆم ئـەگـەر ساغـیـم تـەمـەنـنـایـە
لـە مـەجـنـوونـانـی دەرگـاتـم هـەتـا عـەقـڵـم لـە سەردا بـێ
ئـەسەف عـومـری بـە ضایـع دایـی و وەصڵێکت نـەبوو (مـەجدی)
حـەیـاتت رۆیـیـوە و (دیـوان)ەکـەت وا چـاکـە کـۆتـا بـێ

(١) ئەمە لە دەستخەتەکەدا هەر وایە، بەڵام دەبێ (چانابێ) بێت.
(٢) ئەمەیش لە دەستخەتەکەدا هەر وایە، بەڵام بۆ ئەوەی ماناکەی بگونجێ دەبێ یا (بریندارێ) بێ، یا (لە بریندارانی).

**ناوی ئەو شاعیرانەی لەم بەرگەدا بەرهەمیان هەیە:**

١- ئەحمەد بەگی کۆماسی

٢- خانای قوبادی

٣- زەلیلی

٤- شەهید

٥- مەلا ئەحمەدی قسرت

٦- جنوونی

٧- حەماغای دەربەند فەقەرە

٨- میرزا شەفیع

٩- عەبدوڵڵا حەسەن

١٠- شەمسەدین

١١- شێخ عەبدورەحمانی جانەوەرە

١٢- تالیب

١٣- سەید فەتاحی جەباری

١٤- مەفتوون

١٥-مەلا گەرمیانی

١٦- مەلا نەوشاد

١٧- یاسین تەپە

١٨- یوسف بەگ

١٩- فەنایی

٢٠- مەلا مەحموود

٢١- مەحاك

٢٢- وەلی دێوانە

٢٣- مام بەکر خومانەیی

٢٤- سەید صادق

٢٥- قادر

٢٦- مەجدی

٢٧- مەڵکە جوانڕۆیی

٢٨- مەلا پیرە

٢٩- گۆرانی

٣٠- فەهمی

٣١- غولام رەزا

٣٢- میرزا ئەڵماس خان

٣٣- قوباد قەدیم

٣٤- مەلا وەڵەدخان

## پێڕست


١- پێشکەش ..... ٥
٢- دەفتەر نفووسی رەشید هەمەوەند ..... ٦
٣- وێنە لە دەستخەتەکان ..... ٧
٤- سەرەتایەك ..... ٢٧
٥- رەشید هەمەوەند کێیە؟ ..... ٢٨
٦- بەسەرهاتی ژیانی ..... ٢٩
٧- شوێنەوارەکانی مام رەشید هەمەوەند ..... ٣٠
٨- دیوانی رەنجووری ..... ٣٣
٩- کۆتایی ژیانی مام رەشید لەخواترسیی ..... ٣٣
١٠- وەسیەتی مام رەشید ..... ٣٤
١١- دەبێ مام رەشید دانراوەی بووبێت؟ ..... ٣٥
١٢- سەرچاوەکانی ئەم پێشەکییە ..... ٣٦
١٣- لە دامێنی ئەم بەرگەدا ..... ٣٧
١٤- فیهرەستی بەرهەمەکانی مام رەشید ..... ٤٢
١٥- کەشکۆڵی ژمارە دووی رەشید هەمەوەند ..... ٤٩
١٦- کەشکۆڵی ژمارە ٣ ..... ٦١
١٧- کەشکۆڵی ژمارە ٤ ..... ٧٢
١٨- کەشکۆڵی ژمارە ٥ ..... ٧٥
١٩- کەشکۆڵی ژمارە ٦ ..... ٨٣
٢٠- کەشکۆڵی ژمارە ٧ ..... ٨٥
٢١- کەشکۆڵی ژمارە ٨ ..... ٨٥
٢٢- دەستخەتەکانی شانامە، داستانی یەکەم ..... ٨٦
٢٢- داستانی دووەم ..... ٨٧
٢٣- نادرشا، یان نادر نامە ..... ٨٩
٢٤- دەستخەتێکی تر ..... ٩٠
٢٥- داستانی رۆستەمی زاڵ ..... ٩١
٢٦- بەهرام وگوڵەندام ..... ٩٢
٢٧- دەقی سێیەم ..... ٩٣
٢٨- هەفت لەشکر ..... ٩٤
٢٩- دەقی شەشەم ..... ٩٥
٣٠- مەنیجە و بێژەن ..... ٩٦
٣١- جنگنامە، فرامرزو بزر و ..... ٩٧
٣٢- دەقی نۆیەم ..... ٩٨

٣٣- دەقی دەیەم ..... ٩٩
٣٤- دەقی یازدەهەم ..... ١٠١
٣٥-کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی بەرگی حەوتەم ..... ١٠٣
٣٦- ئەحمەد بەگی کۆماسی ..... ١٠٥
٣٧- مەلا ئەحمەدی قسرت ..... ١١٥
٣٨- وەڵامی مەلا محەمەد ئەمین ..... ١١٦
٣٩- میرزا ئەڵماس خان ..... ١٣١
٤٠- مام بەکر خومانە ..... ١٣٥
٤١- جونوونی ..... ١٣٨
٤٢- خانای قودبادی ..... ١٤٨
٤٣- زەلیلی ..... ١٥٣
٤٤- غولام رەضا ..... ١٥٧
٤٥- سولەیمان گەرمیانی ..... ١٥٨
٤٦- مەلا گەرمیانی قوولەیی ..... ١٦١
٤٧- لەیلێ و مەجنوون - میرزا شەفیع ..... ١٦٣
٤٨- میرزا شەفیع و نەوسوەیل ..... ١٩٣
٤٩- بەهارییاتی میرزا شەفیع ..... ١٩٩
٥٠- جوابی هەڵاڵە ..... ٢٠٥
٥١- میرزا شەفیع ..... ٢٠٧
٥٢- سەید صادق ..... ٢١٧
٥٣- شەهید١ ..... ٢١٨
٥٤- شێخ شەمسەدین کێیە ..... ٢٢١
٥٥- طالیب یا طالیبی ..... ٢٣٥
٥٦- طالب بیکی از دوستان نویشته ..... ٢٣٧
٥٧- حەماغای دەربەند فەقەرە ..... ٢٤٢
٥٨- پاشکۆی طالیعی ..... ٢٤٦
٥٩- شێخ عەبدوڕەحمانی جانەوەرەیی ..... ٢٤٧
٦٠-عەبدوڵڵا حەسەن ..... ٢٥٤
٦١- گوفتەی دیگر سید فەتاح ..... ٢٦٧
٦٢- گفتەء دیگر ڕای قلخانی گفته ..... ٢٦٨
٦٣- کەلامی مەلا فەتاحی جەباری ..... ٢٧٢
٦٤- فەقێ قادری هەمەوەند ..... ٢٧٦
٦٥- سەما و زەمین ..... ٢٧٧
٦٦- کلام فقی قادر هموند تخلص درویش ..... ٢٧٨
٦٧-گفتوگۆی سەما و زەمین ..... ٢٨٦

٦٨ – فەنایی ٣٠٠
٦٩– فەهمی ٣٠١
٧٠– قادر ٣٠٣
٧١– قوبادی قەدیم ٣٠٤
٧٢– گۆرانی ٣٠٥
٧٣– کەلامی مەلا مەحموود ٣٠٦
٧٤– مەفتوون ٣٠٧
٧٥– مەڵکەی جوانڕۆیی ٣٢٩
٧٦– کەلامی مەلا پیرە ٣٣٠
٧٧– جەواب ٣٣٢
٧٨– مەلا نەوشاد ٣٣٧
٧٩– وەجدی ٣٤٢
٨٠– مەلا وەڵەدخان (غەمناکی) ٣٤٤
٨١– ڕاوە پڵنگی یوسف بەگ ٣٤٩
٨٢– شێخ یوسفی داڵان ٣٥٣
٨٣– یاسین تەپە – قەڵای مایس ٣٥٧
٨٤– میرزا مەحاك ٣٦٣
٨٥– کەشکۆڵی بێورەیی ٣٦٨
٨٦– بیمار ٣٧١
٨٧– ناوەرۆکی کەشکۆڵەکە ٣٧٤
٨٨– صەبری ٣٧٧
٨٩– صابیر ٣٧٨
٩٠– غەریب ٣٧٩
٩١– خاوەن نەزانراو ٣٨٠
٩٢– لمحررە ٣٨١
٩٣– مەستی ٣٨٣
٩٤– مەجدی ٣٨٤
٩٥– ناوی ئەو شاعیرانەی لەم بەرگەدا بەرهەمیان هەیە ٣٨٧